ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

# پرۆژەی

# ستراتیژییەتی نیشتیمانیی بۆ پەرەپێدانی ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا

## (بۆ ماوەی حەوت ساڵ)

## ٢٠١٣ — ٢٠١٩

(سێیەم ڕەشنووسی تیمی ئامادەکار)

# ناوەرۆك


**پێشەکی**

**یەکەم – چوارچێوی گشتی و میتۆد**

١. ڕەوشی گشتی

١.١. پێدراوە کۆمەڵگەیی – دیمۆگرافییەکان

١.٢. چوارچێوە و ڕەوشی سیاسی

١.٣. ڕەوشی ئابووری

١.٤. سیستمی کۆمەڵایەتی

٢. ڕێڕەو و میتۆد

٢.١. خاڵی دەستپێکردن و باکگراوندی بنچینەیی (مەرجەعی) نیشتیمانی و نێودەوڵەتی بۆ ستراتیژییەتەکە

٢.٢. پرۆسەی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ستراتیژییەتەکە

٢.٣. هەلە ڕەخساوەکان بۆ سەرخستنی ستراتیژییەتەکە

٢.٤. ئەو کۆسپانەی ڕووبەڕووبووی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە دەبێتەوە

**دووەم – ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان – بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان**

١. دەروازەی گشتی

١.١. ناوەرۆك

١.٢. چاوپێخشانێکی مێژوویی

١.٣. کۆششەکان لەسەر ئاستی هەرێم

٢. چوارچێوەی یاسایی و یاسادانان

٢.١. دەستوور

٢.٢. یاسای باری کەسیی

٢.٣. یاسای سزادان

٢.٤. یاسای نەهێشتنی توندوتیژیی خێزانیی

٢. ٥. یاسای کار

٢. ٦. مۆڵەتی دایکایەتیی و منداڵبوون

٢. ٧. هەندێ یاسای دیکەی پەیوەندیدار

٢. ٨. پوختە

٣. ئاماژەکانی گەشەسەندن و کەلێنەکان لە سوودبینین لە مافە مرۆییەکان

٣. ١. فێرکردن (خوێندن)

٣. ٢. تەندروستی و تەندروستی بەرهێنان (وەچە خستنەوە)

٣. ٣. بەشداریکردنی ئافرەتان و بەتواناکردنیان لە بواری ئابووریدا

٣. ٤. بەشداریکردن لە بواری سیاسی و بڕیاردان

**سێیەم – چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان : بنچینەیی، دیدگا و بنیاتی**

**ستراتیژییەتەکە**

١. چوارچێوە بنچینەیی

١. ١. چوارچێوەی بنچینەیی یاسایی و گەشەسەندنی نیشتیمانی

١. ٢. چوارچێوەی بنچینەیی یاسایی و گەشەسەندنی نێودەوڵەتی

٢. دیدگا

٢. ١. باکگراوندی گشتی

٢. ٢. میتۆدی ستراتیژییەتەکە

٣. بنیاتی ستراتیژیی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە کوردستانی عێراقدا

٣. ١. ڕێڕەو

٣. ٢. بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان – یەکەمییەکان

٣. ٣. کەلێن و بەربەرەکانییەکان

٤. ڕیزکراوەی ئەنجامەکان

٥. دەستتێوەردانە ستراتیژییەکان

٥. ١. لەسەر ئاستی یاسادانان و سیاسەتەکان

٥. ٢. لەسەر ئاستی سەرچاوەکان

٥. ٣. بنیاتنانی توانا دامەزراوەیی و هونەرییەکان (تەکنیکیەکان)

٥. ٤. بنیاتنانی هاوپەیمانی و تۆڕگەلێك لە پێناو پشتیوانیی و هاوکاریکردندا

## چوارەم – میکانیزمە دامەزراوەییەکانی جێبەجێکردن، بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن


١. میکانیزمە دامەزراوەییەکان لە پێناو جێبەجێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندا

١. ١. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

١. ٢. ڕۆڵی کەرتە حکومییەکان

١. ٣. ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان لەسەر ئاستی هەرێمیی و ناوچەیی

١. ٤. ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی

١. ٥. ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن

٢. میکانیزمەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

٢. ١. دابینکردنی زانیارییەکانی هێڵی بنەڕەت

٢. ٢. ژێرخانی (بنیاتی) دامەزراوەیی

٢. ٣. دانانی سیستمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

٢. ٤. ئاماژەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە

٣. میکانیزمەکانی هاوکاریی و هەماهەنگیی و جێبەجێکردن

٣. ١. چوارچێوە و مەرجەکانی پێکهێنانی میکانیزم

٣. ٢. دەستەی باڵای نیشتیمانیی بۆ بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی و وەدیهێنانی یەکسانیی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە.

٣. ٣. لیژنەی جێبەجێکردن بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان و وەدیهێنانی یەکسانیی

٣. ٤. ڕێگاکانی جێبەجێکردن

**کۆتایی**

**هاوپێچەکان**

**هاوپێچی یەکەم**: لە شیکردنەوە و دەسنیشانکردنی زنجیرەی ئەنجامەکانەوە بۆ ڕیزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ ڕیزکراوەی ئەنجامەکان

**هاوپێچی دووەم:** لە ڕیزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی هاوبەشەکان، دەستە(فئە) ئامانجکراوەکان

**هاوپێچی سێیەم:** لە ڕیزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی بەدواچوون و هەڵسەنگاندن

# پێشەکی

ئەو گۆڕانکارییانەی کە جیهان و ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە تایبەتیش عێراق و هەریمی کوردستان، بەخۆیەوە بینی، کاریگەرییەکی زۆر و هەمەجۆری لەسەر کۆمەڵگای کوردستانی بەجێهێشتوە و چەندین بەربەرەکانی تازەی بەسەر وڵات و گشت کۆمەڵگادا وەك گشتێك سەپاندووە، لەوانەش بەتایبەتی پرسی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی گەشەپێداندا، وەك هاوڵاتییەکی تەواوی خاوەن ئەرك و ماف و بەشێوەکی یەکسان و بەبێ هیچ شێوەیەك لە شێوەکانی جیاکاریی.

لەم سۆنگەیەوە، کۆنگرەی جیهان بۆ مافەکانی مرۆڤـ و کۆنگرەکانی دیکەی نەوەدەکان (١) و دوای ئەوەش بەیانی هەزارە و ئامانجەکانی، بڕیاری ئەوەیان داوە کە مافە مرۆییەکانی ئافرەتان بەشێکی دانەبڕاوی گشت مافەکانی مرۆڤە هەروەك مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی دەچێتە ژێر هەمان پرێنسیپەوە، لەو پرێنسیپانەش بەهیچ شێوەیەك قابیلی دەستکاریکردن نین.

بەشداریکردنی تەواو و یەکسانی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری، شانبەشانی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاریی لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی، ئامانجگەلێك پێکدەهێنن و ئەولەویەتیان هەیە سەبارەت بەکۆمەڵگای نێودەوڵەتی و هەموو ئەو وڵاتانەی کە پابەندن بەو کۆنگرانەوە، لە ڕێگەی خۆ بەخاوەن زانینی  پلانی کاری  ئەو کۆنگرە نێودەوڵەتییانەی کە باسی لێوەکراو یان واژووکردنی ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییە تایبەتمەندانەی مافەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی، پیاو بێت یان ئافرەت، یان ئەوانەی تایبەتمەندن بەمافی ئافرەتان (ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان) یان کچی منالّ  و هەرزەکار (ڕێکەوتننامەی مافەکانی منالّ).

پاڵپشتیکردنی پێگەی  ئافرەتان و بەدەستهێنانی یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو دوو بابەتی پەیوەستن بە مەسەلەی مافەکانی مرڤـ و مەرجێکیشە بۆ دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێویستیشە کە بە شێوەیەکی جیا لە یەکتر لێیان نەڕوانرێت کە پرسگەلێکن تایبەت بە ئافرەت، ئەوەیە تاکە ڕێگایە بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەك کە قابیلی بەردەوامیی بێت و دادپەروەر و پێشکەوتوو بێت، هەروەها دوو مەرجی سەرەکین بۆ بەدەستهێنانی ئاسایشی سیاسی وئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی لە وڵاتدا.

زۆربەی دەستپێشخەریی و ڕاپۆرت و ستراتیژیەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەخت لەسەر پێویستی بەشداربوونی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگای کوردستانی دەکەنەوە لە بەدیهێنانی گەشەپێداندا، وەك گەرەنتیەك بۆ بەدیهێنانی گەشەکردنێکی بەردەوام بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە و بەتایبەتی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، لەبەر ئەوەی گەشەی ئابووری بەتەنیا بەس نیە بۆ باشکردنی ژیان و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان، پشتگوێخستنی ڕەهەندی مرۆڤایەتی پشکداریی لە دروستبوونی بارودۆخێکدا دەکات کە ڕەنگە ئاستی جیاوازییەکان و پەراوێزخستی کۆمەڵایەتی تیادا زیادبکات وەك بڵاوبوونەوەی شێوازەکانی جیاکاری، توندوتیژی قۆزتنەوە و کوشتن بە شێوەیەکی گشتی و لەوانەشە ئافرەت بە هۆی پێگەی لاوازی خۆی و بارودۆخە کۆمەڵایەتییە دەرەکیەکانی تری سەر کۆمەڵگای کوردستان زیاتر ئەو دۆخە ببێتەوە.

---

١) بۆ نموونە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ دانیشتوان و گەشەسەندن، قاهیرە ١٩٩٤، کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ ئافرەتان، بیجینگ، ١٩٩٥.

لە ژێر سایەی ئاراستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بنیادنانی سیستمێکی سیاسی دیموکراسی مەدەنی بەشداریکردنی ئافرەتان وەك هاولآتیەکی (کاملٚ) تەواو لە پێویستییە خوازراوەکانە. لێرەوە بایەخی دامەزراندنی (تبنی ) ستراتیژییەتێکی نیشتمانی گشتگیر دەردەکەوێت، کە تیایدا بتوانرێت مافەکانی هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا زامنبکات، ئەمەش بە پەیڕەوکردنی میتۆدێکی گشتگیر و پەیوەست بە هەموو لایەنەکانی گەشەپێدان کە بریتیە لە: یەکسانی نێوان ژن وپیاو و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ، لەگەلٚ بە ئاگابوون لە بەدیهێنانی دادپەروەری کۆمەلآیەتی و گەشەپێدان.

باسکردنی سیما نەرێنییەکان لە کۆمەڵگا و کارکردن بۆ چارەسەرکردنیان، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەستن بە چەوساندنەوە و داپلۆسینی ئافرەتان و پراوەکردنی جیاکاری و توندوتیژی لەدژیاندا لەبازنەی کۆمەڵگا و خێزان و شوێنی کار... هتد، لە یەکەمینەکانی ئەجەندای حکومەتی هەریمی کوردستاندایە، بۆ ئەم مەبەستەش دەستپێشخەرییە هاوبەشییەکەی نێوان چەندین لایەن پشتیوانیی لە ئامادەکردنی ستراتیژییەتێکی نیشتیمانی کرد بە ئامانجی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) پێگە و ڕۆڵی ئافرەتی کوردستانی لە میانەی بەگەڕخستنی هەموو هەولٚەکان بۆ لابردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتانی کوردستانی بە مەبەستی زامنکردنی هەموو مافە مرۆڤایەتیەکانیان وجێبەجێکردنی هەموو رێوشوێنێك بۆ بەتواناکردنی بۆ ئەو کارە و بەدیهێنانی یەکسانی تەواو لە نێوان ئافرەت و پیاو لە کۆمەڵگای کوردستانیدا.

# ١. چوارچێوەی گشتی و میتۆد

## یەکەم – چوارچێوەی گشتی و میتۆد

### ١. ڕەوشی گشتی:

### ١.١. پێدراوە کۆمەڵگایی – دیموگرافیەکان

هەریمی کوردستان، کیانێکی فیدراڵییە لە عێراقدا. پایتەختەکەی شاری هەولێرە و سنوورەکەشی لە خۆرهەڵاتەوە لەگەڵ ئێران، و تورکیا لە باکور و سوریاش لە رۆژئاواوەیەتی. کۆی گشتی ڕووبەڕی هەرێمی کوردستان دەگاتە ٨٠,٠٠٠ کم دوجا *. ژمارەی دانیشتوانەکەشی لە سالٚ ٢٠٠٩ دا گەیشتۆتە (٤,٦٩٨,٧٩٠)* کەس و چاوەڕوانیش دەکرێت کە ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ ساڵی ٢٠١٦ بگاتە نزیکەی (٥,٦٠١,٢٢٧) کەس *. *(ئەم زانیاریانە لە پرۆژەی پلانی گەشەکردنی هەرێمی کوردستان ٢٠١١–٢٠١٦ وەرگیراوە)*

### ١.٢. چوارچێوە و ڕەوشی سیاسی

#### ١.٢.١. سیستمی سیاسی

سیستمی سیاسی لە هەرێمی کەردستاندا پشت بە فرەیی سیاسی و ئاڵوگۆڕکردنی ئاشتییانەی دەسەڵات و پرنسیپی جیاکردنەوەی دەسەلاتەکان، دەبەستێت. دەستووری عێراقی دان بە حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان دەنێت، وەك دەزگایەکی هەرێمی. حکومەتی ئیئتلافی ئیستاش لە چەندین پارتی سیاسی پێکهاتووە کە ڕەنگدانەوەی هەمەجۆریی دانیشتوانی هەرێمە و لەگەڵ بوونی ئۆپۆزسیۆندا.

#### ١.٢.٢. بارودۆخی سیاسی گشتی و کاریگەری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵگادا

هەرێمی کوردستان لە سالانی پێشوودا و دوای راپەڕینەکەی ئاداری ١٩٩١ و هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢ و پێکهێنانی حکومەت، پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بوارە جیاجیاکاندا بەخۆوە بینوە. لە ئەنجامی هەوڵی دەسەڵاتە فەرمییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیشدا، کوردستان چووە قۆناغێی تازەوە سەبارەت بەو بارودۆخەی کە پێشووتر و ئازارەکانی لە سیاسەتە دوژمنکارییەکانی ڕژێمی پێشووی عێراق دژ بە گەلی کوردستانی ئەنجاندابوو لە بەکارهێنانی دڕندانەترین جۆری سەرکوتکردن و ئاوارەکردن و دەرکردنی زۆرەملێ لەگەڵ پەیڕەوکردنی سیاسەتی خاکی سوتێنراو و وێرانکردنی تەواوی ژێرخانی ئابووری و جینۆساید، بەتایبەتیش لە شاری هەڵەبجە ٥٠٠٠ مرۆڤ بە چەکی کیمیاوی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لەناوبران و زیاتر لە ٥٠٠٠ مرۆڤی دیکەش بریندارببون و تووشی شێوانی جەستەیی بوون. سەرباری لە ناوبردنی (١٨٢٠٠٠) مرۆڤ لە چوارچێوەی پرۆسە بەدناوەکانی ئەنفالدا, کە بووە هۆی دەرکەوتنی چەندین کێشەی کۆمەلأیەتی کە ئافرەتان قوربانی یەکەمی بوون، سەرباری کێشە ئابوورییەکان کە بوونە هۆی زیادبوونی ڕێژەی نەخوێندەواری و هەژاری و بێکاری و پراوەکردنی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ئافرەتان.

## ١. ٣. ڕەوشی ئابووری

### ١. ٣. ١. چوارچێوەی گشتی

بێگومان ئامانج لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری بەدەستهێنانی خۆشگوزەرانییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، خودی مرۆڤیش ئامانجی گەشەپێدانە و لەهەمان کاتیشدا ئامرازەکەیەتی. پرۆسەی گەشەپێدان پێویستی بە زیابوونی بەرهەمهێنانی سەرچاوە مرۆییەکانە و کە بە یەکێك لە گرنگترین کۆڵەگەکانی ئەم پرۆسەیە دادەنرێت، ئەمەش لە میانەی زەمینەسازی و ئامادەکردنی سەرچاوەی مرۆیی ئامادەکراو بە توانایەکی بەرز وبەشدارییپێکردنێکی کارای لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا. بەڵام چۆنێتیی بەکارهێنانی ئەم سەرچاوە مرۆییانە لەسەر سروشت و جۆری ئابووری باوی ناو کۆمەڵگادا دەوەستێت.

واقیعی ئێستای ئابووری عێراق و ئابووری هەرێمی کوردستان گوزارشت لە وێنەی ئابوورییەکی بە بەرهەمی یەك لایەنە دەکات کە بەشێوەیەکی بەرچاو پشت بەو داهاتە نەوتییە دەبەستێت کە بۆ دراوپێدانی (تمويل) بودجەیەکی گشتی بەکاردێت کە جەخت لەسەر لایەنی بەکاربردن بە ڕێژەی ٧٠٪ دەکاتەوە، لە کاتێکدا پشکی سەکتەرە نانەوتییەکانی دیکە زۆر کەمە. ئەم ڕاستییەش لە گۆشەنیگایەکی ئابوورییەوە بێکەڵك و نادروستە. بۆیە ئەم بابەتە بنیاتنانەوەی ئابووری دەخوازێت بە گوێرەی پلانێکی ئابووری بە لەبەرچاوگرتنی کەمکردنەوەی ئاستی پشتبەستن بەداهاتی نەوت و وەبەرهێنانەوەی داهاتەکانی بۆ گەشەپێدان و ئاکتیڤکردنی کەرتەکانی دیکە بۆ ئەوەی بتوانێت بەشدارییەکی چالاکانەی گەورەتر بکات لە دابینکردنی دارایی بودجەو بەگەڕخستنی سەرچاوە مرۆییەکان بەئامانجی دروستکردنی هەلی کار و چارەسەکردنی کێشەی بێکاری بەشێوەیەکی گشتی و کێشەی بێکاری دەماکدار بەشێوەیەکی تایبەت. ئەم کارەش پێگەیاندنی سەرچاوەی مرۆیی دەخوازێت لە پیاوان و ئافرەتان لەگەڵ گرنگیپێدانی زیاتر بە ڕەگەزی مێینە لە میانەی بەتواناکردنیان بۆ ئەوەی مافە مرۆییەکانی خۆیانیان هەبێت و بتوانن تواناکانیان وەبەربهێنن لە بوارگەلێکی بە بەرهەم و بە کەڵك.

وێڕای ئەوەی کە ئافرەتی کوردستانی پێشکەوتنی کرنگی بەدەستهێناوە لە بوارگەلی جیاجیادا و ڕەنگە لەپێشەنگیاندا خوێندن و کاری کۆمەڵایەتی... هتد بێت، بەڵام ڕێژەی چالاکی ئابووری ئافرەتان هێشتا نزمە، ڕێژەی پشکی ئافرەتی کوردستانی لە چالاکی ئابوریدا تەنها (١٢,٩٪)، ئەمەش بەگوێرەی ئاماری وەزارەتی پلاندانی حکومەتی کوردستان کە ئاماژەیداوە بەرێژەی بێکاری لای ئافرەتان دەگاتە (٣٤,٤٪) بەڵام ئەم ڕێژەیە لای پیاوان تەنها (٩,٦٪). هاندانی ئافرەتانیش لە بازاڕی کاردا دەچێتە چوارچێوەی نەهێشتنی هەژاری بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خەڵك. لەڕێگای ئەوەی کە کاری ئافرەت دابینی دەکات لە پاڵپشتیکردنیبودجەی خێزانەکەی وبەتایبەتی ئەو خێزانەی کە ئافرەت بەخێویدەکات.

## ١. ٤. سیستمی کۆمەڵایەتی

زۆربەی زۆری کۆمەڵگای کوردستانی کۆمەڵگایەکی تەقلیدی باوکسالاری موحافیزکارە، بنیاتەکەشی بە دابەشکردنی پێگە و ڕۆڵ و ئەرك وبەرپرسیارێتی لە نێوان پیاو و ئافرەت و لە هەمان کۆمەڵی پیاواندا و لە نێوان گەورەکان و بچووکەکان لە هەمان

کۆمەڵە و لە کۆمەڵەیەکەوە بۆ کۆمەڵەیەکی تر، دەناسرێتەوە، وەهەر شتێکی دیکەش کە پەیوەندیدارە بە رێکخستن وپۆلێنکردنی پەیوەندییەکانی ناوەوە و دەرەوەی خێزان لە چوارچێوەی هەموو دامودەزگا کۆمەلآیەتییەکان بۆ بەدەستهێنانی سەرچاوەکان تەحەکومکردن پێی و لەوانەش دابەشکردنی دەسەلآت و توانای بریاردان لەناوە و دەرەوەی خێزاندا.

ئەم سیستمە کۆمەلآیەتییە تەقلیدییە تا ئێستاش قبولکردنی چەند داب و نەریتێکی کۆمەلآیەتی دەسەپێنێت بەسەر ئافرەتاندا وەك هاوسەرگیری پێشوەخت و هاوسەرگیری خزمان و هاوسەرگیری منالآن کە ژیانی هاوسەرەکان پێکەوە دەبەستێتەوە.

لە ڕاستیشدا کۆمەڵگای کوردستانی جیاواز نییە لە کۆمەڵگا باوکسالارییەکانی دیکەی ناوچەکە و بەتایبەت لەو شتانەی کە پەیوەستن بە دامەزراندن (تبنی) و بلآوکرنەوەی هەندی هەڵسووکەوت کە پێشنیەیەکی کەلتووری و کۆمەلآیەتییان هەیە کە پالپشتی پراکتیزەکردنی چەندین جۆری جیاکاری و توندوتیژی بەرانبەر ئافرەتان دەکات لە سەر بنەمای جۆری کۆمەلآیەتی، لە هەمان کاتیشدا کۆششەکان لە دژی خۆی یەکدەخات لە پێناو بەخشینی مافە یاساییەکان بە ژنان و دەرچوون لە رێککەوتنە کۆمەلآیەتییەکە (العرف الاجتماعی) کە دەبێت ئاستەنگ لەبەردەم بنیاتنانی دەوڵەتی یاسایی و ئەو دامەزراوانەی کە بەرپرسیارێتی چەسپاندی کەلتوور و بەهای هاولآتیبوون و دیموکراسی و مافی ژن و پیاو بە یەکسانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیان، لە ئەستۆ بگرێت.

## ٢. ڕێڕەو و میتۆد

### ٢. ١. خالی دەستپێکردن و باکگراوندی بنچینەیی (مەرجەعی) نیشتیمانی و نێودەولەتی بۆ ستراتیژییەتەکە

ئامادەکردنی ئەم ستراتیژییەتە لەسەر ئەزموون و دەستکەوتە نیشتمانییەکان وەستاوە، و لەم چوارچێوەیەشدا دەبێت ئاماژە بە زۆرێك لە هەولْ و کۆششی ماوەی ٢٠ سالی رابوردووی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بدرێت و بەتایبەت ئەو رێکخراوانەی گرنگیانداوە بە پرس و کاروباری ئافرەتان و مافە مرۆییەکانی ئافرەتان لە کوردستان بە هاوکاری لەگەلْ دامودەزگا حکومییەکان و ئەو رێکخراوە نێودەولەتییانەی کە کاردەکەن بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ژنان، هەر لە سالی ٢٠٠٦ وە چەندین دەزگای حکومی پەیوەندیدار بە نەهێشتنی جیاکاری دژ بەژنان پێکهێنراوە.

ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لەروحی دەستووری عێراقییەوە وەردەگیرێت کە وەك زۆرێك لە مادەکانی دەریدەخەن، پشتبەستوە بە بنەمای یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز بەرانبەر بە یاسا...هەروەها ئەم ستراتیژییەتە لە ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ هەستانەوەی کۆمەڵگای کوردستانی. هەروەها پەرەپێدان و پشتبەستنی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە کوردستاندا ئاکامێکی سروشتی و لۆجیکی پێکدەهێنێت لە بەندەکانی پرۆژەی دەستوور و سیاسەتی هەرێمی کوردستان بۆ بنیاتنانەوەی هەرێم لەسەر بنەماکای دیموکراسی مەدەنی و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان و ڕەتکردنەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لە کۆمەڵگادا.

ئەم ستراتیژییەتە پشت بە بەڵگەنامەگەلێکی نیشتمانی دەبەستێت لەوانەش پلانی گەشەپێدانی ستراتیژییەتی هەرێمی کوردستان (٢٠١٢–٢٠١٦) وستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان و هەروەها ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ کەمکردنەوەی هەژاری (٢٠١٠–٢٠١٤) وستراتیژییەتی تەندروستی وەچە خستنەوە.

ئەم ستراتیژییەتە لەسەر پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی عێراق وەستاوە لە چوارچێوەی ئەندامبوونی دەوڵەتی عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و لەو پابەندبوونانەش، ئەوەی کە پەیوەستە بە جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ و ئەو پەیماننامە و بەڵێننامە نێودەوڵەتیەنەی کە تایبەتن بە مافەکانی مرۆڤ، لەوانەش پەیماننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان (سیداو) و هەروەها پلانەکانی کاری کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان (ڤییەننا ١٩٩٣، قاهیرە ١٩٩٤، پەکین ١٩٩٥ و هەروەها بەیانی هەزارە و ئامانجەکانی بۆ گەشەپێدان ٢٠٠٠). ئەوەشی کە پێویستە ئەوەیە کە سەبارەت بەوەی کە تایبەتە بەم بابەتەوە و ئەم ستراتیژییەتە ئامانجی چارەسەرکردنیەتی، و دەبێت ئەو پابەندبوونانە وەربگێڕدرێت بۆ ڕێوشوێنی یەکلاکەرەوە بۆ دانانی سنوورێك بۆ هەموو جۆرەکانی جیاکاری و توندوتیژی کە ڕووبەڕووی ئافرەتان دەبێتەوە.

## ٢.٢. پرۆسەی ئامادەکردنی ستراتیژییەتەکە

ئامادەکردنی ئەم ستراتیژییەتە کۆششێکی زۆری خواستووە کە تیایدا هەموو لایەنە خۆتێخەرە پەیوەندیدارەکان لە سەر هەموو ئاستەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامودەزگا تەشریعی و دادوەری و کۆمەڵگای مەدەنی و ئەکادیمییەکان و هەروەها ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و نەوتەوەییەکان بە هاوکاری و پشتیوانی دەستەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان و یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز، بەشدارییانکردووە ([٢]).

**ئامادەکردنی ئەم ستراتیژییەتەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە:**

- پێداچوونەوە و شیکردنەوەی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان بەگشتی وەك هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی بۆ بارودۆخ و تایبەتمەندیەکانی ژنان لەژیانی تایبەتی و گشتیدا و دەستنیشانکردنی پێگەکەی و بە وەستان لەسەر ڕەهەندەکانی گەشەپێدان وجۆری کۆمەڵایەتی و مافە مرۆییەکانی، لە ڕێگای ئەنجامدانی چەند لێکۆڵینەوەیەك و توێژینەوەکانی پێشتر.
- پێداچوونەوە بە چوارچێوە یاساییەکان و بەڵگەنامە و ڕاپۆرتە نیشتمانییە پەیوەندیدارەکان بە ڕۆڵی ئافرەتان لە گەشەپێدان وپێگەیان لە کۆمەڵگا و بەدەستهێنانی مافە مرۆییەکانی.
- پێداچوونەوە بەو بەڵگەنامانەی کە پەیوەندیداران بە هەڵسانەوە و بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان و بەتواناکردنیان.
- سوود وەرگرتن لە ئەزموونی دەوڵەتانی دیکە لە ڕێگای پێداچوونەوەی ژمارەیەك ستراتیژییەتی تایبەتی هاوشێوە.

---

٢)UN Entity for Gender and the empowerment of Women / UN Women

- ڕاوێژکردن و هەماهەنگیکردن لەگەڵ دەستە نیشتمانی و نێودەوڵەتییە پەیوەنیدارەکان کە لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن.
- بەستنی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاریی لەگەڵ هەموو هاوبەش و چالاکەکان هەر لە سەرەتای کارکردن لە ستراتیژییەتەکە کە لەو ماوەیەدا توانرا لە مانگی نیسانی ٢٠١٢ لە هەولێر میتۆد و هەنگاوەکانی کاری داهاتوو گەڵاڵە بکرێت.
- ئەنجامدانی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی دامەزراوەیی بۆ وەزارتە پەیوەندیدارەکان نموونەیەك لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدنی.
- پێداچوونەوە بە ڕەشنووسی یەکەم لە لایەن جەند شارەزایەکەوە لە سەر ئاستی نیشتمانی و هەرێمی.
- بەستی کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری لە چوارچێوەی پێداچوونەوەی پڕۆژەی ستراتیژییەتی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا کە کۆمەڵێك ژن و پیاوی شارەزا لەسەر داوای ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و پشتیوانی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێناو یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و بەتواناکردنی ئافرەتان، لەئامادەکردنیدا شەونخونییان کرد و ئەوەش بۆ دڵنیابوون لە ڕادەی توانستی ئەنجامە داڕێژراوەکانی ستراتیژییەتەکە لە گۆڕین و باشکردنی دۆخی ئافرەتان و پشتبەستن بە میتۆدی جۆری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ و ئیرادەیەکی خەست لەسەر ئەنجامەکان و ئەویش مانگی تەموزی ٢٠١٢ لە عەمان.

لەسەر داوای دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان و بە ڕەزامەندیی ئەو دەستە نیشتمانییە فەرمییانەی کە پێشتر ناویان هاتووە، ناوەندی ئافرەتی عەرەبی بۆ ڕاهێنان و توێژینەوە / کوپر، هاتە ناو پرۆسە پلانییکەوە لە پێناو بەشداریکردن لە پێداچونەوە لە قۆناغە نیمچەکۆتاییەکاندا.

## ٢. ٣. هەلە ڕەخساوەکان بۆ سەرخستنی ستراتیژییەتەکە

کۆمەڵێ لە پێدراوەکان ڕێگەدەدات بە دەستنیشانکردنی ژمارەیەك لە هەلە ڕەخساوەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتە لە پێناو بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان، گرنکترینیان:

- پابەندبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە کارکردن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ئافرەتان و پیاوان کە بە شێوەیەکی فەرمیی لە سەرلەنوێ کردنەوەی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان ڕەنگیداوەتەوە بە چاودێری ڕاستەوخۆی سەرۆك وەزیران لە سەر کارەکانی.
- پێکهێنانی "بۆردی چاودێری مافەکانی ئافرەتان" (٣) لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە و ئەندامەکانی لە ژمارەیەك لە وەزارەتەکان و ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان پێکهاتووە. چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێت

---

٣) ئەنجومەن و بۆرد لە ئەرك و ڕۆڵەکانیاندا تەواوکەری یەکترن و دووەمیان بۆ پشتیوانیکردنی یەکەمیان دێت.

که دڵنیابێت لە ئاگابوون لە جێبەجێکردنی پەیمانەکانی حکومەت لە هەرێمدا کە تایبەتن بە مافەکانی ئافرەتەوە.

- بوونی چەندین دامودەزگای حکومی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ کار لە پرسە گشتییەکانی پەیوەست بە کاروباری ئافرەتان دەکات لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی و وەك بەشێك لە دەستە بە ئامانجکراوەکانی هەروەك کەرتەکاتی خوێندن و تەندروستی و کارکردن.... یان بەشداری لە چارەسەرکردنی هەندێ پرسی هەستیار دەکات هەروەك بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان وەکو وەزارەتی ناوخۆ و بەتایبەتیش بەڕێوبەرایەتی گشتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان و هەروەها وەزارەتی کار و کاربوباری کۆمەڵایەتی کە پەناگەی دابینکردوە بۆ داڵدەدانی ئەوانەی دەربازبوون لەو توندوتیژیانەی لەسەریانە لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی.
- ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی چالاك و کارا لە بواری مافە مرۆییەکانی ئافرەتان کە بەرەگەزێکی سەرەکی دادەنرێت لە سەرنجڕاکێشان لەبارەی پرسە هەستیارەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سەبارەت بە پرسەکە و کە توانستە گرنگەکان ڕێی پێدەدات بۆ بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و چاودێریکردنی جێبەجێکردنی ئەنجامەکانی و بەدیهێنانی گۆڕانکاری خوازراو.
- پابەندبوونی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بە پشتیوانیکردنی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی کە کار لە بواری ئافرەتان دەکەن لە ڕووی هونەری و داراییەوە ئەمەش دەبێتە ڕەگەزێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی ئامادەکردنی ئەم ستراتیژیەتە و کارەکانی و جێبەجێکردنی.
- بوونی ژمارەیەك یاسا و بڕیار کە دەرژێتە نێو بەرژەوەندی مافە مرۆییەکانی ئافرەتانەوە لەهەرێمی کوردستان، و لەوانەشی کە داهێنراوە سەبارەت بە ناوچەکە بە گشتی هەر وەك ئەوەی کە تایبەتە بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی و هەندێ هەموارکردن لە یاسای باری کەسێتی و یاسای سزادان... هتد.
- ئەو گۆڕان و کرانەوەیەی کە بەسەر کۆمەڵگەی کوردستانیدا هاتووە لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و سیاسی هتد.. کە بەشێوەیەکی ئەرێنیی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر هیواکان وئایندەیەکی گەش و پەرەسەندوو.
- پابەندنەبوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هەندێ بڕیار و یاسای حکومەتی فیدراڵی کە زیان بە مافی ئافرەت دەگەیەنێت بە مەرجێك کە دژ بە دەستوور نەبێت تەنها بۆ نموونە پرسی سەفەرکردن بێ (مەحرەم) و هەندی یاسای باری کەسێتی وسزادان.
- بوونی دامودەزگای ڕاگەیاندنی هەمەڕەنگی ئەهلی و نائەهلی و بەردەستبوونی توانایەك کە سوود بگەیەنێت و ئاراستەبکرێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا بۆ کارکردن بۆ نەهێشتنی جیاکاری دژ بە ئافرەتان و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاوان و ئافرەتان لە کوردستاندا.

## ٢.٤. ئەو کۆسپانەی ڕووبەڕووبووی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە دەبێتەوە

وێڕای ڕەگەزکانی هێز کە لەسەرەوە باسکران، ئەم ستراتیژییەتە ڕووبەڕووی هەندێ کۆسپ دەبێتەوە کە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەریانخستووە، چ ئەوەی تایبەتە بە کاراکردنی خودی ستراتیژییەتەکە یان بەدیهێنانی هەندێ لە ئەنجامەکانی لە کاتی پشتبەستن ستراتیژییەتەکە لەسەر چەند ئاستێکدا: کۆمەلأیەتی، ڕۆشنبیری، سیاسی و ئەوەشی پەیوەستە بەخودی سیاسەتەکانەوە لەوانە دارایی، ئاماژە هونەریی و پرۆگرامییە نزمەکانی گەشەکردن، و گرنگترینیان:

- کۆمەڵگای کوردستانی کۆمەڵگایەکە لە ژینگەیەکی کشتوکاڵییەوە هاتووە و داب و نەریتێکی کۆمەلأیەتی هەیە هانی جیاکاری نێوان ژن و پیاو دەدات.
- کاریگەری دابەشکردنی کۆمەڵگایی بۆ ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتییەکانی نێوان ئافرەتان و پیاوان و ئەو ئاکامانەی و کە لە شێو و جۆرە تەقلیدییەکاندا دێتە دی.
- تێروانینی تەقلیدی کۆمەڵگا بۆ بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی ئابووری و پەرەسەندنی بەردەوام و لەناوبردنی هەژاری لەنێوان ئافرەتاندا.
- نەبوونی ستراتیژێکی ڕوون و بەردەوامی حکومەت.
- لاوازی لە پێوەر و شەفافیەت لە جێگرتنەوەی پۆستە سیادی وسەرکردایەتییەکان لەسەر ئاستی حکومەت و حزبەکان و پەرلەمان و کارگێری و ئەوانی دیکەش بەهۆی گەندەڵی کارگێڕی و دارایی ئەو واسیتانەی کە دەبنە بەربەست لە بەردەم بوونی هاوسەنگی لە جێگرتنەوەی پۆستە بالأکان و گەیشتنی خاوەن توانا بۆ پێگەکانی دروستکردنی بڕیار.
- لاوازی ژێرخانی ئابووری کە دەبێتە هۆی نەڕەخساندنی سەرچاوەی مرۆیی و دارایی پێویست بۆ ئەو بەرنامانەی ئامانجیان تێکئاخنینی ئابووری و کۆمەلأیەتی ئافرەتانە بە شێوەیەکی گشتی و بەتواناکردنیان لەناو کۆمەڵگا و خێزاندا بەتایبەتی.
- قەیرانە سیاسییەکان و نەبوونی ئارامیی سیاسی کە ئەولەویاتێکی دیکە بەسەر چوارچێوەی سیاسەتە گشتییە لۆکاڵییەکەی هەرێم دەسەپێنێت.
- ڕێژەی بەرزی نەخوێندەواری لەکۆمەڵگادا و بە تایبەتیش لەنێوان ئافرەتاندا هۆشیاری و زانینی یاساکانی پەیوەست بە مافەکانی ئافرەتانەوە پەکدەخات.
- کەمیی ئەو کادیرانەی کە بایەخ بە جۆری کۆمەلأیەتی دامەزراوەیی دەدات لە دامودەزگا حکومییەکاندا.
- کەمیی توێژینەوە ولێکۆڵینەوەی پێویستی پەیوەندیدار بە پرسەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان.

# ٢. ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان

# – بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان

## دووەم– ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان : بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان

### ١. دەروازەی گشتی

#### ١,١. ناوەرۆک

لە قۆناغی یەکەمدا باسێکی گشتی و شیکردنەوەیەك کرا بۆ ڕەوشی ئافرەتان لە هەردوو دیدی جۆری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤەوە، و ئەنجامەکانیش لە کۆبوونەوەکەی (عەمان/ ئەردەن) لە حوزەیرانی ٢٠١٢ تاوتوێکرا، لە ئەنجامیشدا ڕێکەوتن لەسەر تەرکیزکردن لەسەر بەئاگابوون لە هەندێ پرس بە شێوەیەکی سەرەکی لەبەر ئەوەی ئەو پرسانە گشتگیر و یەکەمینن لە هەمان کاتدا، بە مەرجێك بەشداریکردن لە چارەسەرکردنیاندا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دەبێتە چارەسەر بۆ پرسگەلێکی گرنگی دیکە.

ئەم بەشەش خستنەڕووی ئەو زانیارییانە لەخۆدەگرێت کە باس لە کێشەکە دەکات لە چوارچێوەی بەتواناکردنی ئافرەتان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی لە وەرگرتنی مافە مرۆییەکانی هەر وەك (خوێندن و تەندروستی و تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە/ انجابی)، بەشداى ئابووری وبەشداریکردن لە وەرگرتنی بڕیاردا، بەدەستهێنانی داهاتەکان و تەحەکومکردن تێیاندا. لەگەل چەترێکی تەرخانکراو بۆ ڕێسا ویاسا نیشتمانییەکان لەبەر تێهەڵکێشراوی و کاریگەرییان لەسەر ڕەوشی ئافرەت و مافەکانی لە ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتیدا.

گرنگترین ئاماژە گەشەپێدانییەکان کە بوارەکانی گرنگیدان دەپێوێت و لەهەمان کاتیشدا دەریدەخات و ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی (بوارەکای گرنگیپێدان) وەکو یەکەمینەکان هەڵبژێردرا کە پێویستە چارەسەر بکرێت لە پێناو بەشداریکرن لە هەڵسانەوەی ئافرەتی کوردستانی و بەتواناکردنی لە مافە یاسایی و مرۆییەکانی کە دواتر دەخرێتەڕوو و پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت بەگەڕانەوە بۆ چوارچێوە نیشتمانیەکەی و سەرچاوە نێودەوڵەتییەکان کە پەیوەندیدارە بە ڕێکەوتننامەکان و بەرنامەکانی کۆنگرە پەیوەندیدارەکان.

### ١. ٢. کۆششەکان بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان لەسەر ئاستی هەرێمدا

ڕاپۆرتی نیشتمانی بۆ ڕەوشی گەشەی مرۆیی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ ئاماژە بەوە دەدات کە بەهای پێوەری بە تواناکردنی ئافرەتان لە هەدوو پارێزگای هەولێر و دهۆکدا لە بەهای پێوانەی نیشتمانی (٠٫٦٩٦٪) بووە. بەهاکە بۆ پارێزگای هەولێر گەیشتە (٠٫٧٤٢٪) و بۆ پارێزگای دهۆکیش (٠٫٦٧٢٪) بووە، لە کاتێکدا بەهای پێوانەیی بۆ پارێزگای سلێمانی کەمێك لە بەهای نیشتمان کەمتر بووە کە گەیشتووەتە (٠٫٦٧٢٪). بەرزبوونەوەی ئەم ڕێژەیە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاراستەکانی پشتگیریکردنی تێکەڵکردنی ئافرەتان هاندانی بەشداریکردنان بەشێوەیەکی تایبەت لە کاری سیاسیدا. حکومەتی

هەرێمی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبوونییەوە بە پلەی جیاواز گرنگی داوە بە دانانی سیاسات و گرتنبەری ڕێوشوێنەکان بۆ ڕەخساندنی هەلەکانی بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی (خوێندن و تەندروستی و سەنتەری ڕاهێنان و ئەوانی تر). بەلام لەگەڵ ئەوەشدا کە پێویستە بۆ بەتواناکردن، گرتنەبەری ڕێوشوێنە هونەرییەکان (تەکنیکییەکان) بەگوێرەی پێویست نەبوون. یەکێك لە شتە " گرنگەکان" ئەوەیە کە نەخشەی ئامانجەلێکی وردی پرۆسەی گۆڕینی کەلتوور و پراوەکانی جیاکاری و بنیاتنانی کەلتووری هاوهێزیی و یەکسانی بکێشین بە هەموو ڕەهەندە (بەهایی و دەروونی و یاسایی و دامەزراوەییەکانییەوە).

## ٢. چوارچێوەی یاسایی و یاسادانان

ژینگەی یاسادانانی دادپەروەر بناغەیەك دادەمەزرێنێت کە ناکرێت دەستبەرداری بین بۆ زامنکردنی سوودوەرگتنی هاولاتییان لە مافە مرۆییە سەرکییەکانیان، هەروەها ڕێگە دەدات بە بەدیهێنانی ئاسایشی مرۆیی بۆیان و بەتایبەتیش بۆ ئافرەتان ئەمەش هەموو ئەو مافانە دەگرێتە کە هەرگیز لێکجیاناکرێنەوە. هەر بۆیە لە ماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا و بە توانا و هەوڵی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و چالاکوانانی مافی ئافرەتان و هەندێ داموودەزگای ڕاگەیاندن و بە تایبەتیش میدیای ژنان کۆمەڵێك یاسای پێشکەوتوو دانران کە لە بەرژەوەندی ئافرەتانی کوردستاندا بوو.

دەستووریش بڕیاری لەسەر چەندین ماف داوە بۆ ئافرەتان وەك (مافی بەشداری سیاسی و ئابووری، مافی کارکردن، مافی تەندروستی، مافی خوێندن، ماف هەڵبژاردنی هاوسەر، جیابوونەوە لە کاتی زەرەرمەنبووندا، نەفەقە... ) بەلام چەندین کەلێن و دژەیەکیش لە سیستمی یاسایی و تەشریعی و پراوەکردنەکاندا هەن کە کاریگەری نەرێنییان دەبێت و هەڕەشە لە بنەمای یەکسانی و بەدەستهێنانی ئافرەتان لە مافە مرۆییەکانیان دەکات. سەرباری هەموارکردنی چەندین مادەی هەندێ لە یاساکان (یاسای سزادان، یاساکانی باری کەسێتی) کە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەیە لە نەهێشتنی جیاکاری و توندوتیژی دژ بەژنان لە کوردستان، بەلام ئەوەی کە زۆر گرنگە تێبینی بکرێت لەم برگانەی خوارەوەدا وەك لە زۆربەی یاساکاندا دەردەکەوێت، ئەوەیە کەلێن و دژیەکییەکانیش وەك گشتێك هەر لە چاچێوەی یاساداناندا (تەشریعی) دەمێنێتەوە (دەستوور و یاساکانی دیکە) لە لایەك، و لەنێوان یاسادانان و جێبەجێکردن یان جێبەجێنەکردنی و پراوەکاندا، لە لایەکی دیکەوە.

ناکرێت نکۆڵی بکرێت لەو دەستکەوتانەی لە بەرژەوەندی بەرەوپێشبردنی ئافرەتاندا بەدیهاتووە، بەلام تائێستاش جیاکاری دژ بە ئافرەتان بوونی هەیە جا چ ناڕاستەوخۆ بێت لەهەندێ لە یاساکاندا یان بەڕوونی بێت لەهەندێکی دیکەدا.. تەنها بۆ نموونە:

- پرۆژەی دەستوور
- یاسای هاولاتیبوون (الجنسیە)
- یاسای سزادان
- یاسا کۆمەلایەتییەکان (زەمانی کۆمەلایەتی، باج و بەرزکردنەوەی پیشەیی)

ئەمەش جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستییەکی زۆر هەیە بۆ پێداچوونەوە بە سیستمی یاسایی و یاسادان و هەندێ لە دەقە یاساییەکان و گرنگترینیشیان ئەوەیە کە لەسەرەوە باسیان لێکراوە، لە پێناو:

- *چارەسەرکردنی ئەو دژیەکییانەی لە نێو دەستووردا هەن لە نێوان بنەماگەلێك کە پشتیوانی لە یەکسانی دەکەن و ئەوانەشی لەخزمەت جیاکاریدان.*
- *نەهێشتنی دژیەکییەکانی نێوان ژمارەیەك لە یاساکان و یاسا سەرەکییەکە (واتا دەستوور)*
- *نەهێشتنی دژیەکییەکانی نێوان یاساکان و مافە بەخشراوەکان لە لایەك و ئازادییە زەوتکراوەکان لە لایەکی دیکەوە، جا ئەگەر دەقێکی یاسایی لەسەر هەبێت و یان هەندێ جار لە یاساش بەهێزتربێت .*
- *وەرگێڕانی پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکان (پەسەندکردنی پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان) بۆ واقیعێك کە هەموو هاوڵاتییەکان مافە مرۆییەکانی خۆیانیان هەبێت بە شێوەیەکی یەکسان لە ژیانی تایبەتی و لە بەرانبەر یاساشدا.*

## ٣. ئامارەکانی گەشەسەندن و کەلێنەکان لە سوودبینین لە مافە مرۆییەکان

### ٣. ١. فێرکردن

### ٣. ١. ١. فێرکردن لە دیدگای ماف و گشەپێدان وجۆری کۆمەڵایەتییەوە

لە مادەکانی (١٤ – ١٦)دا، دەستوور وەك فاکتەرێکی بنەڕەتی بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و زامنکردنی مافی فێرکردن و فێرکردنی بەزۆر لە قۆناغی بنەڕەتیدا، جەخت لەسەر خوێدن دەکاتەوە و خۆڕاییبوونیشی لە قۆناغە جیاکانیدا هەلێکی شارستانییە پاڵپشتی لە یاسا ئاکتیڤکراوەکان دەکات (یاسای فێرکردنی بەزۆر ژمارە ١١٨ ساڵی ١٩٦٧ی هەموارکراو و یاسای هەڵمەتی نیشتمانی بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بەزۆر ) و لەگەڵ کرۆکی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەگونجێت بە تایەبەتیش کە هیچ ئامارەیەکی جیاکاری لەخۆ ناگرێت کە ڕێگر بێت لە بەردەم کچاندا لە سوودوەرگرتن لە مافی فێرکردن. هەرچەند ئەو جیاکارییانە دەکەونە چوارچێوەی پراوە و ڕێوشوێن و هەڵوێستە کۆمەڵایەتییەکان کە تەرکیز دەکاتە سەر ئەو ڕۆڵانەی دراونەتە پاڵ کچان جگە لەو ڕۆلانەی کە ڕەنگە لە میانەی فێرکردنەوە بەدەستی بهێنن وەك ئامرازیکی گرنگی بەتواناکردن.
پەیوەندی نێوان فێرکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگا گوزارشت لە دیدێکی گەشەپێدانیی دەکات، لە ئامانجە گەشەپێدانییەکانی هەزارە بەرجەستە دەبێت کە لە لایەك وەستاوەتە سەر ئامانجی دووەم بۆ بەدیهێنانی گشتاندن فێرکردنی سەرەتایی بۆ هەردوو ڕەگەزەکە وەکو یەك بۆ تەواوکردنی خوێندنی سەرەتایی تا هاتنی ساڵی ٢٠١٥، و لەلایەکی دیکەشەوە جەخت لەسەر ئامانجی سێیەم دەکاتەوە لە پاڵپشتیکردنی یەکسانی نێوان هەردوو رەگەز لە فێرکردنی سەرەتایی و دواناوەندیدا و واش بەباش دەزانرێت کە ئەمە تا هاتنی ساڵی ٢٠١٥ دا بێت و سەبارەت بە هەموو قۆناغەکانی دیکە لە ساڵی ٢٠١٥ تێنەپەڕێت.

### ٣. ١. ٢. فێرکردن: لە نێوان مافێکی شەرعی و واقعێکی بەرجەستەدا

لە زۆربەی ناوچەکانی هەرێمدا، مێینەکان لە فێرکردن و لە هەموو ئاستەکانیشدا، مافی خۆیان بە یەکسانی لەگەڵ کوڕاندا وەرناگرن. زۆرێکیش لە نەریت و پراوە خێزانیی و کۆمەڵگەییەکانی وەك هاوسەرگیری پێشوەخت و ڕولێ لە کەمکردنەوەی هەلەکانی چوونی کچان بۆ قوتابخانە یان بەردەوامی و تەواوکردنی فێرکردنەکەیان، ڕۆڵ دەبینن. فاکتەرێکی دیکەش هەیە

ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە سنووردارکردنی هەلی کچان بۆ خوێندن کە بریتیە لە هەژاری کە وا لە باوکان دەکات فێرکردنی کوڕانیان لا باشتربێت و لەوانەشە زۆرترین ناوچە کە کاریگەرە لەم بوارەدا ناوچە دوورەدەستەکان و ناوچە پەراوێزخراوەکانی دیکەیە.

سەرباری ئەمانەش ئەگەر بەخت یاوەریان بووبێت بۆ چوونیان بۆ بەر خوێندن و بەردەوامبوونیان ئەوە زۆرجار دەچنە بواری پسپۆڕییەکانی (هونەرەکان و ئەدەب) لە کاتێکدا کوڕان دەچنە بواری پسپۆڕییەکانی (زانست و تەکنەلۆژیا)، ئەمەش کچان دەخاتە دۆخێکەوە کە نەتوانێت کێبڕکیبکات لەگەڵ هاوەڵە کوڕەکانی لە بازاری کاردا.

کۆششە دراوەکانیش لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەی نەخوێندەواری لە کۆمەڵگادا ئاکامی خۆی بووە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری لە ٪٢٧,٤ بۆ ٪١٦ لە ساڵی ٢٠١٢ و بە گوێرەی زانیاری سەرچاوە فەرمیەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێژەی زۆرینەش هەر بۆ ڕەگەزی مێینەیە و زۆربەشیان لە گوند نشینەکانن، هەڵسەنگاندنێکی خێراش بۆ ڕەوشی کەرتی پەروەردە و فێرکردن پێدراوە بەردەستەکان دەریدەخەن سەرەڕای کەمییان، پێویستە ڕێوشوێنی گشتگیر و خێرا بگیرێتەبەر لەوانەش:

- *کاراکردنی یاسای خوێندی بەزۆر و درێژکردنەوەی بۆ کۆتایی قۆناغەکانی کردنەوە بنەڕەتی و جەختکردنەوە لە بەخۆڕاییبوونی لە ڕێگای لێپرسینەوە لە خاوەن ئەرکەکان هەر لە کەسوکاری کچانەوە تا دەگاتە بەرپرسانی کەرتی فێرکردن.*

- *بەهێزکردن / باشکردنی ژێرخان بە زیادکرنی ژمارەی قوتابخانەکانی کچان.*

- *دەستپێکردنی هەڵمەتێکی نوێ بە ئامانجی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ گەورە و بچوك لەوانەی کە لە قوتابخانە دابڕاون و بۆ هەموو قۆناغەکانی فێرکردن و دادانی بەرنامەی ڕێکخستنەوەی ئاستەکانی خوێندن (فێرکردن) بە مەبەستی گەڕانەوەی گرووپی گەنجان بۆ سیستمی فێرکردن.*

- *دابینکردنی سەرچاوەی  یارمەتیدەر بۆ فێرکردنی کچان کە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی و ئابوورییاندا بگونجێت هەر لە پێدانی دەرماڵە بۆ کەمدەرامەتەکان تا دەگاتە دابینکردنی هاتوچۆ لە ناوچەداربڕاوەکان و هاوکاریکردنی خێزانەکان لە ڕووی ئابوریەوە.*

- *تەبەناکردنی پلانێکی کار لەلەیەن ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمانەوە کە بتوانێت ھاندەربێت بۆ بڕیاردەرەکان بۆ چاوپێدتخشاندنەوە بە پرۆگرامەکانی فێرکردن بە شێوەیەك کە بگونجێت لەگەڵ مافەکانی مرۆڤ و ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانەی کە ڕێ لە جیاکاری دژ بە ژنان دەگرن و دانانی بەهاگەلێکی ئەڵتەرنەتیڤ کە جەخت لەسەر بنەمای هاوبەشیی (شەراکەت) لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا دەکاتەوە لە بنیاتنانی ژیاندا.*

- *دیاریکردنی ئاماژەکانی هاندانی جیاکاری لەسەر بنەمای جۆری کومەلأیەتی و تەرخانکردنی وێنەباوەکان لە پرۆگرامەکانی فێرکردن و ڕەفتارەکانی ناو قوتابخانەکان بۆ ئەنجامدانی چاکسازیگەڵێك  کە لەگەڵ خواستەکانی کومەڵگا و دەوڵەت لە بواری گەشەپێدان و دیموکراسیدا، بگونجێت.*

- *دامەزراندنی ناوەندێکی دیراسات و لێکۆڵینەوە لە هەرێمدا کە خاوەن کەسایەتییەکی مەعنەوی بێلایەن بێت و ئەنجامدانی دراسات و توێژینەوەی مەیدانی لەبارەی واقیعی ئافرەتی کوردستانی لەهەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، کۆمەڵایەتی، و سیاسی و ئابووری و رۆشەنبیری بکەوێتە سەر شانی و هاوکاری بڕیار بەدەستەکان بکات بە رووکردنی پێدراو و ئاماژەگەلێك کە پلانی گەشەپێدان ئاسان بکات ئاسنکاربێت لە دەسپێکی فێرکردنەوە بە هەموو قۆناغەکانییەوە.*

## ٣. ٢. تەندروستی و تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)

### ٣. ٢. ١. پێناسە

کۆنگرەی جیهانی بۆ دانیشتووان و گەشەپێدان کە لە ساڵی ١٩٩٢ لە قاهیرە بەسترا و بۆ یەکەم جار لە بەڵگەنامەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی لە برگەی (٧٠٢)دا کە بە بەرنامەی کۆنگرەی قاهیرە ناسراوە، پێناسەی تەندروستی بەرهێنان(وەچەخستنەوە)ی بە چەمکە گشتگیرەکەی کردووە، بەوەی کە بریتییە لە **"رەوشێکی خۆشگوزەرانی تەواوی جەستەیی و ئاوەزیی (عەقڵیی) و کۆمەڵایەتی لە هەموو کاروبارێکی پەیوەندیدار بە کۆئەندامی زاوزێ و ئەرك و کارەکانی و نەك تەنیا سەلامەتی لە نەخۆشی و پەککەوتن)**. لەبەر ئەوە تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) توانای تاکەکان لە چێژوەرگرتن لە ژیانێکی سێکسی قبوڵکراو و بێ زیان، و توانایان لە بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و ئازادییان لە بڕیاردانی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و کات و دووبارەبوونەوەیدا ، و ئەم مەرجەی دواییش مافی ژن و پیاو لە زانین و بەکارهێنانی ئەو شێوازی ڕێکخستنەی پیتاندن لەخۆدەگرێت کە خۆیان هەڵیدەبژێرن و دژ بە یاسا و شەریعەتیش نەبێت، هەروەها مافی بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی گونجاویش لەخۆدەگرێت کە ئافرەت بتوانێت لە ماوەی دووگیانی و منالبوون بە سەلامەتی تێپەڕێنێت و باشترین هەلیش بۆ هاوسەرەکان برەخسێنێت بۆ هێنانی منالێك بە تەندروستییەکی باشەوە". ئەم پێناسەیەش تا لە لایەن نزیکەی هەموو دەوڵەتەکانی جیهانەوە بە وڵاتە عەرەبییەکانیشەوە و لەناویانیشدا دەوڵەتی عێراق، پشتی پێبەسترا.

هاوڕا لەگەڵ ئەم پێناسەیەدا چاودێری تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) بەوە پێناسە دەکرێت کە **" کۆمەڵێك شێواز و ڕێگا و خزمەتگوزارییە کە بەشدارییە لە تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و خۆشگوزەرانی دەکەن لە میانەی قەدەغەکردنی ڕوودانی کێشەکانی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و چارەسەرکردنیان، هەروەها تەندروستی سێکسیش لەخۆدەگرێت کە ئامانجی باشکردنی جۆری ژیان و پەیوەندییە تایبەتیەکانە نەك تەنیا پێشکەشکردنی ڕێنمایی و چاودێری پزیشکی پەیوەندیدار بە بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و نەخۆشییە سێکسییەکان."** کەواتە، چەمکی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) سنوورە تەقلیدییەکانی پێناسەکانی تەندروستی و نەخۆشی تێدەپەڕێنێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پێکهاتووە لە چەند ڕەگەزێکی زانستی و کارەکیی پەیوەندیدار بە (دایکایەتی زانمکراو و تەندروستی سێکسی و دۆزینەوەی پێشوەختی نەخۆشی شێرپەنجە و نەهێشتی نەزۆکی و بەتواناکردنی ئافرەتان و دابینکردنی یەکسانی و

دادپەروەری) کە دەچنە خانەی مافە سەرەکییەکانی تاك و توێژە کۆمەڵایەتییەکانەوە و بە نیازی گەشەی مرۆیی بەردەوام (٤).

### ٣. ٢. ٢. مافی تەندروستی ومافەکانی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) لەهەرێمی کوردستان

بەگوێرەی ڕاپۆرتی ئاماری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠، ڕێژەی بەپیتیی (٣,٩٦٪) بووە و ڕێژەی ئەو کچانەی لە خوار تەمەنی (١٨) ساڵیدا هاوسەرگیرییان کردووە بریتی بووە لە ٢٦,٧٪. ژمارەی لەدایکبووانیش گەیشتووەتە (١٣١٥٢٩) منداڵ و ژمارەی مردووەکان لە شیرەخۆرە و منالآنی خوار تەمەن (٥) ساڵی لە سنووری (١٢٠٤) کەس و تێکڕای مردنی شیرەخۆرەکان (٩١) منداڵ بووە بۆ هەر (١٠٠,٠٠٠) منداڵبوونێکی زیندوو.

زۆرێکیش لە ژنان بەهۆی دووگیانی و منالّبوون و دووبارەبوونەوەی منالّبوون ڕووبەڕووی درژانگ (موزاعەفات)ی مەترسیدار دەبنەوە و هەروەها ڕێژەی کەم خوێنی لە ماوەی دووگیانیدا کو گەیشتووەتە (٣٤,١)، هەرچی ڕێژەی ڕووپۆشی خزمەتگوزاری چاودێری دووگیانەکان (٤ سەردان) ئەوا (٢٧,٧٪) هەروەها ڕێژەی مردنی دایکەکان لە کاتی منالّبووندا بە (١٩) دایك مەزەندە کراوە بۆ هەر (١٠٠,٠٠٠) حاڵەتی لەداکبوونێدا بە پێی هەمان سەرچاوەی سەرەوەی وەزارەت، و بە پێی ڕاپۆرتی یونیسێف ساڵی ٢٠١٠ (لە کاتێکدا ئەم ڕێژەیە (١٢٠) بووە لە ساڵی ١٩٩٩). ڕێژەی ئەو ژنانەشی کە دوای منالّبوون سەردانی بنکەکانی تەندروستییان کردووە تەنیا گەیشتووەتە ٩,٩٥٪ ، بەلاّم ژمارەی منالّبوون لە نەخۆشخانەکاندا گەیشتووەتە ٧٥٪ و ڕێژەی نەشتەرگەری قەیصەری (٢٢,٧٪) بووە.

ژمارەی بنکە تەندروستییە سەرەتاییەکانیش هەر بە کەمیی دەمێنێتەوە بەوەی کە بۆ هەر (٤٨٤٥,١ ) کەس یەك بنکەی تەندروستی هەیە و بۆ هەر (٢٦٦٢٤,٤) ئافرەت یەك یەکەی چاودێری تەندروستی دووگیانەکان هەیە و ژمارەی پشکنینەکانیش بۆ دۆزینەوەی شێرپەنجەی مەمك تەنیا گەیشتووەتە (١٠٢١٦) ئافرەت و بە پێی ڕاپۆرتی ئاماریی وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٠ توانراوە تەنیا (٥٨) حاڵەت دەستنیشان بکرێت. وێڕای ئەو سیمایانەی پێشکەوتن و پەرەسەندنەی کە لەم ماوانەی دواییدا لە هەرێمی کوردستان بەدیهاتووە، بەلاّم سیماکانی پەرەسەندن بە شێوەیەکی ڕوون کەرتی تەندروستی لەخۆ نەگرتووە، و ئاماژەکانی گەشەسەندن تائێستاش لە ژێر خواستی خوازراوەوەیە، بە هۆی جەنگ و گەمارۆوە کە ڕووبەڕووی ناوچەکە بووەتەوە بووەتە هۆی داڕوخانی ژێرخان و پاشەکشەی توانا مرۆیی و دارایی و هونەرییەکانی کەرتی تەندروستی و لە پاڵ تێکچوونی ژینگە و گەندەڵی کارگێڕی و دارایی کە بوونە هۆی خراپبوونی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و قورسبوونی باری دەروونی و دارایی لەسەر شانی

---

٤) لیژنەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوای ئاسیا – ئالاسکوا، فەرهەنگی چەمکەکانی گەشەپێدان، بەیروت، ١٩٨٤، ل ١٣٧.

هاوڵاتییان و بەتایبەتیش ئافرەتان و منالآن، تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و خزمەتگوزارییەکانیشی لەم ڕەوشانەدا بەدەر نەبووە.

وێڕای ئەو فراوانبوونە گەورەیەش لە ژمارەی بنکەکانی چاودێری تەندروستی سەرەتایی، کەچی ئەم فراوانبوونە بە شێوەیەکی دروست دیراسە یان پلانی بۆ دانەنراوە، هەروەها زۆربەی ئەم بنکانە تا ئێستاش بە هۆی کەمیی کەرەستە و کادیری ئامادەکراوەوە لە توانایاندا نییە خزمەتگوزاری چاودێری تەندروستی بۆ دایك ومناڵ دابینبکەن، هەروەها ڕێژەیەکی زۆری هاوڵاتییان، وێڕای بەرزبوونی تێچوونەکانیشی، پەنادەبەنە بەر کەرتی تایبەت بۆ بەدەستهێنانی خزمەتگوازاری چاودێری تەندروستی.

بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە تەندروستیە سەربارەکانیش تائێستاش زۆر دەگمەنن، بۆ نموونە خزمەتگوزاری خێزانی لە زۆربەی بنکە تەندروستییە سەرتاییەکان و داموودەزگا تەندروستییە گشتییەکان دابین نەکراوە و بە تایبەتیش لە ئامرازەکانی قەدەغەکردنی دووگیانبوون، پشت بە کەرتی تایبەتی دەبەسترێت، ئەمەش وای لە نیوەی ئەو ژنانە کردووە کە هاوسەرگیرییان کردووە لە تەمەناکانی (١٥–٤٩) ساڵیدان هیچ بەربەستێك بۆ دووگیانبوون بەکارنەهێنن (بەگوێرەی ئەنجامەکانی رووپێوی فرە ئاماژەکانی ساڵی ٢٠٠٦)دا.

ڕەشنووسی پلانی کەشەپێدانی هەرێمی کوردستانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە نزیکەی ١٨,٣٪ خێزانەکان بێبەشن لە دابینکردنی پێداویستییە تەندروستییە سەرەکییەکانیان، گوندەکانیش بەڕێژەی دووجار لە شارەکان زیاتر بێبەشترن، ئەم ڕێژەیە لە گوندەکان گەیشتووەتە ٢٤,٢٪ و لە شارەکانیش گەیشتووەتە ١٢,٣٪.

بەربەستگەلکی کۆمەلآیەتی و کەلتووریی (رۆشەنبیریی) هەن ، کە لەبەردەم تەندروستی و خۆشگوزەرانی ئافرەتاندا دەوەستنەوە، تا ئێستاش ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەخت بەرزە و ئەگەر نەڵێن لەبەرزبوونەوەدایە و بەتایبەتیش لە ناوچە گوندنشینەکاندا کە هەڕەشە لەسەر تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و دەروونیی ئەو کچە منالآنەی دەکات کە هێشتا لە رووی ئاوەزیی و جەستەییەوە ئامادە نین بۆ هاوسەرگیری و دووگیانی و بەرهێنان (وەچەخستنەوە). سەرباری ئەمانەش بیروباوەرە کۆمەلآیەتی و ئاینییە ناڕاستەکان کە ڕێی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان و سنووردارکردنی توانای هەڵبژاردنی ئازادانە و پشتبەستووی زانستییانە لە ئافرەتان دەگرێت، بۆ ماوەیەی نێوان مناڵەکانی و ژمارەی مناڵەکانی جیادەکاتەوە، سەرباری ئەمانەش پێکهێنانی خێزانە گەورەکان هەڕەشە لە ئافرەتان دەکات کاتێك کە خزمەتگوزایی تەواو بۆ چاودێری دایکایەتی دابین ناکرێت، بیروباوەڕە تەقلیدییەکانیش لەبارەی ئافرەتانەوە بەربەست دروستدەکەن و هەروەها مامەڵەکردنی پەسەندێتیی (تفضيلي) کوڕانیش بەربەست لەبەرانبەر تەندروستی ژنان پێکدێنێت.

زۆر جار جۆری چاودێری تەندروستی ئافرەتان بە شێوەی جۆراوجۆر نا تەواوە، بەگوێرەی بارودۆخی ناوچەییەوە هەر لە سەرەتای پێشوازیکردنی لە بنکە یان نۆرینگە یان نەخۆشخانەکانەوە. زۆرجاریش تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئافرەتان بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و تایبەتمەندیی و نهێنی بۆ دابینناکرێت، زانیاری تەواویشیان لەسەر هەڵبژاردنەکان و خزمەتگوزارییە ڕەخساوەکان، دەستناکەوێت.

### ۳. ۲. ۳. ڕەهەندی گەشەپێدانیی و چوارچێوەی مافپەروەریی

بەرنامەی کاری کۆنگرەی قاهیرە (١٩٩٤)، جەختی لەسەر پەیوەندی بەهێزی نێوان دانیشتووان وگەشەپێدان کردووەتەوە و تەرکیز لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکانی تاکەکان، بەتایبەتیش ئافرەتان دەکاتەوە، لە میانەی فراوانکردنی هەلەکانی بەدەستهێنانی فێرکردن و خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان.

جاڕنامە و پرۆگرامی کاری (بیجینگ) لە برگەی (٨٩)دا جەختی لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە" **مافی ژنە کە بەبەرزترین ئاستە شیاوەکان (ممکنە) چێژ لە تەندروستی جەستەیی و ئاوەزیی بە پێناسە گشتگیرەکەی، ببینێت. سوودبینینی لەم مافە کارێکی پێویستە بۆ ژیان و خۆشگوزەرانی و توانای لە بەشداریکردن لە هەموو بوارەکانی ژیانی گشتی و تایبەتیدا. تەندروستی ئافرەتیش سەلامەتی سوزداری و کۆمەلآیەتی و جەستەیی لەخۆدەگرێت".**

چەمکی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)، لەجاڕنامە و پرۆگرامی کۆنگرەی بیجینگ (١٩٩٥) گرنگیەکی بەرچاوی پێدرا، کە تێیدا پشت بە پێناسەی قاهیرە بەسترا بۆ چەمکی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و هاندانی ڕێکخستنی بە پیتیی لە میانەی قەدەغەکردنی هاوسەرگیری پێشوەخت و ماف لە ژیانێکی سێکسی زامنکراو و بە یەکەوە گرێدانی نێوان مردنی دایکان و منالآن و نێوان بابەتی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)، ئەوەی یەکەم بەلگەیە بۆ جیاکارییەکی ڕوون دژ بە ژنان.

لە جاڕنامەی هەزارەییشدا (سێپتەمبەری ٢٠٠٠) کە وەك ئاکامی زۆربەی ڕێککەوتنامە نێودەولەتییەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ هاتووە، بە (سیداو و ڕاسپاردە و پرۆگرامگەلێکی کۆنگرە ئابووری وکۆمەلآیەتییەکانی دەیەی سەرەکی نەوەدەکان ) و لەسێپتەمبەری (٢٠٠٥)یشدا سەرکردەکانی جیهان پابەندبوونی خۆیان تازەکردەوە سەبارەت بە پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەی کە دەرکەوتووە لە جێبەجێکردن هەلسەنگاندنی پێنج سالی رابردوودا دەرکەوتووە، لەوانەش:" بەدیهێنانی بەدەستهێنانی گشتگیری تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) لە سالی (٢٠١٥)دا و تێکەلکردنی ئەم ئامانجە لەگەلٚ ئەو ستراتیژییەتگەلێك لە پێناو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە گەشەییانەی کە ڕێککەتنی نێودەولەتی لەسەرە، وەك کەمکردنەوەی مردنی دایکان و کەمکردنەوەی مردنی منالآن و بەرزکردنەوەی یەکسانی جۆری کۆمەلآیەتی، دژایەتیکردنی کەمی ڤایرۆسی بەرگری وەرگیراو (ئەیدز)، و نەهێشتنی هەژاری، لە دەرهاوێشتەکانی لوتکەی نێودەولەتیشدا کە لە سێپتەمبەری (٢٠٠٥)دا بەسترا، دەکرێت باس لەو ڕێککەوتنە بکرێت کە تایبەتە بە گرنگی "بەدیهێنانی بەدەستهێنانی تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)ی یەکسان وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی یەکسانی جۆری کۆمەلآیەتی".

مادەی (١٢) لە ڕێکەوتننامەی (سیداو) داوای نەهێشتنی جیاکاری دژ بەژنان دەکات لە بوارەکانی چاودێری تەندروستی و لەنێویانیشدا قەدەغەکردنی خەتەنەکردنی کچان و خۆپاراستن لە ئەیدز و چاودێری تەندروستی بۆ ئافرەتانی دووگیان (٥).

---

٥) یونیفام، سیداو، عمان، ٢٠١١، ل١٦.

### ٣. ٢. ٤. پوختە

بە پێی پێدراو و ئاماژە بەردەستەکان و ئەو کەلێنانەی کە تایبەتن بە بەدەستهێنانی خزمەتگوزاری تەندروستی و بە تایبەتیش تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) و تەحەکومکردن تێیدا سەبارەت بە ژنان لە کوردستان بە گشتی و ژنانی گوندەکان و ناوچە دورەدەستەکان و پەراوێزخراوەکان بەشێوەیەکی تایبەتی. لە ئاکامیشدا دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافە مرۆییە بەرهێنان (وەچەخستنەوە)ییەکانی، چ بە هۆی دابیننەکردنی خزمەتگوزارییەکان بە هۆکاری مادی یان دارایی یان هونەری یان بەهۆی فشارە کۆمەڵایەتی و کەلتووری و جیاکاری پراوەکراو لە دژیاندا کە رێگەی هەڵبژاردنی ئازاد و پشتبەستوو بەزانیارییان لێدەگرێت. حکومەت بە دامودەزگا پەیوەندیدارە جۆراوجۆرەکانییەوە دەتوانێت لەم بوارانەی خوارەوەدا وەبەرهێنان بکات:

- بنیاتنانەوی ژێرخان و سیستمی تەندروستی، بۆ ئەوەی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی و بە تەمەنی هەرزەکاری و هەتا دوای تەمەنی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)یشدا، چێژ لە تەندروستی خۆی بە شێویەکی گشتی و تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)ی بە شێوەیەکی تایبەتی، ببینێت.
- بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) سیاسەتێك کە گرنگی بدات بە تەندروستی گشتی ژنان و تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)ش بە تایبەتی لەسەر بنەمای پرەنسیپەکانی جۆری کۆمەڵایەتی و رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ بۆ ژنان و پاڵپشتیکردنی بە هەموو توانا دامەزراوەیی و مادی و داراییەکانەوە.
- دانان و پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامانەی کە مافی ئافرەتان دابیندەکات، بە تایبەتیش لە ناوچە بێبەشکراوەکانی وەکو گوندەکان، لە رێکخستنی خێزان و دابینکردنی خزمەتگوزاری گونجاو کە بەشداری لە پرۆسەکانی دووگیانی و منالبوون و دایکایەتی تەندروست و خۆپاراستن لە مردنی دایکان و بنیاتنانی خێزانێکی جێگیر، دەکات.
- وەرگرتنی رێوشوێن بۆ خۆپاراستن لە شێرپەنجەی مەمك و فراوانکردنیشی بۆ جۆرەکانی تری شێرپەنجەی ژنانە و ئەو نەخۆشییە گواستراوانەی کە یارمەتیدەرن تیایدا، هەروەها دابینکردنی خزمەتگوزاری گونجاو.
- دەستنیشانکردنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بە ژنان لە یاسادانان و سیاسات وپراوە خێزانیی وکۆمەڵگاییەکان لەدانانی ستراتیژییەتی خۆپاراستن و هۆشیارکردنەوە، بۆ بواردان بە ئافرەتان لە دەستڕاگەیشتنیان بە مافەکانی خۆیان بە شێوەیەکی گشتی و مافی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)یان بە شێوەیەکی تایبەتی.

- زامنکردنی دەستەڵاتی ئافرەتی کوردستانی، چ لە شار و چ لە گوند، بە سەر پرۆسەی بە پیتیی خۆیەوە لە ڕێگای دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئامرازەکانی ڕێکخستنی خێزان و وەرگرتنی ڕێوشوێنی گونجاو بۆ پشتیوانیکردنی توانای ئافرەتان لە هەڵبژاردنی ئازاد و بڕیاری بنیاتنراو لەسەر زانست.

- فراوانکردنی هەل وسەرچاوەکانی ئافرەتان بە داهاتە ئابوورییەکانەوە و توانای وەرگرتنی بڕیاری تایبەت بە تەندروستی گشتی خۆی و تەندروستی بەرهێنان (وەچەخستنەوە) بە شێوەیەکی تایبەتی، بۆ سوود وەرگرتن لە سیستمی تەندروستی (سیاسەتەکان و پرۆگرامەکان و خزمەتگوزارییەکان) بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەگەڵ پیاودا.

## ٣. ٣. بەشداریکرنی ئافرەتان و بەتواناکردنیان لە بواری ئابووریدا

### ٣. ٣. ١. پێناسە:

بنیاتی جۆری کۆمەڵایەتی کە لە سەر جیاکاری نێوان ژنان و پیاواندا بنیاتنراوە، بە دامەزراوەیی کراوە لە کارگێڕی و پراوەکانی پەیوەست بە نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی سیاسەت و ڕێسا و دامەزراوە و میکانیزمەکان کە دەبێتە هۆی ڕێگرتن لە ئافرەتان لە گەیشتنی بە داهاتە (ئابوورییەکان – کار، موڵکداری، دارایی، ودواتریش داهاتە کۆمەڵایەتییەکان – خوێندن (فێرکردن)، تەندروستی، زانیارییەکان و وەرگرتنی بڕیار و کاتی دەستبەتاڵی) و خزمەتگوزاییەکان وەك (قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و دادگاکان و خزمەتگوازییە کارگێڕیی ومەدەنییەکان چ لۆکاڵی و چ نیشتمانی و گواستنەوە و بەکاربردن و قەرزەکان ..) کە تواناکان و بەتوناکردنی ئافرەتان لە یەك کاتدا لە ژیانی تایبەتی و ژیانی گشتیدا، سنوردار دەکات. ئەم ڕەوشەش گرتنبەری ڕێوشوێنی تایبەت دەخوازێت بۆ کارکردن لەسەر زامنکردنی بەشداریکردنی ئافرەتان و بەتوانکردنیان لە سودوەرگرتن لە مافەکانیان.

هەروەك لەبڕگەی (١٥)ی منهاجی (بیجینگ)یشدا هاتووە " پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان هەژاری ژنان و نائامادەگیی هەلەکانی ئابووری و سەربەخۆیی و لاوازی گەیشتن بە سەرچاوە ئابوورییەکان لەوانەش وەرگرتنی قەرز و موڵکداری زەوی وزار و سوودوەرگتن لە میراتی و لاوازی گەیشتن بە فێرکردن و خزمەتگوزارییەکانی پشتیوانیکردن و لاوازیی بەشداریکردنی ئافرەتان لە پرۆسەی بڕیاردان، و لەوانەشە هەندێ جار هەژاری پاڵنەربێت بۆ ڕەوشگەلێك کە تیایدا ئافرەتان تووشی ئیستیغلالی سێکسی ببنەوە".

بەتواناکردنی ئابووری بەوە پێناسە دەکرێت کە **"توانای ئافرەتە لە گەیشتن بە داهاتەکان و دەستگرتن بەسەریاندا لە وەرگرتنی و هەڵبژاردن و بڕیارگەلێکی بونیادنراو لەسەر بنەمای زانستی دیراسەکراو بۆ بەرزکردنەوەی گۆڕانکارییەکان لەسەر ئاستی کەسی و خێزانی و کۆمەڵگایی و نیشتمانیدا (٦)".**

### ٢,٣,٣. ڕەوش و ڕۆڵی بەرهەمهێنانەی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا

دەکرێت دیدی دەستووری بۆ مافی موۆڤ لە کارکردندا (مادەی ٢٢/ یەکەم) لە میانەی بنەمای یەکسانیدا هاتووە لە (مادەی ١٤)دا، و هاوشێوەیی هەلەکان لە (مادەی ١٦)دا، شیبکرێتەوە. ئەم دیدە گشتییە، لە (مادەی سی)دا بە پراکتیکیی پاڵپشتیی لێکراوە بە دەستەبەرکردنی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی لە هەندێ باردا وەکو بێکاریی، بۆ تاك و خێزان – بە تایبەتیش منداڵ و ئافرەتاندا – لە لایەن دەوڵەتەوە. ئەو گرنگییەکەی ئەوە ناگەیەنێت کە هەلی یەکسانی کار بۆ ئافرەتان دابینکراوە، چونکە ئەم بابەتە لەسەر چەند فاکتەرێك وەستاوە لە پێشیانەوە، جیاکاری بە هەموو شێوە و بوارەکانییەوە کە توانا و شارەزایی و هەلە ڕەخساوەکان بۆ ئافرەتان، سنووردارەکات، هەر لە فێرکردن و چوونە ناو بواری پسپۆڕێتی و هەلۆیستە کۆمەڵایەتییە – کەلتوورییەکان لە ڕۆڵی پیشەیی و بەباشتر زانینی ڕۆڵە تقلیدییەکانی ئافرەتان، سەرباری ئەو بەربەستانەی کە ئافرەتان لە کەسانی دیکەدا زیاتر ڕووبەڕوی دەبنەوە لە بازاڕی کاردا. وێڕای ئەوەش کە ئافرەتی کوردستانی پێشکەوتنی گرنگی لە چەندین بواردا بەدەستهێناوە لە پێش هەموویانیشدا خوێندن (فێرکردن) و کاری کۆمەڵایەتی شتی دیکەی تریش، بەلأم تا ئێستاش تێکرای چالاکییە ئابوورییەکەی نزمە و بەتایبەتیش کاری ئابووری بەبەرانبەر (بەکرێ) بەراورد بە چالاکی پیاوان.

لەبارەی دابەشبوونی دەستەی دانیشتوانی چالاك لە ڕووی ئابوورییەوە، ئەوا ڕەشنووسی پلانی گەشەپێدانی هەرێمی کوردستان ئاماژە بەوە دەدات کە تێکرای چالاکی نێرینەکان دەگاتە (٦٩,٧٪)، کەچی تێکرای چالاکی ئابووری مێینەکان تەنیا دەگاتە (١٢,٩٪). ئەمەش ڕەنگدانەوەی دابەزینی ئاستی بەشداری ئافرەتانە لە چالاکییە ئابوورییەکاندا، لەگەڵ ئەوە کە پێکهاتەی دیاریکراوی دانیشتووان نزیکیی ڕێژەی نێرینە و مێینەکان لە یەکەوە لە قەبارەی گشتی دانیشتووان دەردەخات، سەرەڕای تێکڕاگەلێکی هاوشێوەی پەیوەندیدار بە تەمەنی کارەوە. بەلأم سەبارەت بە تێکڕاکانی بێکاری لە نێوان مێینەکاندا بەرز دەبێتەوە بۆ( ٣٤,٣٩٪) بە بەراورد لەگەڵ نێرینەکاندا ( ٩,٥٦٪).

تا ئیستاش ئافرەتی کوردستانی، بەرزترین ڕێژەی هەژاری و بێکاری پێدەهێنێت بەهۆی دابەش نەبوونی دادپەروەرانەی هەل و دەستکەوتەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا، سەرباری دانەمەزراندنی (تەبەننی) ئەو سیاسەتانەی کە پاڵ بە ئافرەتانەوە دەنێن بۆ بەرهەڵستیکردن واقیعی کۆمەڵایەتی کەلتووری کە ناهێڵێت ببێت بە خاوەنی توانا و شارەزای تەکنیکی و زانستی و شارەزایی پێویست

---

٦) ئەم پێناسەیە لە لایەن هاوبەشەکانی پرۆژەی هەرێمیی لە بارەی بەتواناکردنی ئابووری ژنی عەرەبییەوە، RWEED ، ٢٠٠٩ – ٢٠١٣، پشتیپێبەستراوە.

کەوای لێبکات ئیستیغلالی داهاتەکان دەستەبەربکات و کۆنترۆڵیانبکات بۆ باشکردنی ڕەوشی ئابووری خۆی لە ڕووی گەیشتنی بە سەربەخۆیی ئابووری کە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتیدا ڕەنگدەداتەوە جا چ لەشار بێت یان لە گوند.

لەم بارەیەشەوە دەبێت ئاماژە بدرێت کە ڕێژەی کارگەران لە کشتوکاڵدا تەنیا ٣٥٪ لە دانیشتووانی هەرێمیان پێکهێناوە لە ساڵی (٢٠٠٠)دا و دواتر دەستی بە دادەبەزین کردووە و لەساڵی ٢٠٠٣دا، بە پێی ئەنجامەکانی توێژینەوەی ئابووری و کۆمەلایەتی ٢٠٠٦–٢٠٠٧، گەیشتووەتە نزیکەی ٢٣٪، پێدراوەکانی گوندەکانیش لە هەرێمی کوردستاندا دوو دیاردەی دیاری بەرچاو دەخەنەڕوو:

- یەکەمیان تایبەتە بە بەرەودواچوونی چالاکوانە ئابوورییەکانی گوندەکان، لە کۆی هێزی کار لە نزیکەی ٣٧,٢٪ وە لەسەرەتای ساڵی ٢٠٠٦ وە بۆ نزیکەی ٣٤,٤٪ دا لەکۆتایی ساڵی ٢٠٠٧دا، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەیی بۆ بێکاری، بەتایبەتیش لە نێوان گەنجاندا، کە دەبێتە ڕەگەزێکی هاندەر بۆ کۆچکردن بۆ شار.
- هەرچی دیاردەی دوومە ئەوا تایبەتە بە زیادبوونی پشتبەستن بە ئافرەتان لەبواری کاری کشتوکاڵیدا، ڕێژەی ژنان لە کەرتی کشتوکاڵیدا لە ساڵی ٢٠٠٦ گەیشتە زیاتر لە ١٢,٩٪ لە کۆی گشتی کارگەران لە کشتوکاڵدا، واش چاوەڕوان دەکرێت ئەم ڕێژەیە بەرزبێتەوە بۆ ١٤,١٪ لە سالی ٢٠١٦ بە پێی پێدراوەکانی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی خۆراك و کشتوکاڵ)، ئەمەش ئافرەت دەکاتە هێزی کاری سەرەکی لە بواری کشتوکاڵدا.

پشتبەستنیش بە ئافرەتی گوندنشین لە بواری کشتوکاڵیدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەرکی سەرشانی ژنان و چالاکیە کۆمەڵاییەتی ڕۆشەنبیرییەکانیش سنورداردەکات، بیٚ ئەوەی وەکو پێویست سوود لە مافە ئابووریی و مافە کۆمەڵایەتییەکانیشی ببینێت.

### ٣. ٣. ٣. چوارچێوەی نێودەوڵەتیی مافپەروەریی و گەشەپێدانی

بەڵگەنامەکانی مافی مرۆڤ و کۆنگرە نێودەوڵتییەکانی تایبەت بە ژنان و گەشەپێدان، تەرکیز دەکەنە سەر پێویستی بەتواناکردنی ئافرەتان بۆ مافی لە کارکردن و لە داهاتە ئابووری وداراییەکان و یەکسانی کرێیەکەی لەگەڵ پیاواندا و خزمەتگوزارییە پاڵپشتە پێویستە پەیوەندیدارەکان و گۆڕینی ئەو عورف داب و نەریتانەی کە ناهێڵن ئافرەتان دەربچن بۆ بازاڕی کار و سڕینەوەی وێنە جۆرییە باوەکان لەسەر ڕۆڵە تەقلیدییەکانی ژنان. سەرەڕای بانگەشەکردن بۆ ڕێزگرتن لە مافەکانی ژنان لە موڵکدارێتی و میرات. **هەروەها بەیان و میتۆدی (بیجینگ) جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ئافرەتان بەشدارییی لە ئابووری و نەهێشتنی هەژاری دەکەن لە ڕێگای کارکردنەوە بە کرێ وبە بیٚ لە ماڵ و کۆمەڵگای لۆکاڵی و بازاڕی کاردا. لەبەر ئەوە بەتواناکردنی ئافرەتان لە ڕاپەڕاندن ڕۆڵی خۆی بە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە دادەنرێت بۆ بنەبڕکردنی هەژاری (برگەی ٤٩).** لە کاتێکیشدا کە هەژاری کار لە ئاستی بژێویی خێزانەکان دەکات وەکو گشتێك، لەبەر دابەشبوونی کار و بەرپرسیارێتییەکانی لە خۆشگوزەرانی و بژێوی خێزانەکان، ئافرەتان بەشێکی ناهاوتای ئەو بارە لە ئەستۆدەگرن، چونکە هەوڵی بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروباری بژێوی خێزان دەدات، هەر لەبەکاربردن و پاراستنی لە سایەی بارودۆخی زیابوونی کەمی داهاتەکان. ئاستی هەژاریش بە شێوەیەکی تایبەتیی سەبارەت بە ئافرەتانی گوندنشین چڕدەبێتەوە (برگەی ٥٠). پاڵپشتیش لەسەر ئەو لێکۆڵینەوە ئامادەکارییانەی کە لە هەموو ولاتان و هەرێمەکان کراون، وەك ئامادەکارییەك بۆ کۆنگرەی (بیجینگ)، هەروەها هۆشداری دراوە کە هەژاری ئافرەتان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە نەبوونی هەلە ئابوورییەکان و خودسەربەخۆیی و

نەبوونی تواناى دەستڕاگەیشتن بە داهاتە ئابوورییەکان، لەناو ئەوانەشدا دڵنیایی و موڵکداری زەوی و زار و میراتگری، خزمەتگوزارییەکانی خوێندن (فێرکردن) و پشتیوانیکردن، و بەشداریکردنی ئافرەتان بە لاینی کەمەوە لە پرۆسەی بڕیارداندا، هەروەها هەژاری هەندێ جار وادەکات ئافرەت ڕووبەڕووی ئیستیغلالی سێکسی ببێتەوە (بڕگەی ٥٠) .

بۆ ئەم مەبەستەش، بەپێ پەیماننامەی (سیداو) وا لە دەوڵەت چاوەڕواندەکرێت کە هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتیدا و لەگەڵ پیاوانیشدا بە یەکسانیی مامەڵەیان لەگەڵدابکرێت بۆ ئەوەی مافی بەدەستهێنانی قەرزی بانکیی و ڕەهنی خانوبەرە بۆ ژنان دەستەبەر بکات، لەگەڵ چێوەکانی دیکەی دڵنیایی دارایی (بەشی سێیەم، مادەی١٣، بڕگەی ب).

### ٣. ٣. ٤. پوختە

بە گەڕانەوە بۆ ئەم واقیعە، بە باکگراوندە جۆراوجۆرەکانییەوە، ئافرەتانی کوردستانی پێویستییان بە ئاستە جیاوازەکان هەیە لە حکومەت بۆ هاتنە ناوەوە لە پێناو دروستکردنی ئیرادەیەکی سیاسی کە سیماکانی ڕوون بن و دەستپێشخەریی لە چاکسازی یاسایی پێویست و دانانی بەرنامەی ڕوون و تەرخانکردنی بودجە لە پێناو جێبەجێکردنیدا و زیادکردنی وەبەرهێنان بە جۆرەکانییەوە، بکات، لە پێناو زامنکردنی خستنە ناوەوەی ئافرەتان لە پرۆسەی گەشەپێدانی ئابووری لە ڕێگەی ئەم ڕێوشوێنانەی خوارەوە:

- لابردنی ئەو کۆسپانەی کە چوونە ناوەوەی ئافرەتی کوردستانی بۆ بازاڕی کار لەکەرتی گشتی سنووردرار دەکات.

- گرتنەبەری ڕێوشوێنی دارایی و ئابووری هاندەر بۆ کەرتی تایبەت لەسەر دامەزراندنی ئافرەتاندا.

- پاڵپشتیکردنی ڕۆڵ و دەستەڵاتەکانی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەماهەنگیی لەگەڵ لایەن و دامەزراوە ئابوورییە پەیوەندیدارەکان (سیاسات و داواپێدان) و دامەزراندنێکی (تەبەنییەکی) کارەکیی بۆ بەتواناکردنی ئابوورییانەی ئافرەتان لە ڕێگەی ڕێوشوێنگەلێکی ئەرێنیی لەوانەش (کوتا) وەکو نموونە.

- کارکردن لەسەر ڕەخساندنی هەلەکان بۆ ئافرەتان و بەتایبەتیش ئەو ئافرەتانەی کە پشتیوانی خێزانییان نییە، بۆ گەیشتن بەو بەخشینە نیشتمانی و نێودەوڵەتیی و قەرزەکان بۆ پشتیوانیکردنی پێکهێنانی کۆمەڵە پیشەییەکان و کۆمپانیاکان بۆ ژنانی کار (سیدات الاعمال) و تەبانیکردنی حکومەتی هەرێم بۆ ستراتیژییەتێکی تایبەت بۆ سنووردارکردنی دیاردەی هەژاری.

- گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ پشتیوانیکردنی مافی ژنانی گوندنشین لە موڵکدارێتی ئەو زەوی و زارانەی کە خزمەتی دەکات و ئیستیغلالکردنی داهاتە سروشتییەکان بۆ مەبەستگەلێکی بازرگانی لە چوارچێوەی گەشەپێدانی دادپەروەرانە و پاراستنی ژینگە.

- زیادکردنی هەلی ڕەخساوی کار بۆ ژنان لە ڕێگەی گەشەپێدانی کەرتە جیاوازەکانی ئابووری ودروستکردنی ژێرخانی پێویست.

- دابینکردنی بەرنامەگەلێکی ڕاهێنان بۆ ئافرەتان لە دامەزراندن و بەڕێوەبردنی وەبەرهێنانی بچووك و پرۆژە بازرگانییەکان و ئاسانکردنی قەرزەکان....

## ٣. ٤. بەشداریکردن لە بواری سیاسی و بڕیاردان

### ٣,٤,١. پێناسە

ژنان و پیاوان چەندین ڕۆڵ و ئەرك ئەنجامدەدەن، کە لە کاتی شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی وئابووری و سیاسیدا دانیپێدادەنرێت یان (لەوانەشە) کە دانیپێدانەنرێت. ئەم ڕۆڵە جیاوازانەش پرسەکانی بەدەستهێنانی داهاتەکان و تەحەکومکردن تێیدا و لەوانەش بەشداریکردن لە بڕیارداندا جیاواز بێت سەبارەت بە ژنان و پیاوان، ئەم جیاوازییەش لە پەیوەندییەکان و لە واقیعدا، لەسەر شێوەی نایەکسانی و نادادپەروەری و بەتوانانەکردن سەبارەت ژنانەوە، وەردەگێڕدرێت. لە ڕووی مێژووییەوە، تا ئێستاش دیموکراسییەت زیاتر خزمەت بە پیاوان دەکات تا ژنان، سیستمی سیاسی هەر لە کۆنەوە تا سەدەی بیست و یەکیش لەسەر دووفاقییەکی دژیەکی گشتی / تایبەت بنیاتنراوە کە بووتە هۆی دابڕینی ئافرەت لە هاوڵاتیبوون و تەرخانکردنی ڕۆڵ و بەرپرسیارییەتییەکانی وەك هاوسەر و دایکێك.

سیستمی باوکسالاریش بە باڵادەستیی نێرینەکان، پێگەی ژن لە سیاسەت و پەیوەندییەکانیدا سنورداردەکات: تیاید نێرینە و مێینەکان دەگورێت بۆ پیاوان و ژنان لە بنیاتێکی ڕیزبەندیی بۆ پەیوەندییەکانی جۆری کۆمەڵایەتی کە تیایدا پێگەی پیاو بە باشتر دەزانرێت، باڵادەستیی پیاویش لە سیاسەتدا، یارمەتی پارتە سیاسییەکان و بنیاتی سیاسیی فەرمیی دەدات هاوکارە لە پەکخستنی بەشداری سیاسی ئافرەتان، ئەو پارتە سیاسیانەشی کە پیاو تیادا باڵادەستە ڕەهەندێکی باوکسالاری نێرینەیی هەیە کە ئەو پرسانەی بایەخێکی نیشتیمانییان هەیە دیدی ئافرەتان لەبەرچاو ناگیرێت و داتر ئەمە ڕەنگی نەداوەتەوە لە سیاسەت و بەرنامەکانی خودی پارتە سیاسییەکان و لەمەش زیاتر ژنان هەڵنابژێردێت بۆ پۆستەکانی دەسەڵات لەجومگەکانی حیزبدا بە گوێرەی جەمگەی جۆری کۆمەڵایەتی تایبەت بە دابەشبوونی دەستەڵاتی ئاسایی، هەروەها کۆبوونەوە خولاوەکان و ئەنجومەنەکان و یان تەنانەت دانیشتنەکانی پەرلەمانیش لە کاتێکدا ڕێکدەخرێت کە لەگەڵ بەرپرسیارێتییەکانی ماڵەوەی ژناندا ناگونجێت، هەر بۆیە ئەم هۆکارانەش لاوازیی بەشداریی ئافرەتان لە بواری سیاسی و بڕیارداندا، ڕووندەکاتەوە.

### ٣. ٤. ٢. واقیعی بەشداریکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا

وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا هاتووە، بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە ژنانەوە هەیە هەر لە بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتیدا و گۆڕانی ئەرێنی لە ئاراستەکانی کۆمەڵگا بەرەو کارکردنی لە دەرەوەی

ماڵدا، بەڵام تا ئێستاش کەلێنیکی کەورە هەیە لە نێوان ژن و پیاودا لە زۆربەی بوارەکاندا لە نێویشیاندا بۆ نموونە وەرگرتنی پۆستە باڵاکان و ناوەندە سەرکردایەتییەکان ج لە دامەزراوە فەرمییەکان یان نافەرمییەکاندا.

ئەگەر بەشداریکردنی ژنانی کوردستانییش لە هەموو ئاستەکاندا پەرەیسەند، ئەوا تا ئێستاش لە خواستەکانی خودی ئافرەتان و داخوازییەکانی یەکسانی، و مافی مرۆڤ و گەشەپێدانەوە دوورە. ئاماژە بەردەستەکانیش لەبارەی ئافرەتانەوە لە پێگەکانی بڕیارداندا (٢٠٠٩) ئەوەی کە تایبەتە بە حکومەت و دەزگانانییەوە، ئەوە دەردەخەن، کە لە کابینەی "پێهاتە" حکومەتی ئێستا تەنیا یەك وەزیرێکی ژن هەیە (وەزارەتی کار و کاروباری کومەڵایەتی) و (١٣) ئافرەتیش لە پۆستی بەڕێوبەری گشتی و (١٣) ژن لە پۆستی یاریدەدەری بەڕێوبەری گشتی و سەرباری ژمارەیەك شارەزا لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا.

هەرچی لەسەر بەشداری سیاسییە، ئەوا لە ئێستادا، لە کۆی (١١١) نوێنەردا، ژمارەی ئافرەتان (٤٣) نوێنەرە لە پەرلەمانی کوردستان ئەمەش بە یارمەتی سیستمی کۆتا، ئەمە و سەرەڕای هەبوونی کەمی ژنان لە ناوەندە سەرکردایەتییەکانی لە پارتە سیاسییەکاندا کە دەگاتە زیاتر لە (٣٠) ئافرەت. ئەوەشی کە تایبەتە بە کەرتی دادوەریی و ئاسایش، و بەڕێوبەری ناحیە و بەڕێوبەری قەزاکان و (٥٠) ئەفسەری ئافرەت هەیە و سەرباری ژمارەیەك ڕاوێژکار.

ڕێژەیەکی تاڕادەیەك یەکسانیش لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا هەیە لە وەرگرتنی پۆستە کارگێڕییەکان وەك بەڕێوەبەر لە دامەزراوە پەروەردەییە خزمەتگوزارییەکان بێجگە لە فێرکردنی باڵا، بە هۆی قبوڵکردنی کۆمەڵگا بۆ ئەم جۆرە ڕۆڵە تقلیدییەی نزیك لە ڕۆڵی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)کەی خۆی و ئەمەش جەخت لەسەر لاوازیی پێگەی وەزیفی خۆی بەتایبەتی سیاسی وئابووری، دەکاتەوە کە باوەڕ وایە ئەمانە بواری کاری نێرینەن.

لەڕاستیدا، وێڕای گۆڕانی هەندێ ئاراستە لەبارەی بەشداری سیاسی ژنان و کاری سەرکردایەتییانە، بەڵام زاڵبوونی نێرینە لە واقیعی کارەکییدا زۆر بە ڕوونی دیارە، بە شێوەیەك کە ڕۆڵی ئافرەت تەنیا لە نوێنەرایەتیکردن لە پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاکان و شارەوانییەکاندایە، لەکاتێکدا لە ڕاپەڕاندنی حکومی و دابەشکردنی وەزارەتەکان وەك پۆستێکی سەرکردایەتی و سیادییدا، ونە.

لە بواری دامەزراوەییشدا، چ فەرمی یان نافەرمی، بەشداری ژنان تەنیا لە کارە ڕۆتینییە کارگێڕی و مەکتەبییەکاندا (وەك کارکگڕییەکی ناوەند) و نزمتر وەك سکرتارییەت وکارە کارگێڕییەکاندا، کورتدەبێتەوە... ئەمەش بەڵگەیە لەسەر دابەشبوونی نا هاوتا بە بەراورد بە پیاوان لە ڕووی نوێنەرایەتی فەرمی لە سەر ئاستی دامودەزگا یان حکومەت و لە کۆنگرە و خول و کارگێڕییە سەرپەرشتیارییەکان لە دەرەوەی هەرێمدا.

بەتێبینیکردنی دەرکەوتنی ئافرەتانیش لە پەرلەمان و حکومەت و پۆستەکانی جێبەجێکردندا کە بەدەستکەوت دادەنرێت و ناتوانرێت نکۆڵی لێبکرێت.. تا ئێستاش ژمارەکە کەمە و گوزارشت لە چارەکی خوازراو ناکات لەلایەك، وهەروەها تێبینی دەکرێت کە ئەو ئامادەیی و نوێنەرایەتییە لە بنەڕەتدا لە مەیدانە تەقلیدییەکاندا چەقی بەستووە کە زۆربەکات لەگەڵ ئەرك و ڕۆڵی بەرهێنان (وەچەخستنەوە)ییدا دەگونجێت کە وینەی دەکێشێت بۆ ژنان و هەر لەسەر ئەو بنەمایەشدا بەهاکەی دادەمەزرێنێت.

### ٣. ٤. ٣. سەرچاوەی مافڕەوای وگەشەکردنی نێودەوڵەتی

دەقە سەرەکییەکانی حەوت پەیماننامە نێودەوڵتییەکان بە شێوەیەك یەکسان بەسەر ژنان و پیاواندا پەیڕەودەکرێت، دوو پەیماننامە سەرەکییەکەش (٧ بەندێکی تایبەت لەخۆدەگرن (٣) کە بەڕاشکاوی ئاماژە دەکات بە "یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان بەسوود وەرگرتن لەو مافانەی کە لە ناوڕۆکەکانیاندا هاتووە.. و لەوەش زیاتر "ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان" دیاریکرا بۆ یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان و بە (پسوولەی نێودەولتی)ش بۆ مافە مرۆییەکانی ژنان دادەنرێت.

لەو ڕێوشوێنە ستراتیژییانەی کە بەیان و پەیڕەوی (بیجینگ) کە بانگەشە بۆ گرتنەبەری دەکات – نایەکسانی نێوان ژنان و پیاوان لە بەشکردنی دەستەلأت و بڕیادان لەسەر هەموو ئاستەکان و نەبوونی میکانیزمی تەواو لەهەموو ئاستەکان بۆ پشتیوانیکردنی هەڵسانەوەی ئافرەتان (بڕگەی ٤٤) و دەروازەی بەشی سێیەمیش لەبارەی بوارەکانی گرنگییپێدانی یەکلایکەرەوە ئاماژە دەکات بۆ (جاڕنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ کە جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی مافی هەموو کەسێکە بەشداری لەحکومەتی ولأتەکەی بکات (...) لەبەر ئەوە بەدیهاتنی ئەو ئامانجەی کە بریتییە لە بەشداریکرنی ژنان و پیاوان وەك یەك لە بڕیارداندا، لە توانایدایە کە بیگەیەنێتە هاوسەنگییەك کە بەشێوەکی وردتر پێکهاتنی کۆمەڵگا پێشاندەداتەوە، ئەمەش پێویستە بۆ پاڵپشتیکردنی دیموکراسی و هاندانی جێبەجێکردنی دیموکارسی تەندروست. لەم بارەیەشەوە، بەشداریکردنی ئافرەتان لە ژیانی سیاسیدا بە یەکسانیی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ دەبینێت لە پرۆسەی هەڵسانەوەی ژنان بە شێوەیەکی گشتی. ئەم بەشداریکردنە بە داخوازییەك لە داخوازییەکانی دادپەروەری ودیموکراسی سادە دانانرێت و بەس، بەڵکو دەکرێت بە مەرجێکی پێویست دابنرێت بۆ ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیەیکانی ژنان (...) بەدیهێنانی ئەو ئامانجانەی کە لە یەکسانی و گەشەپێدان ئاشتیدا دەبینرێتەوە.

### ٣. ٤. ٤. پوختە

ئەوەی گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە دەتوانرێت لە سەرەتای جێبەجێکردنی ئەم ستراتیژییەتەدا دەستنیشانکردنێکی قوڵ بکرێت و کۆسپ و بەرەنگاربوونەوەگەلێکی دیکە دەستنیشانبکرێت کە هەر دەبێت یان دەکرێت تێپەڕێنرێت بە یارمەتی فراوانبوونی هەلەکانی بەشداریکردنی ژنان لە پێگەی بڕیارداندا و جێگیرکردنی کۆڵەگەکانی ئاشتی لە ڕێگای هاتنە ناوەوەگەلێکی کارا کە گۆڕانکاری یاسایی و دامەزراوەیی و هۆشیاری لەخۆ دەگرێت، گرنگترینیشیان:

- پەسەنکردنی یاسایەك لە پێناو فراوانکردن و پاڵپشتیکردنی دەستەلأت و توانا پرۆگرامیی و داراییەکانی ئەنجومەنی باڵای خانمان ڕاسپێردراو بە کاروباری ئافرەتان وەك ئامرازێکی سەرەکی بۆ بەتواناکردنی ئافرەت و خێزان و کۆمەڵگا و وەرگێڕانی پەیوەستنامەکانی هەرێمی کوردستان بۆ واقیعێکی بەرجەستە.

---

٧) پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە مەدەنی و سیاسییەکان و پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشنبرییەکان

- دانانی چوارچێوەیەکی کاتیی لە پێناو جێبەجێکردنی سیستمی جیاکاری پۆزەتیڤانە/ سیستمی کۆتا لە پۆستە سەرکردایەتییەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت بەو وەزارەتەکانەوە تا ئەو کاتەی گۆڕان لە عەقڵیەت و ژمارەکان روودەدات.

- بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە لیژنەکانی ئاشتەوایی نیشتمانی و کۆنگرەکانی ئاشتی و ئەرکە دیبلۆماسییەکان.

- دانانی بەرنامە و گرتنەبەری رێوشوێنێك کە بەشداربێت لە بەتواناکردنی ئافرەتان لە خودلێهاتوویی و داهاتە پێویستەکان لە پێناو بەشداری کارا لە گرتنەبەری بڕیارە چارەنووسسازەکان لە ژیانی گشتی و ژیانی تایبەتیدا.

- گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانەی کە کەفیلی قەربووکرنەوەی ئەو ژنانەی کە زەرەرمەند بوونە لە بارودۆخی ناکۆکییدا وەك بێوەژن و ڕاگوێزراوەکان.

- کاراکردنی یاسای رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دانانی میکانیزمی هاماهەنگیی و شەراکەت لەسەر ئاستی دامەزراوەکانی هەرێمدا.

- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمدا، ئەرکی چاودێریکردنی قەبارەی نوێنەرایەتی ئافرەتان لە دامەزراوەکان و بەشدایکرنی و پرسەکانی لە ئەستۆدەگرێت، لە ناویانیشدا ڕاگەیاندن و کەرەستەی جۆراوجۆری پەیوەندیکردن٨ و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتگەلی خولاو لە پێناو دانانی سیاسەتگەلێك لە کاتی پێویستدا یان هەموارکردنەوەی یان دەستکردن بەرێوشوێنێك کە ئامانجی هاوسەنگییە و نێگەتیڤەکان ڕاستدەکاتەوە و پۆزەتیڤەکانیش هاندەدات (سیستمی قەرەبووکردنوە / سزادان).

- دەستکردن بە پرۆژەگەلێکی ستراتیژیی و هەڵمەتگەلێکی چڕ و رێکخراو لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا و ڕای گشتی و تەرخانکردنی رۆشنبیرییەکی سیاسی بنیاتنراو لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لە پێناو گۆرینی وێنە جۆرییە تەقلیدییە باوەکان و وتەکانی تایبەت بە ژنان و پیاوان لە کۆمەڵگەدا لە رێگای ڕاگەیاندنێکی گەشەیی.

---

٨) رۆنامەنووسیی نووسراو و بینراو و بیستراو و پەیوەندییەکانی دیکە و پرۆگرامەکانی فێرکردن، شانۆ، سینەما، دراما، گۆرانی و پێگە ئەلکترۆنییەکان.

# چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدانی)

# ئافرەتان

# لە هەرێمی کوردستاندا

## سێیەم– چوارچێوەی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا: بنچینەیی (مەرجەعییەت)، دید و بنیاتی ستراتیژییەتەکە

### ١. چوارچێوەی بنچینەیی

#### ١.١. چوارچێوەی بنچینەیی یاسایی و گەشەسەندنی نیشتیمانی

ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕۆحی دەستووری عێراقی و پرۆژەی دەستووری کوردستانییەوە وەرگیراوە و لەسەر چەندین مادەیدا وەستاوە کە تایبەتە بە یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەز و یەکسانی لە بەردەم یاسادا و هەروەها ئەم ستراتیژییەتە لە ئیرادەی حکومەتی هەرێمی کوردسانەوە سەرچاوەدەگرێت بە هەڵسانەوەی گۆمەڵگە لە واقیعی ئێستایەوە. ئەم بنچینانەش ئاوێتەیەکی مەعریفی و سیاسی پێکدەهێنن کە تیایدا دیدی نیشتمانی و کەلتووری دەگونجێن و تایبەتمەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەبەر چاو دەگرێت لەگەڵ ئەو دیدە نێودەڵەتییانەی کە گوزارشت لە بنەماکانی جۆری کۆمەڵایەتی و مافە مرۆییەکانی ژنان دەکات.

هەروەها ستراتیژییەتەکە، پشت بە پابەندبوونە نێودەوڵەتییەکانی عێراق دەبەستێت لە چوارچێوەی ئەندامێتی دەوڵەتی عێراقی لە نەتەوە یەکگرتووەکان وەك جارنامەی گەردوونی بۆ مافەکانی مرۆڤ و بەڵگەنامە و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ، کە عێراق [٩] واژووی لەسەر کردووە لەوانەش ڕێککەوتننامەی "نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لەسەر ژنان / سیداو" سەربارى پلانەکانی کاری کۆنگرە نێودەوڵەتییەکان (ڤییەنا ١٩٩٣، قاهیرە، ١٩٩٤ و بیجینگ ١٩٩٥).

ستراتیژییەتی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەیە کە ستراتیژییەتی نیشتیمانی بۆ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لە هەرێمی کوردستان لە ئەنجامی ئەو هاوکارییە توندوتۆڵەی نێوان حکومەتی هەریم و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتوەکان، تەواو بکات، کە لە ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ یارمەتی ئاوەدانکردنەوە [١٠] (٢٠١١–٢٠١٤) وەرگێڕدراوە کە چەندین لایەن دادەپۆشێت و لەوانەش پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بەدیهێنانی گەشەیەکی ئابووری گشتگیر و بەردەوام و بەڕێوەبردنی ژینگە لە چوارچێوەی پێوەر و ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکان، وزیادکردنی هەلەکانی بەدەستهێنانی خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان و جۆرێتیی و وەبەرهێنان لەسەرمایەی مرۆیی و بەتواناکردنی ئافرەتان و گەنجان و مناڵان.

---

٩) بگەڕێوە بۆ لیستی هاوپێچەکان، هاوپێچی یەکەم: لیستی بنچینەییەکان (المرجعيات)

10 )United Nations Development Assistance Framework / UNDAF

## ١. ٢. چوارچێوەی بنچینەیی یاسایی و گەشەسەندنی نیشتیمانی

ڕێککەوتن و جاڕنامە و بەڵێن و بەرنامە نێودەوڵەتییەکان کە عێراق واژووی لەسەریان کردووە وەك پابەندبوونێك بەڕێزگرتن لە بنەماکانی و جێبەجێکردنی داخوازییەکانی لە میانەی یاسا و ڕێوشوێنە نیشتمانییەکانی، کە (مافەکانی مرۆڤ بۆ ژنان و منالآن بەشێکی جیانەبووەوەن لە مافە جیهانییەکانی مرۆڤ و جیاناکرێتەوە و نە جیاکردنەوە و نە لەتکردنیش قبوڵ دەکەن و بەشدایکردنی ئافرەتانیش بەشدارییەکی تەواو و یەکسانی لە ژیانی سیاسی و مەدەنی و ئابووری و کۆمەلأیەتی و ڕۆشنبیری، لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی هەرێمی و ئاستی نێودەولەتی، و بڕینەوەی هەموو جۆرەکانی جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز،  دوو ئامانجی کۆمەلگای نێوەدەوڵەتییە کە ئەولەویەتی خۆی هەیە).

بەیان و بەرنامەی کاری کۆنگرەی ڤییەننا ١٩٩٣ برگەی ١٨

# ٢. دیدگە

## ٢. ١. پێشینەی گشتی

ئەو دیدگایەی کە ستراتیژییەتی بەتواناکردنی ئافرەتان لە سوودوەرگرتن لە مافە مرۆییەکانی، لەو ڕاستییەوە دەستپێدەکات کە هەر کۆمەلگایەکی مرۆیی ناتوانێت ئەو پێشکەوتنەی کە دەیخوازێت لە ئێستا و داهاتوودا بەدەستیبهێنێت ئەگەر نیوەی دانیشتووانەکەی (لە ژنان) لە ژێر باری جیاکاری و شێواندنی مافە مرۆییەکان ژیان بەسەر ببات، کە هیچ جۆرە لەتککردنێك قبوڵناکات، و بە شێوەیەك کە ژنان لە بزاوتی کۆمەلگا دادەبڕێت و وێنەیەکی جۆری بۆ بوونی مرۆییان تەرخاندەکات ، کە پشتیوانی لە توندوتیژی دژیان دەکات و پاساویشی بۆ دێنێتەوە و پلەوپایەیان کەمدەکاتەوە و هانی کۆیلەبوونیان دەدات، بە پێی ئەو بەلگەنامەگەلێك (مسوغات) کە لەگەڵ روحی سەردەم و کۆڵەگەکانی لەگەڵ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەریدا، یەك ناگرێتەوە. بەتواناکردنی ئافرەتان لە سوودوەرگرتن لە مافە مرۆییەکانی خۆی، خۆی لە خۆیدا ئامانجێکی مرۆییە لە جیهانێکدا کە ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ یەکێك بێت لە ئاماژەکانی پێشکەوتنی کۆمەلگاکان و گەشەکردنیان، ئەم بنەمایەش هەموو واتاکانی خۆی  وەردەگرێت لەو کاتەوەی کە خودی کۆمەلگا هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەشەکردن.

ئەو ڕەوش و بەرەنگارییە قورسانەی ئاماژەی لە چەندین بۆنەدا پێدراوە، کاریگەری زیاتری هەبووە لەسەر ئافرەت لە هەرێمی کوردستاندا بە شێوەیەکی تایبەتی بێبەشی کردووە یان هۆکارەکانی بێبەشکردنی لەمافە سەرەکییەکانی زیاترکردووە لە کار خوێندن، تەندروستی و چاودێری کۆمەلأیەتی و ئەو پەیوەندییە خێزانییانەی کە ڕێزی یەکتر دەگرن بە شێوەیەك کە ئەم هەولأنە وادەکات کە چەسپادنی خودی ئەم مافانە پێویست بێت بۆ داد (انصاف)ی ئافرەتان، سەرەڕای ئەوەی کە پێویستییەکە بۆ بەرزکردنەوەی کۆمەلگا ودەولەت.

بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی بەتواناکردنی ژنان دەستکەوتێکی نیشتمانییە، دیدێکی داهاتووانە دادەمەزرێنێت کە کۆڵەگەکەی بنچینە نیشتمانیی، روحیی و یاسایی، و بنچینە نێودەوڵەتییەکانە کە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ بۆ ژنان دەستپێدەکات لە پێناو بنیاتنانی جیهانێك ئاشتی تێدا بەرقەرار بێت، و کۆمەڵگایەکی کارا وەڵامی بەربەرەکانی سەردەم بداتەوە، و لە گەشەی مرۆیی بەردەوامەوە روویەکی تر بۆ ئازادی ببینێت و دادپەروەری لە سەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی وەك ڕێبازێك ببینێت، بۆ دروستکردنی پەیوەندییگەلێکی مرۆیی کە خاوەن هاوتایی و هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و روحی هاوڵاتیبوون بێت.

ئەو هەلانەی کە بۆ ئافرەتان ڕەخساون، جۆراوجۆرن، بەلام ئەوانە نابنە ڕاستییەکی واقیعی بەبێ کۆششێکی ڕێکخراو و دیدگایەکی ڕوون، و دەشتنیشانکردنی ئاماژەکانی واقیع، و میکانیزمە دامەزراوەییە کاراکان و بنیاتێکی یاسایی کە تەوەرەکەی یەکسانی و دادپەروەری و ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سیستمی کۆمەلأیەتی و تەندروستی و فێرکاری و هەلی سیاسی و پیشەیی کە تیایدا پیاو ژن یەکسان بن لە دەستڕاگەیشتنی بە بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانی. ئەم ستراتیژییەش لەپێناو ئەوەی ئەو کاروانە دەستپێبکات بەرەو ئامانجە گەورەکان، هاتووە ( بۆ بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی لە سوودوەرگرتن لە مافە مرۆییەکانی) .

## ٢.٢. پرۆگرامی ستراتیژییەتەکە

پرۆگرامی بەتواناکردن بە کۆڵەگەیەکی بنەڕەتی و کارەکی دادەنرێت لە یەك کاتدا بۆ ستراتیژییەتی بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتان و بەتواناکردنیش سەرباری ئەو پێناسەیەی کە پێشتر باسکراوە، ئەوەیە کە: دەبێت هەموو ئەو ڕێوشوێن و تەدبیرانە بگیرێتەبەر کەوا لە ئافرەت دەکات بەربەستەکان تێپەڕێنێت وئیستیغلالی ئەو هەلانە بکات کە بەردەستن لە پێناو پڕکردنەوەی کەلێنەکانی جۆری کۆمەلأیەتی و بەدیهێنانی یەکسانی، گرتنەبەری ئەم ڕێوشوێن و(تدابیر)انەش لە رووی یەکسانی ودادییەوە دێت. ئەگەر داد و یەکسانیش بنەمای بنەڕەتی بن لە مافەکانی مرۆڤ ئەوا لە ڕاستیدا بە کەلێنگەلێك کە پڕاوەکردنی جیاکاری و بە شێوازە جۆراوجۆرە زۆرەکانییەوە دەناسرێتەوە، یەکسانی بەردەوام بەگوێرەی خوازراو دادپەروەر نەبووە، لە زۆربەی کاتەکاندا ڕێوشوێن و سیاسات و پرۆگرامگەلێکی تایبەتن بە ژنان لە پێناو لابردنی جۆرەکانی جیاکاری. هەروەها بەتواناکرن بە واتای پشتیوانیکردنی پێگە ژنان لەناو خێزان و کۆمەڵگا و دامودەزگاکان دێت بە شێوەیەکی گشتی و پرۆسەیەکی بەردەوامی دوولایەنە لەخۆدەگرێت، بەدیهێنانی لە ماوەیەکی دووردا دەبێت. ئەگەر مەبەست لەم بەتواناکردنە بریتی بێت لە بەشدارییپێکردنی ئافرەت یان دانانی لە پۆستە بالأکان و بڕیاردان بێت ، ئەوا پشتیوانیکرنی لەو پۆستانەشی کە کەمتر بەخت تیادا یاوەری دەبێت، دەگرێتەوە، وەك ئەوەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە دابینکردنی پێداویستییەکان وخزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکان، بۆ نمونە هەڵبژارنی ئازادانە لە ڕێکخستنی خێزاندا. بەم مانایەش، بەتواناکردن مانای کردنەوەی بوارە بۆ ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە هەموو بوارەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەلأیەتی و سیاسی، و بەخشینی توانای تەحەکومکردن بە هەڵبژاردنەکانییەوە بەوەی کە پێگەی بەرزکاتەوە و بەشداربێت لە یەکسانبوونی بە پیاوان، و بەدەستهێنانی ئەو داهاتانەی بۆی دەگونجێت.

وەستانی ستراتیژییەتەکە لەسەر پرۆگرامی بەتواناکردن مانای ئەم چەمکە فراوانتر دەکاتەوە، بە ڕۆشنبیریشەوە، بۆیە دەبێت ڕەهەندی ڕۆشنبیری بۆ بەتواناکرن لە هەموو دیدگایەکی گەشەییەوە ئامادەبێت بەوەی وەك بەربەرەکانییەك بۆ کەلتووری جیاکاری و هەرسکردنی مافەکان، و ئەمەش ئامانجەکەیە بۆ لەوە دوورتر لە دەستبەسەراگرتنی داهاتەکان و بنیاتنانی تواناکان و وەرگرتنی پێگەکانی بڕیاردان و باشکردنی بەرهەمهێنان، هەروەها بەتواناکردن لایەنی دەروونی گرنگ لەخۆدەگرێت کە خۆی دەبینێتەوە لە گەشەپێدانی وێنای پۆزەتیڤ لەسەر خود و متمانە بە توانای ئەنجامدان و بەشداریکردن لە ژیانی کۆمەڵگا و لەسەر پێی یەکسانی لەگەڵ پیاواندا. بەتواناکردن پرۆسەیەکی لەخۆوە نییە، بەڵکو دیدێکی ستراتیژی واقیعییە دەتوانرێت وەربگێڕدرێت بۆ جێبەجێکردنی پلان و بەرنامە و ئەوەش پوختەی کۆششی تەواوکارییە لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا و تاکە پەیوەندیدارەکان لە ژنان و پیاواندا.

## ٣. بنیاتی ستراتیژی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان)[11] ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا

کارکردن لە دانانی چوارچێوە لە پێناو بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) ئافرەتی کوردستانی بە چەندین قۆناغدا تێپەڕیوە تا سنووری گەیشتن بە دەستنیشانکردنی بوارەکانی گرنگیپێدان و ئەولەویات، دەستنیشانکردنی کەلێنەکان و بەربەستەکان و لە کۆتاییدا کێشانی وێنەی زنجیرەیەك ئەنجام لە سەر چەند ئاستێك لە پێناو ڕوودانی گۆڕانێکی خوازراودا.

### ٣. ١. ڕێڕەو

دوای شیکردنەوەی ڕەوشی گشتی لە عیراق وەك گشت و ڕەوشی تایبەت بە هەرێمی کوردستان، بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان و ئەولەوییەتەکان دەستنیشانکران کە لە داهاتوودا ئامانجی ئەم ستراتیژییەتە چارەسەرکردنیانە بە پەیڕەوکردنی ئەم قۆناغانەی خوارەوە

- پێداچوونەوە بە واقیعی تایبەت بە هەموو مەیدانێك پاڵپشت بە گرنگترین ئاماژەکان لە کاتی بەردەستبوونیاندا
- دەستنیشانکردنی بەربەستەکان و هەلە بەردەستەکان لە دیدی جۆری کۆمەلآیەتی و مافەکانی مرۆڤەوە
- شیکردنەوەی هۆیەتیی لەسەر هەموو ئاستەکان لەسەر بنەمای پەیڕەوی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامدا
- دەستنیشانکردنی ڕۆڵەکانی خاوەن مافەکان وئەرکەکان (ژنان وپیاوان).
- دەستنیشانکردنی کەلێنەکان و تواناکان بۆ خاوەن مافەکان و ئەرکەکان (ژنان وپیاوان)
- ڕێکەوتنی مەبدەئی لەسەر ئامانجە بەدیهاتووە چاوەڕوانکراوەکان بۆ چارەسەرکردنی پرسەکە و ڕودانی گۆڕانکاری لە سەر ئاستە جیاوازەکان
- هەروەها دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو گریمانانەی کە پشکداردەبێت لە بەدیهێنانی ستراتیژیەتەکە و ڕێکەوتن لە سەری و بەهەمان شێوەش مەترسییەکان کە هەڕەشەن بۆ هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە یان ئاستێك لە ئاستەکانی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە پێناو ئەنجامدانی ڕاستکردنەوەی پێویست لەوانەش دابەزینی ئاستی خواستەکان(تموحات) بە نسبەت گۆڕانی خوازراو

[11] Stratigic framework

- پوختکردنەوەی زنجیرەی ئەنجامەکان و وەسفکردنی ڕێڕەوەکە لە پێناو پشتبەستن و جێبەجێکردنە ستراتیژییەتەکە
- دانانی ڕیزکراوەی ئەنجامەکان بە نیشاندەرەکانیشییەوە خشتەی لە شیکاری و دەستنیشانکردنی زنجیرەی ئەنجامەکان بۆ ڕیزکراوەی ئەنجامەکان هاوپێچی 1
- دەستنیشانکردنی ڕۆڵی شەریکەکان و گروپە بە ئاماجکراوەکان خشتەی لە ڕیزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی شەریکەکان و گروپە بە ئاماجکراوەکان هاوپێچی (2).
- دەستنیشانکردنی چوارچێوەی چاودێری و هەڵسەنگاندن: خشتەی لە ڕیزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی چاودێری وهەڵسەنگاندن هاوپێچی (3).

## ٣.٢. بوارە سەرەکییەکانی گرنگیپێدان – یەکەمییەکان

ئەمانەی خوارەوە ئەو یەکەمییانەن کە ڕێکەوتن لەسەر چارەسەرکردنی کرا بە گوێرەی هەموو بوارێکی گرنگیپێدان

- خوێندن: دەچوون نەگەڕانەوەی کچان بۆ خوێن لە ئاستە جیاوازەکاندا
- تەندروستی و تەندروستی بەرهێنان: سوودمەندنەبوونی ژنان لە مافی تەندروستی بە شێوەیەکی گشتی و مافی تەندروستی بەرهێنان بە شێوەیەکی تایبەتی
- تواناسازی ئابوری: سوودمەندنەبوونی ئافرەتان لە سەرچاوە و خزمەتگوزارییەکان بەهۆی لاوازی بەشداری ئابوورەیەوە بە شێوازی جۆراوجۆر و کەمی توانای لە بواری ئابووری و بوارە کارێگەرییەکانی تر
- بەشداری سیاسی: ئامادەنەبوونی ژنان لە بواری سیاسی و بڕیاردان و بەشدارینەکردنی لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا بە شێوەیەکی لاوازنەبێت
- بنیاتنانی دامەزراوەیی و تەکنیکی: لاوازی توانای ئەنجومەنی باڵاوەك دەزگایەی پەیوەندیدار بە کاروباری ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان
- چوارچێوەی یاسا و یاسادانان: کەلێن و درزیەکان لە سیستمی یاسایی و یاسادانان وهەڵسوکەوتەکان کە کاریگەر بە شێوەیەکی نەگەتیڤانە لەسەر پرەنسیپی یەکسانی

## ٣.٣. کەلێن و بەربەرەکانییەکان

سەرەڕای پرسەکانی گەشەپێدان و مافەرەوایی کە دەستنیشانکران بۆ وەصف و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستانی شیکردنەوەی ڕەوشی ئافرەتان و ئەو جیاکارییەی لەسەر بنەمای جۆری کۆمەلایەتی هەیە کۆمەڵێك ئاستەنگ و

کەڵێن لە بوارە جیاوازەکاندا زەقدەکاتەوە کە پێویستە چارەسەر بکرێن ئەگەر ویستمان چارەسەری ئەو پرسانەی ئافرەتان بکەین کە خراونەتە ڕوو لەوانە

### ۳. ۳. ۱. چوارچێوەی یاسایی و تەشریعی و دامەزراوەیی ناهاندەر

سەرەرای دەرکردن و هەموارکردنی زۆرێک لە یاساکانی سەرخستنی لایەنگر بۆ مافەکانی ژنان بەلام تا ئێستاش لاوازی هەیە لە جێبەجێکردن و کاراکردنی ئەم یاسایانە و بڕیارەکانی دامەزراوە فەرمییەکان بۆ ڕێگرتن لە جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنان، هەروەها تا ئێستاش دەزگای یاسا و یاسادانان بە چەندین کون و کەلەبەر دەناسرێتەوە و ئەمەش پێداچوونەوەی یاسا و ڕێساکان بۆ دەستنیشانکردنی جیاکاری دژی ئافرەتان و دەرکردنی یاسا و ڕێسا بۆ پاراستنی ئافرەتان و سزادانی ئەوانەی کە مافە مرۆییەکانیان پێشێلدەکەن، دەگەیەنێت.

### ۳. ۳. ۲. بنیاتنانی توانای تەکنیکی و دامەزراوەیی و مرۆیی و بەتواناکردنی کارمەندان (ژنان و پیاوان) ی بواری مافە مرۆییەکانی ژنان

- دروستکردنی داتا بەپیت کە پێویستە لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە زانستییە وردەکانی پەیوەست بە پرسەکانی ژنان، ئەمەش بەردەست نەبوونی زانیاری ورد لەسەر قەبارەی دیاردەی جیاکاری و توندوتیژی دژ بە ژنانی لێکەوتۆتەوە لە ڕووی بڵاوبوونەوەیان و شێوازەکانی کە دەبێتە هۆی کەمی هۆشیاری لەبارەی ئەوەی کە پەیوەندییان بە ئافرەتانەوە هەیە بە شێوەیەکی گشتی و لە نێوان پسپۆران و پەیوەندیداران بە شێوەیەکی تایبەتی. لێرەشەوە دەبێت کاربکرێت بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە بۆ باشکردنی زانینی ڕەوشی ئافرەتان و وردبوونەوە تێیدا بە شێوەیەک کە ڕێگە خۆشبکات بۆ دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ دروستکردنی داتا بەپیس لە پێناو پلاندانان و بە بەرنامەکردن لەسەر ئەنجامەکان و دانانی سیستمی چاودێری و هەڵسەنگاندن و لێپرسینەوە، ئەوانەش لە چوارچێوەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکانی دەربارەی ڕەوشی ژنان، هەروەها ئامارەکان و ئاماژەکان باشترین بەلگەن لە لایەک لە چوارچێوەی سەرخستنی پرسەکانی ئافرەتان و داکۆکیکردن لێیان و لەلایەکی دیکەشەوە پێوانەی گۆڕان و پەرەپێدان
- دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە، سەبارەت بە چارەسەرکردنی پرسەکانی جیاکاری دژ بە ژنان بەدەست لاوازی توانای پیشەیی و تەکنیکی و کارگێڕی و دامەزراوەییەکانەوە دەناڵێنن، سەرباری لاوازی زانین و هۆشیاری کادرە پەیوەندیدارەکان لە بواری یاسا نیشتمانییەکان و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییەکان و مافە مرۆییەکانی ژنان
- وێناکردن و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتێک بۆ ڕاهێنانی پیشەوەر و کارگەرەکان (ژنان و پیاوان) لە دامەزراوە حکومییەکان و کۆمەلگەی مەدەنی و کارکردن لە ژمارەیەک بوار کە یەکەمیان تێکەڵکردنی جۆری کۆمەلایەتی لە پرۆسەی پلانی گەشەپێدانی گشتگیر و هەروەها لە کەرتە پەیوەندیدارەکان و هەروەها ناوەرۆکەکەی چۆنێتی ئەنجامدانی وردبینی سیاسەتەکان و بەرنامەکان و ڕێساکان لە دیدی جۆری کۆمەلایەتییەوە لە خۆدەگرێت
- داهێنانی (استحداث) بودجەی هەستیاری بۆ جۆری کۆمەلایەتی: تەرخانکردنی دامەزراوە حکومییەکان لە سەرچاوەی دارایی تەواو بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی مافە مرۆییەکانی ئافرەتان، دامەزراوەکانی کۆمەلگەی

مەدەنیش بەدەست نابەردەوامی ئەو پشتگیرییە داراییەی کە پێشەکشیاندەکرێت لە لایەن دامەزراوە حکومی و نێودەوڵەتییەکانەوە، دەناڵێنێت ئەمەش مانای تەرخانکردنی بودجەیەکی سەربەخۆ بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەگەیەنێت و دووبارە دابەشکردنەوەی دادپەروەرانەی داهاتەکان بە ئامانجی کەمکردنەوەی کەلێنەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لەگەڵ بەرزکردنەوەی ڕێژەی تەمویلکردنی بەرنامە تایبەتمەندەکان بە پرسی تواناسازی ئافرەتان و جۆری کۆمەڵایەتی لە گشت دامەزراوە حکومییەکان بە گوێرەی پسپۆری و پێویستی.

## ٣. ٣. ٣. بەرزکردنەوە ئاستی هۆشیاری پەیوەست بە گرنگی پرسەکانی یەکسانی سەبارەت بە کۆمەڵگە وەک گشتێک

کۆمەڵگەی کوردستان جیاوازتر نیە لە کۆمەڵگە باوکسالاریەکانی تری ناوچەکە و دەرەوەی ناوچەکە و بەتایبەت ئەوەی کە پەیوەستە بەتەبەناکردن و بڵاوبوونەوەی هەندێ هەڵسوکەوتی زیانبەخش کە پێشینەیەکی کەلتووری و کۆمەڵایەتی هەیە و پشتیوانی چەمکی جیاکاری دژ بە ژنان دەکات و لەهەمان کاتدا ڕێگرن لە هەوڵە دژەکان بەوەی کە ئەو هەوڵانەی دراون بۆ پێدانی مافەکان بە ئافرەتان هاندەرێکە بۆ وەرگەڕانەوە و دەرچوون لە عورفی کۆمەڵایەتی. لەم ڕوانگەیەشەوە دروستکردنی تۆڕ و هاوپەیمانێتی پێشنیار دەکرێت لە پێناو ڕێکخستنی کەمپەینی ڕاگەیاندن کە کۆمەڵگە بەگشتی بکات بە ئامانج و هەندێ گروپ و کۆمەڵە و بەشێوەیەکی تایبەتی ئەوەی کە کاریگەرە لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و هۆشیاری پیاوان و ئافرەتان بە مافەکانی مرۆڤ وەک بەشێکی دانەبڕاوی و پەرەپێدانی هەستی جۆری کۆمەڵایەتی لەگەڵ شەونخونی لەسەر پاڵپشتی تواناکان و ڕۆڵکانی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و پەروەردەیی دەستپێك لە هەڵسەنگاندنی مەنهەجەکانی قوتابخانە و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن لە دیدی جۆری کۆمەڵایەتییەوە

## ٤. ڕیزکراوی ئەنجامەکان

مەبەستی سەرەی ستراتیژییەتەکە بەتوانکردنی ئافرەتانی کردستانی لە سوودمەندبوون لە مافە مرۆییەکانی خۆی لەخۆدەگرێت

بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستەش لە دوور مەودا و لە ڕێگەی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان ژنان و پیاوان لە بوارە جیاوازەکانی ژیاندا، وێنەی ژمارەیەك ئاکام بۆ ستراتیژییەتەکە کێشراوە کە لە داهاتوودا بەشداردەبێت لە بەدیهێنانی ئەنجامی بەرجەستە لە مەودای کورت و مامناوەند (دەرهاوێشتەکان) بۆ ئەوەی ئامانجی ستراتیژییەتەکە بەشێوەیەکی تەدریجی ببێت بە واقیعێك لە ژیانی ئافرەتی کوردستانی و کۆمەڵگەکەیدا. بنیاتی ستراتیژییەتەکەش بە ئاکام ئەنجام[12] و ژمارەیەك دەرهاوێشتە[13] تەواو دەبێت کە دواتر بەشداردەبێت لە بەدیهێنانی هەر یەك لەوانەی لە خوارەوەدا وێنەکراوە

[12] Outcomes

[13] outputs

## ١. ئاكامی یەكەم: ژینگەیەكی یاسایی و تەشریعی كە لەگەڵ بنەماكانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەكان یەكبگرێتەوە.

ئەمەش مانای وەرگرتنی ئامادەكاری یاسادانان دەگەیەنێت كە بنەماكانی یەكسانی و دادپەروەری لە نێوان هەردوو رەگەز لە ماف و ئەركەكانیان بچەسپێنێت، كە لە (٣) دەرهاوێشتدا بەدیدێت:

١. ١. ڕەشنووسی یاساكان ڕێوشوێنی پشتپێبەستراو بۆ لابردنی كەلێنەكانی جیاكاری دژ بە ژنان و بەدیهێنانی یەكسانی پیاو – ژن.

١. ٢. دامەزراوە حكومییە پەیوەندیدارە ڕاهێنراوەكان لە پێناو جێبەجێكردنی یاساكان و بڕیارە تایبەتیەكان بە مافەكانی ژنان.

١. ٣. هاوپەیمانییە بنیاتنراوەكان بۆ كۆكردنەوەی پشتیوانی لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەكان ڕێوشوێنە پێشنیاركراو.

## ٢. ئاكامی دووەم: سیاسەتێكی فێركاری چۆنایەتی پشتپێبەستراو یەكسانی جۆری كۆمەڵایەتی جێبەجێبكات

دەرنەچوونی كچان لە قوتابخانە هەر لە قۆناغی سەرەتاییەوە و زیادكردنی گەڕانەوەی كچان بۆ بەر خوێندنی دواناوەندی و فراوانكردنی خوێندنی بەزۆر بۆ قۆناكی بنەرەتی وكاراكردنیدە خوازرێت، ئەمەش وەرگرتنی ئامادەكارییەكی وا دەخوازێت كە زامنی گشتگیری پرسەكانی جۆری كۆمەڵایەتی بكات لە پرۆگرامەكانی قوتابخانەدا و باشكردنی ژینگەی قوتابخانەكانی كچان بە شێوەیەك كە بتوانێت پێداویستییە فێركارییەكان دابینبكات. بۆ بەدیهێنانی پێشنیاری بەدیهێنانی گۆڕانكاری لە ژمارەیەك لە ئاستەكان دەكرێت لە وانە زانستی وخزمەتگوزاری

٢. ١. ڕێوشوێنی پێشنیاركراو بۆ پڕكردنەوەی كەموكورتییەكان و لەبەرچاورگرتنی پێداویستییەكانی كچان لە قوتابخانەكانی كچان لە ناوچە بێبەشكراو و پەراوێزخراوەكان و بەتایبەتی لە قەزا و ناحیە و گوندەكاندا.

٢. ٢. توانای كادرە فێركەرەكانی پشتیوانكراو لە پێناو تێكەڵكردنی جۆری كۆمەڵایەتی و مافەكانی مرۆڤ لەناو بەرنامە و منهاجەكانی خوێندندا

٢. ٣. بەرنامەی پێشكەوتوو بۆ داهێنانی بەشی تایبەت لە خوێندی ژنان و جۆری كۆمەڵایەتی لە زانكۆ حكومی و ئەهلییەكاندا

٢. ٤. ئاستی هۆشیاری ڕای گشتی پشتیوانكراو لە بارەی زۆرەملێ و خۆراییبوونی خوێندن لە دیدی یاسایی ومافپەروەرییەوە

## ٣. ئاکامی سێیەم: سیاسەتێك بۆ تەندروستی بەرهێنان بۆ هەموو قۆناغەکانی ژیان لە هەرێمی کوردستان پشتپێبەستراو کاراکراو

وەزارەتی تەندروستی هەوڵدەدات بۆ ئامادەکردنی پێداویستییە پێویستەکان کە گەرەنتی مافی هاولاٌتیان (ژنان و پیاوان) لە سوودمەندبوونیان لە تەندروستی گشتی و تەندروستی بەرهێنان بە شێوەیەکی تایبەتی و لەئەستۆگرتنی بەرێوەبردنی دامەزراوەکانی خۆپاراستن و چارەسەرکردن و ئامادەکردنەوە و پەرەپێدانیاندەکات. هەروەها کاردەکات لە سەر پێشکەشکردنی چاودێری تەندروستی و بلاوکردنەوەی هۆشیاری تەندروستی و هەوڵدەدات بۆ بنیادنانی سیستمێکی تەندروستی پشتدەبەستوو بە چاودێری تەندروستی چونکە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە کە خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان مسۆگەر دەکات و سوودمەندبوون لە مافەکان لە رێگای کارکردن لەسەر بەدیهێنانی تەواکاری نێوان هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتیش مسۆگەردەکات.

٣. ١. یەکەمینگەلێکی بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی بەرهێنان بۆ ساڵی 2015 2011 کە تازەکراوەتەوە لەوانەش لە تێڕوانینی جۆری کۆمەلاٌیەتی و مافەکانی مرۆڤەوە.

٣. ٢. ڕووماڵکردن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەرهێنانی گونجاو لەگەل ئاماژەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و فراوانکراوە لە بنکەکانی تەندروستی بەرهێنان.

٣. ٣. توانای پێشکەشکەرانی خزمەتگوزارییەکان، پشتبەسوو بە لایەنی کەم ب 4 پێکهاتە لە تەندروستی بەرهێنان.

٣. ٤. کەمپەینێکی نیشتمانی جێبەجێکراو بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنان و خێزانەکان دەبارەی گرنگی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەرهێنان لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری بینراو و بیستراو و خوێندراو و تۆڕە کۆمەلاٌیەتییەکان.

## ٤. ئاکامی چوارەم: ڕێژەی بوونی ژنان لە بازاڕی کاردا لەماوەی ستراتیژییەتەکەدا بەرزبێتەوە لە 12.9 بۆ 23.

ئەو سیاسەتەی لەم سۆنگەیەدا خوازراوە بریتییە لە گرتنەبەری رێوشوێنگەلێکی تەشریعی و جێبەجێکاری بۆ دابینکردنی هەلی کار و پاراستنی ژنی کارگەر تیایدا، بەوانەوەش کە لە کەرتە نافەرمییەکاندان هەروەك دۆخی کەرتی کشتوکاڵی و لەگوندەکان و تەبەناکردنی ستراتیژییاتی پاڵپشت بۆ جۆری کۆمەلاٌیەتی لە وەزارەتەکانی ئابوری و تەبەناکردنی سیاسەتگەلێك کە هانی کەرتی تایبەت بۆ دابینکردنی هەلی کارکردن بۆ ئافرەتان لە هەر شوێنێکبوون و بەتایبەتیش هەژارەکانیان.

٤. ١. هەموارکردنی ئەو تەشریعات و یاسیانەی کە تایبەتن بە کار و خانەنشینی و وەبەرهێنانی پێشنیارکراو بۆ بەخشینی حوافزی هاندەری بۆ ژنان.

٤. ٢. توانای ژمارەیەك لە ژنان و دامەزراوە و کۆمەڵەکانی ژنان کە لە ڕووی هونەرییەوە بنیاتنراوە بۆ پشتیوانیکردنیان بۆ چوونە ناو بازاڕی کارەوە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتییدا.

٤. ٣. توانا پەرەپێدراوەکانی ئافرەتانی گوندنیش بۆ بەتواناکردنی لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە سەر ئاستی دامەزراوەیی و تەکنیکی.

٤. ٤. کەمپەینێکی جێبەجێکراو و هاوپەیمانێتی بنیاتنراو لەگەڵ رێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوەی پیشەیی لە پێناو هاندانی ئافرەتان بۆ ئەندامبوون تیایان و بەشداریکردن لە بەرێوبردنیاندا.

٤. ٥. زیادکردنی توانای ئافرەتانی کوردستانی لە بواری دابینکردنی هەڵ بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا لە رێی سوودوەرگرتن لە بەرنامەی حکومەت دەربارەی تواناسازی

## ٥. ئاکامی پێنجەم: ئاستێکی بەرز لە بەشداریکردنی ژنان لە پێگەکانی بریاردان و بنیاتنانی ئاشتیدا

گرتنەبەری رێوشوێنە پێویستەکان بۆ زیادکردنی بەشداریی ئافرەتان لە کاروباری سیاسی و بریارداندا پێویستی بەکارکردنە لەسەر ئاستەکانی تەشریعی/ یاسایی و سیاسی و رۆشنبیری لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری دخوازێت لە بنیات و پراوەکان کە رۆڵیان پاڵپشتیکردنە بۆ ئەو بەشداریکردنە.

٥. ١. پاڵپشت بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش (1325)، رێوشوێنە یاسایی و تەشریعییەکان و ئامادەسازی کارگێری پێشنیارکراو بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئافرەتان لە پێگەکانی دانانی سیاسەتەکان و بریارداندا بە رێژەیەک لە 40٪ کەمتر نەبێت لە ئەنجومەنە هەڵبژێدراوەکان و دامەزراوە حکومییەکان و لە 45٪ کەمتر نەبێت لە ناو پارتە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا.

٥. ٢. توانا و لێهاتووییەکانی ژنان بونیادنراو لەسەر خودبەتواناکردنی پێشەوایکردن.

٥. ٣. ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و ژنان سەبارەت بە گرنگی مافەکانی ژنان لە پرکردنەوەی پۆستە بەرزەکانی سەرکردایەتی

## ٦. ئاکامی شەشەم: ئەو دامەزراوانەی تایبەتن بە کاروباری ئافرەتان پشتیوانیکراون بە داهات و دەستەڵاتگەلێك کە رێیپێدەربێت بە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە کاراییەکی کاریگەرانە لەسەر پرۆسەی گۆڕاندا

بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) پابەندبوونی حکومی لە ئاست پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی گرتنەبەری ئەو رێوشوێنانە دەخوازێت کە کەفیلە بە بەدامەزراوەییکردنی پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی لە زۆرێك لە دامەزراوە پیشەییکان بە گەشەپێدان و تێکەڵکردنی هاوڵاتیانی هەردوو رەگەز تێدا و لەمیانەی ناسینەوەی دامەزراوەگەلێکی سەربەخۆ کە بەشداریدەکات لە بەهێزکردنی پێگەی ژنان، سەرەرای بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدان) لیستەکە و پاڵپشتیکردنی بە داهات و دەسەڵاتی پێویست. هەروەها بنیاتی دامەزراوەیی و هونەری ناو دەوڵەت و پێکهاتە جیاوازەکانی دەخوازێت بۆ وەرگێرانی پابەندبوونەکە بۆ سیاسەتێکی پشتپێبەستراو و میتۆدی کارکردن لە هەموو کەرتەکان و واقیعی بەرجەستەیی لە ژیانی پیاوان و ئافرەتان لە کۆمەڵگەدا. بۆ مسۆگەرکردنی سەرخستنی ئەم رێرەوەش، دەبێت پشتببەسترێت بە دامەزراوەگەلێك کە ئەرکەکانیان

برەودان بە وێنەگەلێکی ڕاستی بۆ ڕۆڵەکانی ژنان لە خێزان و کۆمەڵگەدا لە نێوانیشیاندا وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان لە هەرێمی کوردستان.

٦. ١. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستەلاَت و داهاتی دارایی ومرۆیی گونجاوی هەبێت

٦. ٢. ڕەشنووسێك بۆ چوارچێوە و ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەکردنی جۆری کۆمەلآیەتی لە وەزارەتە جیاوازەکاندا.

٦. ٣. پرۆگرامی تێکەلکردن و بەدامەزراوەیکردنی جۆری کۆمەلآیەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی تواناگەلێك لە هەموو وەزارەتەکاندا.

٦. ٤. پلانێکی میدیایی پشتپێبەستراو کە بنەماکانی یەکسانی و لابردنی جیاکاری دژ بە ژنان و بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتی بەهێزبکات

## ٥. دەستتێوەردانە ستراتیژییەکان

لە سەر بنەمای بنیاتی ستراتیژییەتەکە، پەرە بە ڕیزکراوەی ئەنجامەکان و ئاماژە[١٤] گونجاوەکان دراوە، کە وێنەی دەستتێوەردانە ستراتیژییەکان بۆ پەرەپێدان و بەتواناکردنی ئافرەتان، دەکێشێت ، هەروەها بیرۆکەیەی لەسەر لایەنەدەستتێوەردەرەکان دەبەخشێت، واش چاوەڕواندەکرێت ئەم ڕیزکراوانە وێنەی چوارچێوەی بنچینەیی بێت لە دیدی بەرێوەبردندا کە تەرکیز لە سەر ئەنجامەکان دەکات، بەلاَم واش چاوەڕواندەکرێت وردبینی تێدا بکرێت لە کاتی پەرەپێدانی پلانی کاری هەموو کەرتێك لە وەزارەتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوبەشەکانی تر بۆ مسۆگەرکردنی وردیی و گونجاندن (تکییف) و موڵکدارێتی کە ئەمیش لای خۆیەوە پابەندبوون بە داوپێدان و جێبەجێکردن مسۆگەردەکات.

کارەکانی تێڕوانینی تەواوی (متکامل)یش بۆ پەیڕەوی بەتواناکردن و بنیاتە ستراتیژییەکەی دەستێوەردان لە سەر چەند ئاستێك دەخوازێت کە دەکرێت بەم شێوەیەی خوارەوە پوختیانبکەینەوە:

### ٥. ١. لەسەر ئاستی یاسادانان و سیاسەتەکان

**دانانی بناغە و چوارچێوەی پێویست بۆ بەدامەزراوەکردنی بنەماکانی جیاکارینەکردن و یەکسانی:** لە پێناو دروستکردنی گۆڕانکاری لە ئاراستە و پراوەکان و ڕێگرتن لە ڕوودانی جیاکاری و توندوتیژی لە ڕێگای دەستتێوەردانی داکۆکیکردن و چاکسازییە یاساییەکان لە دەرکەوتنی ئاماژە سەرەتاییەکان و ئاشکراکردنی پێشوەختی پراوە نەگەتیڤەکان و دەستتێوەردان بۆ نەهێشتنی پێش زیادبوونی کێشەکە و پێشەوایيکردنی کەمپەینەکانی هۆشیارکردنەوە بۆ جەماوەری گشتی و گروپە بەئامانجکراوە پەیوەندیدارەکان.

---

[14] Matrix of results and indicators هاوپێچی (١)

### ٥. ٢. لەسەر ئاستی سەرچاوەکان

کارکردن بۆ دابینکردن یان باشکردنی ژێرخان و سەرچاوە پێویستەکان بۆ گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆ دەستە بە ئامانجکراوەکان و بەتایبەتیش لاوازکراوەکان ئیتر ئەو شتە تایبەت بێت بە خوێندن یان تەندروستی یان شوێنی کارکردن بێت لەگەڵ جەختکردنە سەر ئەو ناوچانەی کە لە ڕووی جوگرافییەوە دابڕاون و زیاتر پێویستییان هەیە هەروەك ناوچە گوند نشینەکان.

### ٥. ٣. بنیاتنانی توانستە دامەزراوەیی و هونەرییەکان (تەنیکیکیەکان)

بەدیهێنانی زۆربەی ئەنجامەکانی ستراتیژییەتەکە دەستتێوەردان دەخوازێت کە دابینکردنی سەرچاوە دارایی و مرۆییەکان، ئامرازەکان و میتۆدەکان، ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانا و لێهاتوویی لەخۆدەگرێت، لە پێناو پەرەپێدان و جێبەجێکردنی پلانی کارەکانی ستراتیژییەتەکە لەسەر ئاستی هەموو کەرتە پەیوەندیدارەکان و یەکەمینیشیان ئەو دەزگایەی کە پەیدەندیدارە بە پرسەکانی ژنان و بەپشتبەستن بە بەڕێوەبردنی چڕوپڕ لەسەر ئەنجامەکان، میتۆدی تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلان و بودجە و میتۆدی مافەکانی مرۆڤ لە پرۆگرامکردندا.

### ٥. ٤. پەرەپێدانی پلانە کەرتییەکان لەگەڵ وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکە

لەگەڵ شەونخوونی لەسەر تەبەنی کردنی هەر کەرتێك لە ئامانجەکان و بنەماکانی ستراتیژییەتەکە و مسۆگەریی تێکەڵکردنی مافەکانی ژنان لە ئەجەندای کارکردنی پەیوەست بە یەکسانی و مافەکانی مرۆڤ و گەشەپێدان ئەمەش بەهێزکردنی هاوکاریکردنی نێوان هەموو دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان دەخوازێت لە سەرانسەری هەرێمی کوردستاندا.

### ٥. ٥. بنیاتنانی هاوپیەمانی و تۆڕگەلێك لە پێناو پشتیوانی و هاوکاریکردندا

پێویستە پرۆسە چاکسازییەکان پاڵپشتی بکرێت بە کەمپەینی پشتگیریکردن و چۆنێتی ئاراستەکردنی جەماوەری فراوان بە گشتی و دەستە بە ئامانجکراوە پەیوەستدارەکان بە شێوەیەکی تایبەتی، بە ئامانجی ڕوونکردنەوە و پرسیارکردن لە پرسە هەستیارەکان و سووککردنی بەرهەڵستکاری ڕاستەقینە یان ئەوانەی کە ڕەنگە ببێت بەبەرهەڵستکار لەلایەکەوە، و بۆ پێکهێنانی گروپی فشار لە لایەکی ترەوە لە لایەن ئەو ئافرەت و پیاوانەی کە لە داهاتوودا دەبنە خاوەن ماف، ئەرکی سەر شانیانە کە داوای بکەن. ئەم هەوڵەش پێویستە ڕەنگبداتەوە لە پێناو ئامادەکردنی ژینگەیەکی یاسایی و دامەزراوەیی گونجاو کە لەداهاتوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوبەشەکانی لە دامەزراوە پەیوەندیدارە هەرێمیی و نیشتمانیی و نێودەوڵەتی، بەتوانادەکات لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و بەدیهێنانی ئەنجامەکانی تایبەت بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان پیاوان و ژنان لە هەرێمی کوردستاندا، لە ڕێگای لابردن و هەموارکردنی ئەو یاسانەی کە هاندەرن یان جیاکاری دژ بە ئافرەتان دەچەسپێنێت و یاسایاگەلێك دادەڕێژێت کە ئافرەت لە سووڕی ژیانیدا دەپارێزێت لە هەر جۆرێك لە جۆرەکانی جیاکاری بە شێوەیەك کە گونجاوبێت لەگەڵ پابەندبوونە نێودەوڵتییەکانی عێراق.

# ٤. میکانیزمە دامەزراوەییەکان بۆ

# جێبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

# چوارەم: میکانیزمە دامەزراوەییەکان بۆ جێبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

## ١.   میکانیزمە دامەزراوەییەکان لە پێناو جێبەجێکردن، چاودێریکردن و هەڵسەنگاندن

بەرپرسیارێتی سەرەکی لە پرۆسەکانی چاودێری و هەڵسەنگاندندا لە پسپۆریی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەبێت و دواتریش نەخشە و پەرەپێدانی پلانێکی کار بە درێژیی ئەنجامدەدرێت کە مەودا و سنوورێکی زەمەنیی بۆ چالاکییەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لە هەموو ئاستەکاندا (دەرهاویێشتەکان و ئەنجامەکان و گاریگەری)، دەگرێتەوە، کە لە ئەنجامی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکەوە کەڵەکە دەبێت. هەروەها دەستنیشانکردنی رێگاکان و میتۆدەکانی چاودێری و بەدواداچوون لە لایەك و میتۆدەکانی هەڵسەنگاندن لە لایەکی ترەوە، لە ئارادا هەیە.

لە میانەی پرۆسەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیشەوە کۆمەڵێك راپۆرتی دەوری بە قۆناغەکانییەوە پێشکەشدەکرێت کە وێنەیەکی تەواو دەبەخشێت لەبارەی مەودای پێشکەوتنی ئەنجامدراو لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە، لێرەشدا راپۆرتە دەوری و راپۆرتەکانی بەرەوپێشچوون رۆڵی دەبێت لە ئاراستەکردنی جێبەجێکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانجە بەئامانجکراوەکان بە شێوەیەکی زۆر ووردتر، هەرچی راپۆرتەکانی هەڵسەنگاندنی  نیمچە قۆناغیی و کۆتاییەکان کە هەڵسەنگاندنی بەجێهێنان و هەروەها بڕ و رێژەی سەرکەوتن لە بەدیهێنانی ئامانجەکان لەخۆدەگرێت، ئەمەش یارمەتی دانانی ئەولەوییاتە داواکراوەکان و گرێدانییەتی بە کات و لەباریی و بەردەوامێتی و کارایی و کاریگەری دەرەنجام  لە پرۆسەی جێبەجێکردندا، دەکات.

### ١.١. ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان وەك بنچینەیەك (مەرجەعێك) دامەزرا، کە گرنگی بە کاروباری ژنان لە هەرێمی کوردستاندا بدات، و کاردەکات بۆ پەرەپێدانی واقیعی ژنان بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ لایەنە فەرمییەکان، و رێکخراوە ناحکومییەکان، و رێکخراو و دەستە هەرێمیی و نێودەوڵەتیەکانی پەیوەندیدار، و ئامادەکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی سیاسەت و بەرنامە و یاساکان کە پەیوەندیدارن بە پرسەکانی ئافرەتان و مافە مرۆییەکان و مافی گەشەپێدان بە شێوەیەکی گشتی. ئەم دەزگایەش پێویستی بە پاڵپشتی سیاسی گەورەتر هەیە لە میانەی پەرەپێدانی توانا مرۆیی و دارایی و هونەرییەکانی لە پێناو کارکردن لەسەر ئامادەکردنی سیاسەتە گشتیەکانی هەرێم بۆ دژایەتیکردنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان و بەدیهێنانی یەکسانی تەواو لەگەڵ پیاودا.

دەستوری عێراقی وپرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان و هەموو رێکەتننامەکان و کەرەستە یاساییە نێودەوڵەتییەکان، کە دەوڵەتی عێراق پەسەندی کردوە بووەتە باکگراوندێکی پشتیوانییانە بۆ کاری ئەنجومەنی باڵا و ئاسانکردنی ئەدای ئەرکەکانی پێکدەهێنێت، لە پێناو چەسپاندنی بنەمای جیاکارینەکردن بە هیچ هۆکارێك و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان ژنان و پیاوان. پشتیوانی حکومەتیش بۆ ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان داناپێدانان و لەئەستۆگرتنی ئەو بەرپرسیارێتییە پێکدەهێنێت کە پێویستی بە وێنەکێشانی سیاسەت و ستراتیژییاتی پێویستە لە پێناو تێکەڵکردنی ژنان لە پرۆسەی گەشەپێدان و بەدیهێنانی بەشدارییەکی کارا لە بەرنامەکانی گەشەپێدان و  ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری  و بەتواناکردنی لە سوودوەرگرتن لە هەموو مافە مرۆییەکانی لە هەموو بوارەکان بە شێوەیەکی هاوتا لە گەڵ پیاودا.

لەوانەشە کارەکان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و بەدیهێنانی ئەنجامەکانی، میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی کردنێك بخوازێت کە توانای یەکخستنی هەوڵەکانی هەموو ئەو دامەزراوانە هەبێت کە بەشداردەبن لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە جا ئەگەر دامەزراوەی حکومی بێت یان ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکان بێت یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە کار لە بوارەکەدا دەکەن، سەرەڕای ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕەنگە ڕۆڵێکی چالاك ببینن لە بواری پێشکەشکردنی پشتیوانی هونەری و دارایی.

### ١.٢. ڕۆڵی کەرتە حکومییەکان

سەرباری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، کەرتگەلێکی وەزاریی دیکەش لە داهاتوودا دێنە ناوەوە چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە پێناو هەڵسانەوە بە پرسەکانی ئافرەتان و چەسپاندنی مافەکانی و نەهێشتنی جیاکاری لەسەر بنەمای جۆری کۆمەڵایەتی بە شێوە جیاوازەکانییەوە، بە گوێرەی بواری پسپۆری هەر کەرتێك. پلانی کەرتییش بە ڕێوشوێنێکی پێویست دادەنرێت نەك تەنها لە رووی پسپۆری یان ئەرکەوە بەڵکو بۆ گرنگی تێکەڵکردن و تەبەناکردنی پرسەکە بە شێوەیەکی روون لە رووی بنەماکان و ئەو ئەنجامانەی کە چاوەڕواندەکرێت بەدیبێت لەگەڵ تەرخانکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن. لەم بوارەشدا دەکرێت بەشداریی بە ژمارەیەکی دیاریکراو لە وەزارەتەکان و دەستە نیزامییەکان بکرێت بە گوێرەی بوارە جیاوازەکانی گرنگیپێدانی سەرەکی کە دەستنیشانکراوە و ڕێککەوتنی لەسەر کراو.

لە پاڵ وەزارەتەکان و دەستە فەرمییەکاندا، ژمارەیەك لە دامەزراوەکان و ڕێکخستنەکان هەیە کە دەکرێت دەستنیشانبکرێن تا ڕۆڵی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆیان هەبێت لە بەشداریکردن لە جێبەجێکردن و دەستتێوەردان بۆ پاراستنی مافە مرۆیی و یاساییەکانی ئافرەتان کە لەوانەشە بتوانرێت لە جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکەدا، تێبپەسرتێت، وەك لیژنە نیشتمانییەکان یان لیژنە هەرێمییە ڕاوێژکارییەکان کە کار دەکەن لە ژمارەیەك لە بوارەکانی گەشەپێدان وەك پارەستنی مافەکانی مرۆڤ ،و دانیشتووان و تەندروستی بەرهێنان، نەهێشتنی نەخوێندەواری، نەهێشتنی بێکاری و هەژاری و پەراوێزکردن، تواناسازی ئابووری و قەرزەکان، پشتیوانی بەگەڕخستنی گەنجان.

### ١.٣. ڕۆڵی ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان

لەبەر گرنگی بەشدابوونی نیوێنەرانی ئەم ئەنجومەنانە (پەرلەمان و ئەنجومەنی پارێزگا) لە ڕێڕەوی دانان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە، لە قۆناغەکانی داهاتوودا، ئەم دەستپێشخەرییانە کاریگەرییەکی دەبێت کە پاڵپشتی لە بەدیهێنانی ئەنجامەکانی ستراتیژییەتەکە دەکات و ڕوونیشە کە ئەم بەشداریکردنە نیاشنەی ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەیە کە دەکرێت ئەو دەستانە (هیئات) هەروەك پەرلەمان و ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان ئەنجامی بدەن، بە تایبەتیش لەڕووی ورووژاندنی گفتوگۆ دەربارەی پرسە گرێدراوەکان بە ئافرەتانەوە بە شێوەیەکی گشتی و ئەمەش بە ئامانجی پاڵپشتی چاکسازییە پێویستەکان و دەرکردنی یاسای گونجاوی زیاتر لە میانەی هەموارکردنی حوکمە یاساییە پەیوەندیدارەکان بە نەهێشتنی جیاکاری و بەدیهێنانی یەکسانی. لەسەرووی ئەمەشەوە دەستە هەڵبژێردراوەکان وبەتایبەتیش پەرلەمان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت سەبارەت به

پشتبەستن بەستراتیژییەتەکە و پلانە کەرتییەکانی، سیاسەت و ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان و پشتیوانیکردنی هەموو ئەمانە بە تەرخانکردنی بودجەی پێویست.

## ١. ٤. ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی

ئەزموونە نێودەوڵەتی و هەرێمیی و نیشتمانییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، زیندوویی ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنییان سەلماندووە لە پرۆسەی تواناسازی و مسۆگەرکردنی بەردەوامبوونیان و چاودێری بەرەنگارییەکانیان و بەدواداچوونی شوێنپێیەکانیان و کاراکردنی ڕۆڵی ئافرەتان وقوولکردنەوەی هۆشیارییان بە مافەکانیان، بەدواداچوونی بڕیارەکانی دەوڵەت و پێکهێنانی گروپەکانی فشاری کاریگەر و بەردەوامیدان بە میتۆدی ڕەخنەگرتنی بنیاتنەر و لێپرسینەوەی بابەتییانە. لەم چوارچێوەیەشدا، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و خودی ژنان خۆیان ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە هەر شوێنێك بێت لە ڕووی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیای بە مافەکانی و بەتواناکردنی لەداواکردنیاندا وەك ئەرکێکی سەرەکی لەبڕوابوونییەوە بە پێویستی کارکردن لە پێناو بەدیهێنانی دادوەری و یەکسانی و ئازادبوون لە فشاری کەلتووری کۆنی باوی میراتهەڵگری دواکەوتن و لە وەرگرتنی شارەزایی نوێ و چەسپاندنی بڕوابەخۆبوون و بە تەنگەوەهاتن لەسەر ئەنجامدان و سەرکەوتندا.

بۆ هەڵدان بۆ بەدیهێنانی کارابوونی زیاتری ڕۆڵی بزوتنەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنرێت لە پاراستنی مافەکانی ئافرەتان و داکۆکیکردن لێیان و داواکردنی کارکردن بۆ بەدیهێنانی یەکسانی ڕاستەقینە، پێویستە ئەم ڕۆڵە لەم خالأنەی خوارەوە دەستنیشانبکەین:

- بەشداریکرن لە داڕشتنی بەرنامەکان و چالاکییەکانی هۆشیارکردنەوە وکەمپەینەکانی داکۆکیکردن.
- پێکهێنانی تۆڕەکان و هاوپەیمانێتییەکان لە پێناو چاکسازی و گۆڕان و پرسەکانی داکۆکیکردن.
- بەشداریکردن لە گفتوگۆی پەیوەست بە کارەکانی پێشنیارە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەندیدار بە ڕێککەوتننامەی پەیوەند بە نەهێشتنی هەموو جۆرەکانی جیاکاری دژ بە ژنان.
- بەشداریکردن لە بەخێوکردنی (تکفل) ئەو ئافرەتانەی کە مافەکانیان زەوتکراوە بە مەبەستی ئامادەکرنیان و خود بەتواناکردنیان بۆ داواکردنەوەی مافەکانیان.
- تێکەڵکردنی بابەتە پەیوەندیدارەکان بە هاولأتیبوون و یەکسانی لە مافەکان لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا.
- کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی پرۆژە دراوپێدراوەکان (ممولە) لە لایەن دەوڵەتەوە یان ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانەوە و بەتایبەتییش ئەوانەی کە بوارەکانی تواناسازی ئابووری و پشتیولنی قەرزی بچووك و نەهێشتنی نەخوێندەواری ...هتد، دەیانگرێتەوە.

## ١. ٥. ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەکان

ڕۆڵی دەزگاکانی ڕاگەیاندن گشتی بێت یاخزد تایبەتی، و بەجیاوازی شێوازی دەربڕینی و هەمەچەشنی جۆرەکانییەوە ڕۆڵێکی جەوهەری دەبینێت لە دژایەتیکردنی ئەو جیاکارییانەی کە لە بەها و مافە مرۆییەکانی ژنان کەمدەکاتەوە و برەو بە کەلتوورێکی جیاوازتر دەدات لەوەی کە لە ئێستادا لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵگادا، هەیە. خێزانی ڕاگەیاندنیش بە هاوبەشێکی سەرەکی دادەنرێت لەگەڵ هاوبەشەکانی تر بۆ کارەکانی ستراتیژییەتەکە هەروەها ڕاگەیاندکارەکان (ژنان و پیاوان) لە بەئامانجکراوەکان دەبن لە بواری پاڵپشتیکردنی تواناکانیان و

بەشداریکردنیان لە گۆڕینی وێنە کۆن و تەقلیدییە زیانبەخشەکان و کەمپەینەکانی داکۆکیکردن بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی زیاتر لە پێناو گۆڕانکاریدا.

## ٢. میکانیزمەکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

### ٢. ١. بەردەستبوونی زانیارییەکانی هێڵی سەرەکی[١٥]

پرۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە، لە کاتی دەستپێکردنی وێناکردنییەوە دەستپێدەکات لەگەڵ هەڵبژاردنی ئاماژەکان لە هێڵی یەکەمەوە لەسەر هەموو ئاستێك لە ئاستەکانی زنجیرەی ئەنجامەکاندا. دشەبێت زانیاری و داتا پێویستەکان دابینبکرێن بۆ کاراکردنی پرۆسەکانی چاودێریکردن و یارمەتیدانی ئەوانەی ستراتیژییەتەکەیان جیبەجێکردووە و بریاردەرەکان لەسەر دانانی پلانی بەدواداچوون و دڵنیابوون لە ڕێڕەوەکانی پرۆسەی جێبەجێکردن لە رێگەی ئەو راپۆرتانەی کە بەشێوەیەکی خولاو ئامادەدەکرێن، لە پێناو ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکە لە کاتی تەمەڵیکردن و خاوبوونەوە لە جێبەجێکردن لە ئەنجامی زیادبوونی ئەو مەترسییانەی کە دێتە ڕێی پرۆسەی جێبەجێکردن. هەرچی هەڵسەنگاندنە دەچێتە پرۆسەی کۆتاییەوە کە مەبەست لێی زانینی ڕێژەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ستراتیژییەتەکە و مەبەستەکانی و کاریگەرییەتی لە ژینگەی گشتیدا. بۆیە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەستنیشانکردنی ئاماژە چەندایەتیی و چۆنایەتییەکان دەخوازێت کە پێوانەی دەستکەوتە بەدیهاتووەکان دەکات لە سەر ئاستی ئامانج و ئاکام و سیاسات و بەرنامەکان.

### ٢. ٢. ژێرخانی دامەزراوەیی:

هەماهەنگی وهاوکاری نێوان ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و کەرتە حکومی و ناحکومییەکان بناغەی سەرەکی بۆ پرۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی ڕەوشی ئافرەتانی کوردستانی بە شێوەیەکی گشتی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەم ستراتیژییەتە بە شێوەیەکی تایبەتی، پێکدەهێنن.

ناکرێت هیچ ستراتیژییەتێك جێبەجێبکرێت بەبێ ژێرخانێکی ستراتیژی دامەزراوەیی کە توانای چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی دەستکەوتەکان و دەستنیشانکردنی هەڵەکانی هەبێت لەجێبەجێکردندا لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەی خوارەوە:

- پێویستیی هاوکاریکردنی کارا و شەفاف لە نێوان هەموو دامەزراوەکانی هەرێم و– بە ڕوونی و بەرپرسیارێتییەوە– و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەتایبەتیش ڕێکخراوەکانی ژنان.
- لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دەبێت سوود لە شارەزایی هونەری و ئەو دراوپێدانەی کە دەکرێت بەدەستبێت، وەربگیرێت.
- بەردەستبوونی بەڕێوەبردنێکی ژیرانە بۆ ستراتیژییەتەکە کە دەسەڵاتێکی دارایی و کارگێڕی و هونەری هەبێت، کە لەگەڵ مەترسیی و گرنگیی سراتیژیەتەکەدا بگونجێت، لەم ڕووەشەوە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان لە هەرێمی کوردستان بەرپرسە لە ئەدای ئەو ڕۆڵە.

[15] Baseline

- بنیاتنانی تواناکانی بەرپرسەکان لە جێبەجێکردن و بەدواداچوون و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی ستراتیژییەتەکە.
- پێکهێنانی لیژنەیەك لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان کە نوێنەری (ژنان وپیاوان) لە وەزارەتەکان و لایەنە پەیوەندیدارەکان لەخۆبگرێت بۆ کاراکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە بە بەشداری ژمارەیەك لە شارەزایانی هەردوو ڕەگەز.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەرکی چاودێری و هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە حکومەت یان لە کەرتی تایبەت یان کۆمەڵگەی مەدەنی.

لەسەر ئاستی جێبەجێکردنی کەرتیشدا و دوای پەرەپێدانی هەموو پلانێك و پشتبەستن پێی و سەرەتای جێبەجێکردنی، پێویستە کاربکرێت لەسەر ئامادەکردنی ڕاپۆرتە دەوری و ساڵانەکانی وەزارەت لەبارەی پرۆسەی جێبەجێکردنەوە، بۆ ئەوەی ڕاپۆرتە دەورییە گشتگیرییەکان لەبارەی ڕێڕەوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و ئەو پێشکەوتنەی بەدەستهاتووە لە تواناسازی ژنان بخرێتە بەردەست ئەنجومەنی وەزیران.

لێرەدا گرنگی هاوکاری نێوان ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و وەزارەتی پلاندانان و وەزارەتی دارایی و وەزارەتە کەرتییەکان وەك خوێندنی باڵا و پەروەردە و تەندوستی و وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت. هەروەها پێویستە لەسەر کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەدواداچوون بکەن بۆ دەستکەوتە بەدیهاتووەکان لەسەر ئەرزی واقیع و ئەمەش پێویستی بە چڕکردنەوەی گفتوگۆکانی نێوان لایەنە جیاوازەکان لەمیانی جێبەجێکردندا هەیە.

ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و هاوبەشەکانی بەردەوامدەبن لە هاوکاریکردن لەگەڵ دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە و بەتواناکردنی ئافرەتان و ڕێکخراوە نەتەوەییەکان و نێودەوڵەتییەکانی دیکە لە پێناو کاراکردن و جێبەجێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لە میانەی پشتیوانیکردنی شارازاییەکان لە بوارەکانی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دەتوانرێت لە میانەیانەوە پرۆسەی چاودێری و هەڵسەنگاندن ئەنجامبدرێت. کاراکردنی پرۆسەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن پێویستە خودی ژنان خۆیان بچنەناو پرۆسەکەوە، چ لەچوارچێوەی کاری حکومی یان مەدەنی، هەروەها پێویستدەکات تۆڕی پاڵپشتیکرنی ستراتیژییەتەکە  لە ژنان و پیاوان لەناو وەزارەتەکان چالاك و پاڵپشتبکرێت، و تۆڕەکە پاڵپشتبکرێت بە نوێنەرەکانی بزووتنەوەی ژنان و پسپۆڕەکان لە پرسەکانی جۆری کۆمەڵایەتی.

### ٢. ٣. دانانی سیستمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

هەر لەسەرەتاوە، بەدیهێنانی ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لە ستراتیژییەتەکە و دڵنیابوون لە ئەنجامەکانی و ڕەنگدانەوەی لە سەر ژنان بە شێوەیەکی گشتی، و لەبوارەکانی گرنگیپێدانی سەرەکی، بە شێوەیەکی تایبەتی، دەستکردن بە دانانی ڕیزکراوەی ئەنجامەکان و ئامانجانەی کە پێشنیاری بەرەوپێشبردن (پەرەپێدان)ان دەکرێت بەشێوەیەکی هاوتەریب لەگەڵ پەرەپێدانی ستراتیژییەتەکە، دەخوازێت. دواتر پێداچوونەوە و وردبینیکردنی لە کاتی دانانی پلانی کارەکانی ستراتیژییەتەکە بۆ هەر کەرتێك کە هەروەها پلانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ دڵنیابوون لە بەشداریکردن لە گۆڕینی ڕەوشت و چوارچێوە دامەزراوەییەکان (ئاکامەکان) و دابینکردن و باشکردنی خزمەتگوزارییەکان و پاڵپشتکردنی تواناکان (دەرهاوێشتەکان) لەخۆدەگرێت.

ئاستی بەرزی هەڵسەنگاندنیش کە تایبەتە بە مەودای کارێکردنی ستراتیژییەتەکە،حەسانەوەی ژنان و خێزان و کۆمەڵگا و گەشەپێدان وەك گشتێك (مەبەست)، پێوانەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی بۆ ڕەهەندە جیاوازەکان دەخوازێت، کە چوارچێوەی هونەری و زەمەنی بۆ ستراتیژییەتەکە تێدەپەڕێنێت و دواتریش دانانی کەرەستەگەلێکی تر وەك دامەزراندنی شوێنێکی چاودێریکردن (مرصد) بۆ بەدواداچوونی پەرەسەندنی ڕەوشی ژنان و سوودمەندبوون لە مافە مرۆییەکانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی لە هەرێمی کوردستاندا.

دانانی سیستمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنیش پێویستی بە دابینکردنی ئامرازی گونجاو هەیە وەك:

أ. داتا بەیسێك هەموو کەرتەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی زانیاری پێببەخشن.

ب. گەلاڵکردنی چوارچێوەیەکی ڕێکخراو بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی سیاسەتەکان و پلانەکانی کارکردنی پەیوەندیدار و هەڵسەنگاندنی ئەنجامەکانی.

ت. پاڵپشت لەسەر (أ) و (ب)، دەرکردنی ڕاپۆرتێکی گشتگیر لەبارەی ڕەوشی ژنان و جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤەوە و بەتوندوتیژی دژ بەژنانیشەوە، کە ساڵانە لە ئەنجامی هەڵمەتێکی نیشتمانی و لۆکاڵیدا و دواتر هەر دوو ساڵ جارێك، بلاودەکرێتەوە. هەروەها دەکرێت ئەم ڕاپۆرتە ببێتە چوارچێوەی بنچینەیی (مەرجەعی) بۆ پلانە ستراتیژییەکان لەلایەك و بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە نێودەوڵەتییەکان کە چاوەڕواندەکرێت دەوڵەتی عێراق وەك بەشێك لە پابەندبوونە نێودەوڵتییەکان (ڕاپۆرتی سیداو، کۆنگرەی بیجینگ و کۆنگرەی قاهیرە)، بەشێوەیەکی ڕێکوپێك پێشکەشی بکات، لە لایەکی دیکەوە.

لەسەر ئەو بنەمایەش چاوەڕواندەکرێت کە لە سەرەتای کارکردن و پلاندانان بۆ ستراتیژییەتەکە، سیستمی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن، ئەم ڕەگەزانەی خوارەوە لەخۆبگرێت:

- **چوارچێوەی گشتی لۆجیکی وەستاو لەسەر ئەنجامەکان:** هەر یەك لە ئاستەکانی کارتێکردن، زنجیرەی ئەنجامەکان سەبارەت بە هەر بوارێکی گرنگیپێدان و ئەولەویەت (کارتێکردن، ئاکام ودەرهاوێشتە)، دەگرێتەوە. لەناو هەر ئاستێکیشدا ئاماژەکانی پێوانەی پێشکەوتن و جێبەجێکردن (اداو) هەیە، ئەمەش هەبوونی سەرچاوەکانی زانیاری و ڕێگاکانی سەلماندن لە جێبەجێکردنەکە دەخوازێت لەگەڵ ئاوڕدانەوە لە لایەنی دارایی و میکانیزمەکانی خەرجکردن و خەرجییەکان لەسەر هەموو ئاستەکات لە سەرەتای دەستپێکردنەوە.
- **ڕێکخستن و یەکخستنی هەوڵەکان** لەکاتی جێبەجێکردن و بە تایبەتیش لەسەر ئاستی دەرهاوێشتەکان وچالاکییەکانی و ئەوەش بۆ نەهێشتنی بەریەککەوتن و دووبارەبوونەوە و دواتر بەفیڕۆدانی کات و سەرچاوەکان، دەکرێت لە بوارە پەیوەندیدارەکانی دیکەی ستراتیژییەتەکەدا، بەکاربهێنرێت.
- **یەکخستنی نموونەکانی کارکردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی بەرەوپێشچوون** لە چوارچێوەی ستراتیژییەتەکەدا بەوەی کە پشتیوانیکردن و یەکخستنی ڕێگاکانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بۆ دەرهاوێشتەکان، و ئەوانەشی کە پەیوەندییان بە چالاکیەکانەوەهەیە، لەخۆبگرێت و پشتیوانیبکات.
- **بوونی پلانی خولاو و بەردەوام** بۆ پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان لە هەموو لایەنەکان و سوودمەندەکان (هەردوو ڕەگەز) بۆئەوەی لە دواییدا بدرێتە بڕیاردەر و پلاندانەرەکان.

- **دابینکردن و دروستکردنی داتا بەیسێك** کە خزمەتی هەموو لایەن و دەوربەرەکان بکات بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانی پلاندان وەستاو لەسەر ڕاستی و بەڵگەکان و هەروەها بۆ یارمەتیدان لە نەخشەکێشانی ئاراستەکردنەکان و پلانە پەیوەندیدارەکان لە پەرەپێدانی سیستم و سیاسەتەکان وستراتیژییەتە تایبەتەکان.
- **بناغە وبنەما و پرۆتۆکۆلەکانی ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لە نێوان دەوروبەر و لایەنە پەیوەندیدارەکان** و مسۆگەریی گەیشتنی زانیاری لە کاتی گونجاو بە کەسی پەیوەندیدار، دواتریش بەدیهێنانی پرۆسەی بەیەکگەیشتن لەکاتی پلاندان وجێبەجێکردنی پێهاتە و چالاکیە ستراتیژییەتەکاندا.
- **بناغەگەلێکی زانستی بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی داتا و زانیارییەکان** و سوودوەرگرتن لەوان و لەڕاستییەکانیشدا بۆ پرۆسەی ڕێکخستنی میکانیزمەکانی جێبەجێکردن و ئەمجا ئاراستەکردنی کارەکە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجە پلان بۆدانراوەکانی لە سەر ئاستی هەرێمی و نیشتمانیدا.
- **بوونی چوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بۆ سیستمی چاودێری و هەڵسەنگاندن** و ئەوەش لە میانەی بەیەکگەیشتن و بەشداریکردن لە نێوان هەموو لایەنەکاندا.

### ٢. ٤. ئاماژەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە

دەکرێت ئەم زنجیرە ئاماژانەی خوارەوە پێشنیاربکرێت بۆ پلانی بەدواداچوون لەگەڵ شیانی (امکانیە) تاقیکردنەوە و پێداچوونەوەی لە کاتی دانانی پلانی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن ودەستپێکردنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە:

- ژمارەی کۆبوونەوەکانی لیژنەی  باڵا بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان، لیژنەی جێبەجێکردن و پێکهاتە هاوتەرییەکان لە وەزارەتەکان و دەرهاوێشتەکانی ئەو کۆبوونەوانە لە ڕاپۆرت و ڕێژەکانی بەشداریکردن.
- ژمارەی پلانە واژووکراوەکان.
- ژمارەی ئەو چالاکییانەی کە لە پلانە ساڵانەییەکاندا جێبەجێکراوە.
- ژمارەی ئەو خولانە و جۆرەکانیان کە جێبەجێکراون و ژمارەی ڕاهێنەرەکان (هەردوو ڕەگەز) بە چێی هەر کەرتێك بەو شێوەیەی کە بەرمەجەکراوە.
- ژمارەی هەڵمەتەکانی هۆشیارکردنەوەی میدیایی کە بە گوێرەی پلانەکە جێبەجێکراون.
- ژمارەی ئەو لێکۆڵینەوە و توێژینەوە و ڕاپۆرتانەی کە دەرکراون.
- هەرچی ئاماژەکانی هەڵسەنگاندنە، دەبێت ئەدا و ڕێرەوەکە پێوانەبکات و ئەو ئاماژانەشی کە بۆ ئاستە بەرزەکان دانراون دەبێت ڕێگە بدات بە پێوانەکردنی گۆڕانەکان بە بەراورد بە خواستەکانی ستراتیژییەتەکە (بگەڕێوە بۆ ڕیزکراوەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن لە هاوپێچی (١).

## ٣. میکانیزمەکانی هاوکاری و هەماهەنگی و جێبەجێکردن

### ٣. ١. چوارچێوە ومەرجەکانی پێکهێنانی میکانیزمەکان[١٦]

[16] هاوپێچی ٢

کارەکان و جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە و بەدیهێنانی ئەنجامەکانی، میکانیزمگەلێکی هاوکاری و هەماهەنگییەك دەخوازێت کە بتوانێت هەوڵەکانی هەموو ئەو دامەزراوانەی کە بەشداری پرۆسەی جێبەجێکردن دەکەن، یەکبخات، ئیتر چ دامەزراوە حکومییەکان بێت یان ئەنجومەنە هەڵبژێراوەکان یان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێت، سەرباری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وەك ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کەدەتوانن ڕۆڵێکی چالاکانە ببینن لە بواری پێشکەشکردنی پشتیوانی هونەری و دارایی. پێکهێنانی میکانیزمی هاوکاری و هەماهەنگیکردنیش دەبێت ئەم هەلانەی خوارەوە لەبەرچاو بگرێت:

- بەشداریکردنی هەموو ئەولایەنانەی کە لە ئامادەکردنی ستراتیژییەتەکە و لە پرۆسەی جێبەجێکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندندا لە چوارچێوەی ڕۆڵ و شیانی هەر دەزگایەك.
- نەرمیی نواندن لە پرۆسەی جێبەجێکردن و بەدواداچوون و دوورکەوتنەوە لەمەرکەزییەت، کە لەوانەیە پرۆسەی جێبەجێکردن پەکبخات.
- بەخاوەنکردنی (تەبەنیکردن) بەرنامەیەك بۆ بنیاتنانی تواناکانی دامەزراوە حکومییەکان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشداردەبن لەجێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکەدا لە پێناو یەکخستنی دید و چەمك و میتۆدەکان.
- لیژنەی باڵای نیشتمانی بۆ بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی و بەدیهێنانی یەکسانی نێوان هەردوو ڕەگەزەکە.
- نوسینگەی جێبەجێکردن بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان و بەدیهێنانی یەکسانی.

## ٣. ٢. لیژنەی باڵای نیشتمانی بۆ بەتواناکردنی ئافرەتی کوردستانی و بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان هەردوو ڕەگەزدا

### ٣. ٢. ١. ئەندامبوون

بەسەرکردایەتی ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، ئەم لیژنەیە لە نوێنەرانی (هەردوو ڕەگەزن)، لە وەزارەتی پلاندان، وەزارەتی دارایی، وەزارەتی ناخۆ، ئەنجومەنی دادوەری، وەزارەتی کشتوکاڵ، وەزارەتی داد، وەزارەتی تەندروستی، وەزارەتی پەروەردە، وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ، دەستەی تایبەت بە ژینگە، لیژنەی داکۆکیکردن لەمافەکانی ئافرەتان لە پەرلەمان، سەرۆکایەتی هەرێم سەرباری نوێنەرانی (هەردوو ڕەگەزن) لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

نوێنەرانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و شارەزایانی ناوخۆ لە هەردوو ڕەگەز (شارەزایانی نێودەوڵەتی ئەگەر بەشداریکردنیان پێویست بێت) بە شەریکی سەرەکی دادەنرێن، لە پێکهێنانی ئەم لیژنەیە.

### ٣. ٢. ٢. ئەرکەکان

- سەرپەرشتیکردنی گشتی لە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی ستراتیژییەتەکە.
- پەسەندکردنی پلانی کاری ساڵانە بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- دەستنیشانکردنی ئەرکی لایەنە سەرەکییەکان لە جێبەجێکردنی پلانی کارکردنەکە.
- دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ جێبەجێکردنی چالاکییەکان بەگوێرەی پلانی کارەکە.

- بەستنی کۆبوونەوەی نیو  ساڵی و ساڵانە بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە.
- بەشداریکردن لە پرۆسەی بەدواداچوون و پشتیوانیکردنی هەڵسەنگاندن بەبێ بەشداریکردن بۆ زامنکردنی بێلایەنی و بابەتێتی.
- بەشدایکردن لە دانانی ستراتیژییەکی نوێ بۆ بەتواناکردنی ئافرەتان بۆ ئەوەی لەگەڵ تەواوکردنی ئەم ستراتیژییەتە هاوکات بێت.

### ٣. ٣. نوسینگەی جێبەجێکاری تواناسازی ئافرەتان وبەدیهێنانی یەکسانی

#### ٣. ٣. ١. ئەندامبوون

ئەم لیژنەیە لە نوێنەرانی وەزارەتی پلاندانان ودارایی سەرەرای شارەزایانی ناوخۆیی پێکدێت و بەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی باڵی کاروباری خانمان سەرکردایەتی دەکات بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی کە پێی سپێردراون.

#### ٣. ٣. ٢. ئەرکەکان

- تەبەنیکردنی بەرنامەیەکی ڕاهێنان بۆ بنیاتنانی توانای دامەزراوە حکومی و ناحکومییەکان بۆ جێبەجێکردنی ستراتیژییەتەکە.
- کۆکردنەوە و بەدیهێنانی پشتگیری بۆ پاڵپشتیکردنی چالاکییەکانی ستراتیژییەتەکە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان و دابینکردنی ئەو زانیارییانەی کە پارمەتی نوسینی ڕاپۆرتە فەرمییەکان دەدەن کە تایبەتە بە ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان  و ڕاپۆرتەکانی چاودێریکردنی خولاو بۆ ئەو بەرنامە و چالاکیانەی کە دامەزراوە حکومییەکان جێبەجێیانکردوە.
- دانانی پلانی کاری ساڵانەی ستراتیژییەتەکە، پەرەپێدانی و هەموارکردنی لە کاتی پێویستدا و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی باڵای نیشتمانی لە هەرێمی کوردستان بۆ پەسەندکردنی.
- ئامادەکردنی بودجەی پێویست بۆ جێبەجێکردنی چالاکییە پلان بۆدانراوەکان لە پلانی کاردا و بەرزکردنەوەی بۆ دەستەی باڵا بۆ دابینکردنی سەرچاوەی دارایی پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی جێبەجێکردن وهەماهەنگیکردن.
- دانانی خشتەی کارەکانی لیژنەکە بە خولایی و بەرواری کۆبونەوەکانی: لیژنەی جێبەجێکردن کۆبوونەوەی مانگانە و نیو مانگی ئەنجامدەدات بە مەبەستی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی بەڕێوەچوونی ئەو کار و چالاکیانەی کە لە ستراتیژییەتەکەدا بڕیاری لەسەردراوە، لە دوای چەسپاندنیدا.
- بەدواداچوونی جێبەجێکردنی پلانی کاری ساڵانە لە چوارچێوەی پلانی ستراتیژییەتەکەدا.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی تایبەت بە جێبەجێکردن و بەدواداچوونی خولاو بۆ بەرنامە و چالاکییەکان لە چوارچێوەی پلانە کەرتییەکاندا (دامەزراوە حکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی) لە هەرێمی کوردستاندا.

### ٣. ٤. ڕێگاکانی جێبەجێکردن

- ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بەرپرسە لە جێبەجێکردندا.
- لیژنەی باڵا پلانی ساڵانە هەڵدەسەنگێنێت و واژوو لەسەر پلانەکانی داهاتوودا دەکەن.

- ڕاهێنانی تیمی ڕاهێنەران (هەردوو ڕەگەز) لە بەڕێوەبردنی چڕ لەسەر ئەنجامەکان و دەستنیشانکردنی پلانەکانی کارکردن و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن.
- هەماهەنگیکردن لە ڕێگەی لیژنەی باڵا و بەرپرسێك لە هەموو وەزارەتە پەیوەندیدارەکان (وردەکارییەکان لە بڕگەی بەدواداچوون و هەڵسەگاندا هەیە) بە بەرەوپێشبردنی پلانی ساڵانە و واژووکردنی.
- لەسەرەتای هەموو ساڵێکدا، ئەو چالاکیانە دەستنیشاندەکرێن کە بۆ هەر دەرهاوێشتەیەك ئەنجامدەدرێت لە چوارچێوەی پلانی کاری ساڵانە بۆ ئامادەکردنی بودجەکەی، دەستنیشانکردنی لایەنی پشتیوانیکەر و چۆنێتی پشتگیریکردنی بۆ دراوپێدانی پلانەکە و جێبەجێکردنی.
- هەڵبژاردنی تیمێکی دەرەکیی بۆ هەڵسەنگاندنی نیمچە کۆتایی و هەڵسەنگاندنی کۆتایی.

# کۆتایی

- **چوارچێوەی گشتی بۆ دەستتێوەردان لە پێناو گۆڕاندا**

ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ بەرەوپێشبردنی (پەرەپێدانی) ڕەوشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا، چوارچێوەیەکی گشتی فەراهەمدەکات بۆ دەستتێوەردان لە پێناو گۆڕانکاریدا، ئەمەش لە میانەی ڕێڕەوێکی ڕێك و بنیاتنراو لەسەر ڕاوێژکردن و بەشداریکردن لە قۆناغە جیاوازەکان لە نێوان لایەنە جیاوازەکان کە هاتوونەتە ناوەوە لە حکومەت و دەستە نیشتمانییەکانی دیکە یان کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە پشتگیری ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان، ئامادەکراوە.

ئەم چوارچێوەیەش وێنەی تەوەرە ستراتیژییەتەکان دەکێشێت کە ئەولەوییەتیان هەیە، لەگەڵ ئەو دەستتێوەردان و ڕێوشوێنانەی کە ڕێگە دەدات بە دانانی پلانی جێبەجێکاری لە پێناو کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی تایبەت بە خزمەتگوزارییە گونجاو و جۆربەجۆرەکان و تەجنیدی لۆکاڵی و دروستکردنی هاوپەیمانێتی لە پێناو بەشداریکردن لە گۆڕانکاری و گۆڕانی وێنە کۆنەکان و هەڵسوکەوت و ڕەوشتە زیانبەخشەکان لە لایەك و پەرەپێدانی یاساکان و سیاسەتەکان و دامەزراوەکانیش لە لایەکی ترەوە.

- **تەوەری هاوکاری وهەماهەنگی وپەیوەستبوون**

دوای پەسەندکردنی ستراتیژییەتەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانەوە و بەدەستپێشخەری ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان، لیژنەی جێبەجێکار دادەمەزرێت بۆ بەدواداچوونی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی پەرەپێدانی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی ئەرکی هاوبەشە سەرەکییەکان دەستنیشانبکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردن و پەسەندکردنی پلانە کەرتییەکان و بەدواداچوونی دراوپێدان و جێبەجێکردنی ئەو چالاکییانەی کە بەشداردەبن لە بەدیهێنانی ئەنجامەکانی ستراتیژییەتەکە، بکات.

سەرکەوتنی جێبەجێکردنی ستراتیژییەتی نیشتمانی و پلانەکانی کارکردن، بەند دەبێت بە پابەندبوونی هەموو بکەر و ئەوانەی هاتوونەتە ناوەوە بە پرۆسەی گۆڕان و پەرەپێدان و بەگەڕخستنی توانا پێویستەکان بۆ سەرخستنی ڕێڕەوی ستراتیژییەتەکە. شەونخونیش لەسەر دانانی سیستمێکی بەدواداچوون و هەلسەنگاندنی هەڵقولاو لە ستراتیژییەتی پەرەپێدانی ئافرەتان و دەستنیشانکردنی ئاستەکانی بەرپرسیارێتی و پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی گشتگیر و کەرتیی و بەهاگلێکی نوێکراو بۆ ئامارەکانی ستراتیژییەتەکە.

# هاوپێچەکان

## هاوپێچی یەکەم

## لە شیکردنەوە و دەستنیشانکردنی زنجیرەی ئەنجامەکانەوە بۆ ڕیزکراوەی ئەنجامەکان

## ڕیزکراوەی ئەنجامەکان [17]

| کاریگەری | دوای (٥) ساڵ، ئافرەتی کوردستانی بەتوانان لە سوومەندبوون لە مافە مرۆییەکانی خۆیان |
|---|---|
| **ئاکامەکان/ ئەنجامەکان** | **دەرهاوێشتەکان** |
| ١. ئاکامی یەکەم: ژینگەیەکی یاسایی ویاسادانان کە لەگەڵ بنەماکانی مافی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتیەکان یەکبگرێتەوە | دەر ١. ١. ڕەشنووسی یاساکان/ ڕێوشوێنگەلێکی پشپێبەستراو بۆ لابردنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بە ژنان |
| | دەر ١. ٢. دامەزراوە حکومیە پسپۆڕەکان ئامادەکراون لە پێناو جێبەجێکردنی یاساکان و بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان |
| | دەر ١. ٣. هاوپەیمانیگەلێکی بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە پێناو پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەکان/ ڕێوشوێنی پێشنیارکراو |
| ٢. ئاکامی دووەم: سیاسەتێکی فێرکاری چۆنایەتی پشپێبەستراو یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی پشتپێبەستراو جێبەجێبکات | دەر ٢. ١. ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ پڕکردنەوەی کەموکورتییەکان و لەبەرچاوگرتنی پێداویستییەکانی کچان لە قوتابخانەکانی کچان لە ناوچە بێبەشکراو و پەراوێزخراوەکان و بە تایبەتیش قەزا و ناحیەکان و لە گوندەکان |
| | دەر ٢. ٢. تواناکانی کادیرە فێرکەرەکان لە پێناو تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لەناو بەرنامە و منهاجەکانی خوێندندا |
| | دەر ٢. ٣. بەرنامەیەکی پەرەپێدراو بۆ تازەکردنەوەی بەشی بەشی پسپسۆڕ لە خوێندی ژنانە و جۆری کۆمەڵایەتی لە زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا |
| | دەر ٢. ٤. ئاستی هۆشیاری ڕای گشتی پشتیوانکراوە لەبارەی زۆرەملێی و خۆراییبوونی خوێندن لە ڕواگەیەکی یاسایی و مافپەروەرییەوە |

[17] Results matrix

| | |
|---|---|
| **٣. ئاکامی سێیەم: سیاسەتێك بۆ تەندروستی بەرهێنانی لە رێی قۆناغەکانی ژیان پشتپێبەستراو/ کاراکراو لە هەرێمی کوردستاندا.** | دەر ٣. ١. ئەولەوییەتەکانی بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی بەرهێنان بۆ ساڵی ٢٠١١–٢٠١٥ تازەکراوەتەوە بەوانەشەوە کە لە تێڕوانینی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤەوە |
| | دەر ٣. ٢. تواناکانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەکان پشتیوانیکراوە لە (٤) پێکهاتە لە تەندروستی بەرهێنان (بەلایەنی کەمەوە) |
| | **دەر ٣. ٣.** رووماڵکردن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەرهێنانی گونجاو لەگەڵ پێوەرەکانی رێکخراوی تەندروستی جیهانی و فراوانکراوە لە بنکەکانی تەندروستی بەرهێان |
| | **دەر ٣. ٤.** هەڵمەتێکی نیشتمانی جێبەجێکراو بۆ هۆشیاریکردنەوە و رۆشنبیرکردنی خێزانەکان و ژنان لەبارەی گرنگی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەرهێنان لە رێگای کەناڵەکانی راگەیاندن و رۆشنبیری بینراو و بیستراو و خوێندراو و تۆڕە کومەلآیەتییەکان |
| | |
| **٤. ئاکامی چوارەم: رێژەی ژنان لە بازاری کارد بەرزبووەتەوە لە ١٢,٩٪ بۆ ٢٣٪** | **دەر ٤. ١.** هەموارکردنی تەشریعات و یاساکانی تایبەت بە کار و خانەنشینی و وەبەرهێنانی پێشنیارکراوە بۆ بەخشینی حوافزی هاندەری بۆ ژنان |
| | **دەر ٤. ٢.** زیادکردنی تواناکانی ژنان و دامەزراوەکان و کۆمەڵەکانی ژنان کە لە رووی هونەرییەوە بنیاتنراوە بۆ پشتیوانکردنی چوونە ناوەوەی ژنان بۆ بازاری کار لە کەرتە گشتی و تایبەتەکاندا |
| | **دەر ٤. ٣.** توانا پەرەپێدراوەکانی ئافرەتانی گوندنشین بۆ بەتواناکردنی لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە لە سەر ئاستی دامەزراوەی و هونەرییەوە |
| | دەر ٤. ٤. هەڵمەتێکی جێبەجێکراو و هاوپەیمانێتیگەلی بنیاتنراو لەگەڵ رێکخراو و کۆمەڵە و دامەزراوە پیشەییەکان لە پێناو هاندانی ئافرەتان بۆ ئەندامبوون تیاندا و بەشداریکردن لە بەرێوبردنیاندا |
| | **دەر ٤. ٥.** زیادکردنی تواناکانی ئافرەتانی کورستانی لە بواری دابینکردنی هەل بۆ تەواکردنی خوێندی بالآ لە رێی سوودوەرگرتن لە بەرنامەی حکومەت لەبارەی بنیاتنانی تواناکان |
| | |
| **٥. ئاکامی پێنجەم: ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە پێگەکانی بریاردان و بنیاتنانی ئاشتیدا** | **دەر ٥. ١.** پاڵبشت بە بریاری ئەنجومەنی ئاسایش ١٣٢٥، رێوشوێنگەلی یاسایی و تەشریعی و ئامادەسازی کارگێڕی پێشنیارکراو بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئافرەتان لە پێگەکانی دانانی سیاسەتەکان و بریارداندا بە رێژەیەك لە ٤٠٪ کەمتر نەبێت لە ئەنجومەنە هەڵبژێردراوەکان و دامەزراوە |

| | |
|---|---|
| | حکومییەکان و لە ٤٥٪ کەمتر نەبێت لە پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا |
| | دەر ٥. ٢. توانا و لێهاتووییەکانی ژنان لەسەر خود بەتواناکردن و پێشەواییکردن بنیاتنراوە |
| | دەر ٥. ٣. ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە و لەبارەی گرنگی مافەکانیان لە پرکردنەوەی پۆستە سەرکردایەتیەکاندا، بەرزە. |
| | |
| **٦. ئاکامی شەشەم: ئەو دامەزراوانەی تایبەتن بە کاروباری ئافرەتان پشتیوانیکراوە بە داهات و دەسەڵاتەکان کە ڕێپێدەربێت بە جێبەجێکردنی کارەکانی بە کاراییەکی کاریگەرانە لە سەر گۆڕاندا** | **دەر ٦. ١.** ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستەڵات و داهاتی مادیی و مرۆیی گونجاوی هەیە. |
| | **دەر ٦. ٢.** ڕەشنووسی چوارچێوە و ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدانی و بودجەی وەزارەتە جیاوازەکاندا |
| | **دەر ٦. ٣.** پرۆگرامی تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی تواناکان لە هەموو وەزارەتەکاندا |
| | **دەر ٦. ٤.** پلانێکی میدیایی باوەڕپێکراو پشتیوانی بنەماکانی یەکسانی ولابردنی جیاکاری دژ بەژنان و بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتی و تایبەتیدا، بکات. |

## هاوپێچی دووەم

## ٢. لە ریزکراوەی ئەنجامەکان بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆڵی شەریکەکان و گرووپە بە ئامانجکراوەکان

| کاریگەری | دوای ١٠ ساڵ ئافرەتی کوردستانی بەتوانادەبێت لە سوودەرگرتن لە مافە مرۆییەکانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| **ئاکامەکان** | **دەرهاوێشتەکان** | **ڕۆڵی شەریکەکان** | **گرووپە بەئامانجکراوەکان** | **سەرچاوەی دراوپێدەر** |
| ١. **ئاکامی یەکەم: ژینگەیەکی یاسایی و یاسادانان کە لەگەڵ بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە نێودەوڵەتییەکاندا بگونجێت.** | **دەر ١. ١.** ڕەشنووسی یاساکان/ ڕێوشوێنە پشتپێبەستراوەکان بۆ لابردنی کەلێنەکانی جیاکاری دژ بەژنان و بەدیهێنانی یەکسانی پیاو – ژن | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گرووپە بە ئامانجکراوەکە | دادوەری و پارێزەران و شارەزایان<br>پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران، ڕێکخراوە مافپەروەرە ناحکومییەکان بڕیاردەرەکان لەسەر ئاستی ناوەندا. | حکومەت<br>هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان |
| | **دەر ١. ٢.** دەزگا حکومییە تایبەتمەندەکان ئامادەکراون لە پێناو جێبەجێکردنی یاسا و بڕیارەکانی تایبەت بە مافەکانی ژنان | | | |
| | دەر ١. ٣. هاوپەیمانیەتی بنیاتنراو بۆ کۆکردنەوەی پشتیوانی لە پێناو | ئەنجومەنی باڵا بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان وڕێکخراوە | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پشتبەستن بە چوارچێوە یاساییەکان/ ڕێوشوێنە پێشنیارکراوەکان | هاوبەشەکان و بە تایبەتیش وەزارەتی داد | | |
| | | | | |
| **٢. ئاکامی دووەم: سیاسەتێکی فێرکاری چۆنایەتی پشتپێبەستراو یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی پشتپێبەسراو جێبەجێبکات.** | **دەر ٢. ١.** ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراو بۆ پڕکردنەوە و ڕەچاوکردنی پێویستییەکانی کچان لە قوتابخانەکانی کچان لە ناوچە بێبەشکراو و پەراوێزخراوەکان و بەتایبەتیش قەزا و ناحیەکان و گوندەکان | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br><br>ئەنجومەنی باڵا بە هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان وڕێکخراوە هاوبەشەکان و بە تایبەتیش وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندان | کچان و ژنان<br><br>پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران<br><br>قوتابخانە و زانکۆکان<br><br>دەسەڵاتە ناوخۆییەکان<br><br>کۆمەڵەکانی ژنان و ڕێکخراوە مافپەروەرەکان<br><br>ڕاگەیاندنەکان<br><br>شارەزاکان | حکومەت<br><br>هاوبەشە نێودەوڵەتییەکان |
| | **دەر ٢. ٢.** تواناکانی کادیرە فێرکارەکان پشتیوانیکراوە لە پێناو تێکەڵکردنی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤ لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندندا. | | | |
| | **دەر ٢. ٣.** بەرنامەی پەرەپێدراو بۆ نوێکردنەوەی بەشگەلێکی پسپۆر لە خوێندنی ژنانە و جۆری کۆمەڵایەتی لە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | زانکۆ حکومی و ئەهلییەکاندا | | | |
| | | | | |
| **٣. ئاکامی سێیەم: سیاسەتێك بۆ تەندروستی بەرهێنان لە ڕێگای هەموو قۆناغەکانی ژیان پشتپێبەستراو/ کاراکراو لە هەرێمی کوردستاندا** | **دەر ٣. ١.** یەکەمینەکانی بەڵگەنامەی ستراتیژییەتی نیشتمانی بۆ تەندروستی بەرهێنان بۆ ساڵی ٢٠١١–٢٠١٥ نوێکراو لەوانەش لە هەردوو تێڕوانینی جۆری کۆمەڵایەتی و مافەکانی مرۆڤەوە | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گرووپە بە ئامانجکراوەکە<br><br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان | ژنان و پیاوان<br><br>گەنجان لە هەردوو ڕەگەزدا<br><br>پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران<br><br>سیستمی تەندروستی بە لق و پسپۆڕییەکانییەوە، پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان، شارەزایان، کۆمەڵەکانی ژنان و ڕێکخراوە مافپەروەر و پیشەییەکان (تەندروستی، ڕیکخستنی خێزان، ئەیدز ....) | حکومەت<br><br>**هاوبەشە**<br><br>نێودەوڵەتییەکان |
| | **دەر٣. ٢.** ڕووماڵکردن بە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی بەرهێنان گونجێنراوە بۆ پێوەرەکانی ڕێکخراوی تەندروستی نێودەوڵەتی پەرەپێدراو لە بنکە تەندروستییەکانی بەرهێناندا. | | | |
| | **دەر٣. ٣.** توانانی پێشکەشکارانی خزمەتکوزارییەکان بە لایەنی کەمەوە لە (٤) پێکهاتەی تەندروستی بەرهێنان، پشتیوانیکراوە | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | دەر ۳. ٤. هەڵمەتێکی نیشتمانی جێبەجێکراو بۆ هۆشیارکردنەوە و رۆشنبیرکردنی ژنان و خێزانەکان لەبارەی گرنگی خزمەتگوزاری تەندروستی بەرهێنان لە رێگای کەناڵە رۆشنبیری وراگەیاندنە بینراو و بیستراو و خوێندراوەکان و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە. | | | |
| | | | | |
| **٤. ئاکامی چوارەم: رێژەی ئامادەبوونی ژنان لە بازاڕی کاردا، بەرزبووەتەوە لە ١٢,٩٪ بۆ ٢٣٪** | دەر ٤,١. هەموارکردنەکانی تەشریعات و یاساکانی تایبەکان بە کار و خانەنشینی و وەبەرهێنان بۆ پێدانی حەوافزی هاندەرانە بە ژنان پێشنیارکراوە<br>دەر ٤. ٢. تواناگەلێك لە ژنان و دامەزراوەکان و کۆمەڵەکانی ژنان لە رووی تەکنیکییەوە بۆ پاڵپشتیکردنی چوونەناوەوەی ژنان بۆ بازاڕی کار و کەرتە تایبەت و گشتییەکان، | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە | ژنان وپیاوان<br>گەنجان لە هەردوو رەگەزدا<br>پەرلەمان، ئەنجومەنی وەزیران<br>دامەزراوە پیشەیی و راهێنەرییەکان<br>دامەزراوەکانی قەرزدان<br>کۆمەڵەکانی ژنان و رێکخراوە مافپەروەر و پیشەیی و | حکومەت<br>هاوبەشە<br>نێودەوڵەتییەکان |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | پێشنیارکراوه | وزارییه پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوه هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان | سەندیکاکان)... شارەزایان | |
| | **دەر ٤. ٣.** تواناکانی ئافرەتانی گوندنشین پەرەپێدراوه بۆ بەتواناکردنیان لە ڕووی ئابووری و کۆمەلأیەتیەوه لە سەر ئاستی تەکنیکی و دامەزراوەییدا | | | |
| | **دەر ٤. ٤.** هەڵمەتێکی جێبەجێکراو و هاوپەیمانێتی بنیاتنراو لە گەڵ ڕێکخراو و کۆمەڵ و دامەزراوه پیشەییەکان لە پێناو هاندانی ئافرەتان لە بوونە ئەندام تیایاندا و بەشداریکردن لە بەڕێوبردنیاندا. | | | |
| | **دەر ٤. ٥.** زیادکردنی تواناکانی ئافرەتانی کوردستانی لە بواری دابینکردنی هەل بۆ تەواوکردنی خوێندنەکانی باڵا لە ڕێگای سوودوەرگرتن لە بەرنامەکانی حکومەت | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | لەبارەی تواناسازیدا | | | |
| | | | | |
| **٥. ئاکامی پێنجەم: ئاستی بەشداریکردنی ژنان لە پێگەکانی بڕیاردانا لە کاتی ئاشتی و لە کاتی ناکۆکیی ودوای ناکۆکیشدا، بەرزکراوەتەوە.** | **دەر ٥. ١.** پاڵپشت بە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش ژمارە ١٣٢٥، ڕێوشوێنگەلێکی یاسایی و تەشریعی و ئامادەباشیی کارگێڕی پێشنیارکراو بۆ بەرزکردنەوەی ژمارەی ئافرەتان لە پێگەکانی دانانی سیاسەت و بڕیارداندا<br>**دەر ٥. ٢.** توانا و لێهاتووییەکانی ژنان لە خودبەتواناکردن و پێشەواییکردندا بنیاتنراوە<br>**دەر ٥. ٣.** ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگا و ئافرەتان لەبارەی گرنگی مافەکانیانەوە لە پڕکردنەوەی پۆستە سەرکردایەتییەکاندا، بەرزە. | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گروپە بە ئامانجکراوەکە<br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان | پارتە سیاسییەکان<br>ڕێکخراوە مافپەروەرییە ناحکومییەکان<br>بڕیاردەرەکان لەسەر ئاستی ناوەند<br>شارەزایان | حکومەت<br>هاوبەشە<br>نێودەوڵەتییەکان |
| | | | | |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| **٦. ئاکامی شەشەم: ئەو دامەزراوانەی کە تایبەتن بە کاروباری ئافرەتان، پشتیوانکراون بە داهات و دەسەڵاتێك کە یارمەتیدەدات بە کاراییەکی کاریگەر لەسەر پرۆسەی گۆڕاندا، ئەرکەکانی خۆی جێبەجێبکات** | **دەر ٦. ١.** ئەجومەنی باڵای کاروباری خانمان دەستەڵات و داهاتی مادی و مرۆیی و شەرعییەتی گونجاوی هەیە | وێناکردن و پلاندان لە لەسەر ئاستی هەرێم و لە هەر کەرتێکی پەیوەندیدار و دراوپێدان وجێبەجێکردن لەگەڵ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن بە گوێرەی پلانی تایبەت بە ئەنجامە وێنە بۆکێشراوەکان لە مەیداندا و کاریگەری لەسەر گرووپە بە ئامانجکراوەکە<br><br>ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان و ڕێکخراوە هاوبەشەکان واتا وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی و وەزارەتی دارایی و پلاندانان | ژنان لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیاندا و لەهەر شوێنێکدا بن<br><br>پەرلەمان و کەرتە وزارییە پەیوەندیدارەکان<br><br>پارتە سیاسییەکان<br><br>ڕێکخراوە مافپەروەرییە ناحکومییەکان<br><br>بڕیاردەرەکان لەسەر ئاستی ناوەند<br><br>شارەزایان | حکومەت<br><br>**هاوبەشە**<br><br>نێودەوڵەتییەکان |
| | **دەر ٦. ٢.** ڕەشنووسی چوارچێوە و ڕێوشوێنگەلێکی پێشنیارکراوەکان بۆ تێکەڵکردن و بەدامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی لە پلانی گەشەپێدان و بودجەی وەزارەتە جیاوازەکاندا | | | |
| | **دەر ٦. ٣.** پرۆگرامی تێکەڵکردن و بە دامەزراوەییکردنی جۆری کۆمەڵایەتی پەرەپێدراو بۆ بنیاتنانی توانای هەموو وەزارەتەکان | | | |
| | **دەر ٦. ٤.** پلانێکی میدیایی پشتپێبستراو کە پشتیوانی بنەماکانی یەکسانی و لابردنی جیاکاری دژ بە ژنان و بنەمای بەشداریکردنی ژنان لە ژیانی گشتیدا دەکات. | | | |

# هاوپێچی سێیەم

٣. لە ریزکراوەی ئەنجامەکانەوە بۆ دەستنیشانکردنی چوارچێوەی بەدواداچوون و هەڵسەنگاندن

| ئاکامەکان/ئەنجامەکان | ئاماژەکان (هێڵی بنەڕەتی) (٣) | سەرچاوەکانی دڵنیابوون (٢) | مەترسییەکان و گریمانەکان (١) |
|---|---|---|---|
| م: دوای ٥ ساڵ ئافرەتانی هەرێمی کوردستان بە توانا دەبن لە سوودمەندبوون لە هەموو مافە مرۆییەکانیان | باشبوونی ریزبەندی (عێراق – کوردستان) بە پێی رابەری جیاوازییەکانی نێوان هەردوو رەگەز لە (١٢٣) ساڵی ٢٠١٠ بۆ (٥٠) ساڵی ٢٠١٧ رێژەی دەرچوونی کچان لە خوێندنی بنەڕەتی و ئامادەیی لە ٤٩٪ بۆ ٢٥٪ دابەزیوە<br><br>رێژەی نەخوێندەواری ژنان لە ٪ بۆ(... ٪) دابەزیوە<br><br>دابەزینی تێکرای مردنی دایکان بە بەبری چارەک<br><br>دابەزینی تێکرای مردنی منالآنی خوار تەمەن (٥) ساڵ بە بەهای سێیەك لە ماوەی نێوان ٢٠١٣–٢٠١٥<br><br>دابەزینی تێکرای هەژاری لە نێوان ژنادا لە ١٠٪ بۆ ٣٪ لە | راپۆرتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان<br><br>رووپێوەکان و بنەماکانی زانیارییە (داتا بەیس) نیشتمانی و کەرتییەکان | دابینکردنی کارگێری سیاسی و کۆمەڵگەیی بۆ پاڵپشتیکردن و بەتواناکرنی ئافرەتی کوردستانی<br><br>ئاراستە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتە نیشتمانی و هەرێمییەکانی تایبەت بە مافە مرۆییەکانی ژنان<br><br>کاریگەری ئەرێنی چاوەڕوانکراو لەسەر گەشەپێدان<br><br>دابینکردنی داهاتی دارایی و مرۆیی تەواو بۆ جێبەجێکردنی ئاکامەکان و دەرهاوێشتەکانی ستراتیژییەتەکە<br><br>خراپبوونی سەقامگیری |

1) RISKS & ASSUMTIUNS

2) SOURCES OF VERIFICATION

3) BASELINE

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ماوەی کای ستراتیژییەتەکەدا<br><br>دابەزینی تێکرای بێکاری لە نێوان ژناندا لە ٣٤,٤٪ وە بۆ ١٠٪ لە ماوەی کاتی ستراتیژییەتەکەدا | | سیاسی<br><br>گۆڕینی پەیژەی ئەولەوییات لە سەر ئاستی هەرێم بە هۆکاری ناوەکی و دەرەکی |
| | | | |
